

بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، کچان ناچاردەکات بەدوای تەنورەی کورتو عەزیەی تاراددیەك قۆڵ رووتو پانتۆڵی سێچارەك بگەڕێن.

12



ئەنجومەنی ناوەند بۆ موجامەلەکردن و ئاشتکردنەوەی خەڵکانی ناڕازی دانەنراوە

9



یەکێتی "سزا"ی بەرپرسە حکومییەکانی توندتر دەکات

8


# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٤٢
پێنجشەممە
٢٠١٠/٧/٢٩
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


# دوای ٣ ساڵ، ڕێککەوتنی ستراتیژی حکومەتی یەکنەخست

## محەمەدی مەلا قادر: یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە هەر بەناوە

پ. دەستوور

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دانبەوەدا دەنێت کەرێککەوتننامەی ستراتیژی نەیتوانیوە دوو ئیدارەکە یەکبخات، دەڵێت تەنها لەئاستی وەزارەتەکاندا یەکگرتنەوە روویداوە.

محەمەدی مەلا قادر رایدەگەیەنێت کەیەکگرتنەوەی حکومەت شۆڕنەبووەتەوە بۆ خوارەوە، وتی "یەکگرتنەوەکە هەر بەناوە، بۆیە وەك هەوڵێك بۆ یەکگرتنەوەی تەواوەتی، ئێستا بڕیار دراوە ٣ قائیمقام لەئیدارەی هەولێر بنێردرێنە ئیدارەی سلێمانیو گەرمیانو ٣ قائیمقامی ئیدارەی سلێمانیش دێنە هەولێر".

وتیشی "جگەلەوەش ئێستا لەوەزارەتی ناوخۆ خەریکی ئەوەین کەئاسایش بکرێت بەیەك ئاسایش، ئیتر نازانم ئەم بڕیارە کەی جێبەجێدەکرێت".

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دانبەوەدا دەنێت کەهێشتا حکومەت بەفیعلی یەکینەگرتووەتەوە، دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا حکومەتی هەرێم حکومەتێکی سەربەخۆ نییەو حیزب دەستدەخاتە نێو کاروبارەکانیەوە، وتی "دەبوایە لەماوەی ئەم ٣ ساڵەدا ئەم کێشانە چارەسەربکرانایە، کە لەرێککەوتننامەکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ناتوانرێت ئەم کێشانە بەئاسانی چارەسەربکرێنو تائێستا هەنگاو بۆ چارەسەر نەنراوە".


لەلایەکی ترەوە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێن رێککەوتننامەکە بۆ قۆرخکردنی دەسەڵاتو سامانی وڵات بووە. ئاماژە بەو کێشانە دەکەن کە بەهۆی ئەو رێککەوتنەوە کەوتووەتەوە.

سەڵاحەدین بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت لەرووکەشدا حکومەت یەکیگرتووەتەوە، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەر دوو ئیدارە حکومەت بەڕێوەدەبات، وتی "بەئاشکرا دەبینین کارەکانی حکومەت لەسلێمانی چۆن بەڕێوەدەچێتو لەدهۆکیش چۆن بەڕێوەدەچێت".

راپۆرتێك لەلاپەڕە (٥)دا دەخوێنیتەوە



دوو ئیدارەیی لەکابینەی شەشەمیشدا بنبڕنەکرا



# هادی عەلی: دەبێت یەکگرتوو بانگەوازو سیاسەت لەیەکجیابکاتەوە

پ. دەستوور

هادی عەلی سکرتێری مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند هاوسەنگی کاری بانگخوازیو سیاسەت لەناو یەکگرتوودا تێکچووە، پێشنیازی ئەوە دەکات دامودەزگای تایبەت بەبواری بانگخوازی دروستبکرێتو ئەو دوو بوارە لەیەکجیابکرێنەوە.

هادی عەلی دەڵێت یەکگرتوو تووشی چەقبەستوویی بووە، بڕوای وایە ئەگەر لەکۆنگرەدا ریفۆرم نەکرێت، ئەوا وەك حیزبە تەقلیدییەکانی ناوچەکەی لێدێت. وتی "پێویستە پەروەردەو خێرخوازی لەچوارچێوەی دەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جێگەبکرێنەوە، لایەنی سیاسەتیش لەچوارچێوەی یاسای حیزبەکانو رێساکانی ململانێی سیاسیدا کاری خۆی ئەنجامبدات".

سەبارەت بەدەنگدانەوەی بۆچوونەکانی لەکۆنفرانسی ئەم دواییەی حیزبەکەیدا وتی "ئەوەی پێشکەشمکرد، قسەو روونکردنەوەی زۆری پێویست نییە، بەڵام لەبەرئەوەی چاوەڕوانی ئەو مەسەلەیە نەبوون لەکۆنفرانسداو موفاجەئەیەك بوو بۆ ئەوان، بۆیە هەندێ بۆچوونو هەڵوێستی جیاواز لەوبارەیەوە هەبوو، دیارە ئەوەش سروشتیەو مەرج نییە هەموو کەس هەمان راوبۆچوونی هەبێ، هەبوونی راوبۆچوونی پێچەوانەش هەر ئاساییە".

تەواوی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە ١٥دا بخوێنەرەوە.

# نزیکەی ٥٥ میگاوات کارەبای هەرێم تەنها بۆ دوو کارگە دەڕوات

کاروخ نامیق

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەی دەستوور کەوتوون، رێژەیەکی زۆری کارەبای هەرێم، بۆ چەند کارگەیەك دەڕوات لەوانە کارگەکانی چیمەنتۆی بازیانو ماسو تاسڵوجە. کەئەو کارگانە نزکین لەبەرپرسانی حیزبەکانەوە، لەکاتێکدا هاووڵاتیان تائێستاش کێشەی کەمی کارەبایان هەیە.

فازڵ کەریم بەڕێوەبەری گشتی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند "٢٥تا٣٠ میگاوات کارەبا دەدەینە کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە، ١٥تا٢٥ میگاواتیش دەدەینە کارگەی چیمەنتۆی ماس، راشیگەیاند کارگەی چیمەنتۆی بازیان خۆیان کارەبای کارگەکە دابیندەکەن".

بەڵام سەرچاوەیەکی تایبەت بەدەستوور ئاماژەی بەوەکرد کەئەو کارەبایەی دەدرێتە کارگە چیمەنتۆی بازیان نزیك لەبەرپرسانی یەکێتی، کەمتر نییە لەو کارەبایەی دەدرێتە کۆمپانیای چیمەنتۆی ماس کەبەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان خاوەنین.

ساڵانەو لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین، بڕی کارەبای هاووڵاتیان کەمدەبێتەوە، ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری دروستکردووە، بەردەوامیش بەرپرسان بەڵێنی باشبوونی کارەبا بەهاووڵاتیان دەدەن، بەڵام تائێستا کێشەی کارەبا یەکێکە لەکێشە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان.

# یەکێتی بەشداری دوو کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمیان نەکرد

دەستوور

هیچ ئەندامێکی یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمیان نەکرد، کە لەگەڵ ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامیدا.

ئەندامێکی ئەو وەفدەش لەسەر لیستی هاوپەیمانی دەڵێت هۆکارەکەی تەکنیکییە نەك سیاسی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکۆبوونەوەکانی وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەدەستووری وت "لەهەردوو کۆبوونەوەکەدا نوێنەری یەکێتی لەناو ئیئتلافەکەدا بەشداری کۆبوونەوەکانی نەکردووە، کەئەندامانی ئەو ئیئتلافە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کردوویانە".

خالید شوانی ئەندامی ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان، کەیەکێکە لەئەندامانی یەکێتی لەو ئیئتلافە بەدەستووری وت "بەشدارنەبوونمان تەنها بۆ هۆکاری تەکنیکی دەگەڕێتەوەو هیچ پەیوەندییەکی بەهۆکاری سیاسیەوە نییە".



# بۆ ساڵی نوێ لەکۆی ٣٠ هەزار دەرچوو، ١٠ هەزاری دادەمەزرێندرێت

6

# ئابوونەی حیزبی لەو پێشمەرگانەش وەرگیراوە کەخراونەتە سەر وەزارەتی بەرگری عێراق

دەستوور

بەرپرسێکی ئەمنیو ئاگادار لەو پێشمەرگانەی کەخراونەتە سەر وەزارەتی بەرگری عێراق، بەدەستووری راگەیاند یەکێتیو پارتی، ئابوونەی حیزبیان لەو پێشمەرگانەش وەرگرتووە کەخراونەتە سەر وەزارەتی بەرگری عێراق.

دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتێك لەژمارەی (٤١) دەستوور، سەبارەت بە بەردەوامبوونی بڕینی موچەی پێشمەرگە بۆ ئابوونەی حیزبی، بەرپرسێکی ئەمنی ئاگادار لەو فەوجانەی کەماوەی چەند مانگێکە خراونەتە سەر وەزارەتی بەرگری، بەدەستووری راگەیاند کەپارتیو یەکێتی موچەی ئەو پێشمەرگانەشیان بڕیوە کەخراونەتە سەر وەزارەتی بەرگری عێراق.

ئەو بەرپرسە بەدەستووری وت "ئەو دوو حیزبە لەڕێگەی کەسەکانی خۆیانەوە لەنێو ئەو فەوجانەدا کەکاری حیزبی دەکەن، هەر پێشمەرگەیەك بڕی ٥ هەزار دیناریان لێ بڕیونو کاتێك پێشمەرگەکان وتویانە بۆ چییە؟ وتویانە ئەوە ئابوونەی حیزبییە".

ئاماژەی بەوەشدا کەبڕینی ئەو بڕە موچەیە، گلەییو نارەزایی لای بەشێکی زۆر لەپێشمەرگەکان دروستکردووە، بەڵام لەترسی دوورخستنەوەیان بێدەنگبوون.

لەژمارەی پێشوودا ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە، بەدەستووری وت "رێکخستنی حیزبی لەناو لیواکاندا نییەو بەهەموو مانایەك قەدەغەیە، بەڵام هێزی پێشمەرگە هی حیزبەکانە بەتایبەتی پارتیو یەکێتی، ئەمە راستییەکە ئیتر کەیفی خۆیانە ئابوونە وەردەگرن یان نا".



# لەکارکەوتنی کارگەیەکی چیمەنتۆ، نرخەکەی لە ٤٠٪ بەرزدەکاتەوە


زانیار داقوقی

لەکارکەوتنی کارگەی چیمەنتۆی لەیلان، نرخی چیمەنتۆ بەڕێژەی لە ٤٠٪ بەرزدەکاتەوەو حکومەتیش رێگری لەبەرزبوونەوەی نرخەکەی ناکات.

عەبدولرەحمان تاڵەبانی بریکاری کارگای بلۆکی عەزەدین لەقەزای داقوق، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند "بەهۆی داخستنی کارگەی چیمەنتۆی لەیلانی سنووری پارێزگای کەرکوکەوە، نرخی چیمەنتۆ بەڕێژەی لە٤٠٪ دابەزیوە، بەجۆرێك نرخی یەك تەن چیمەنتۆ لە ١٢٠ هەزار دینارەوە بووەتە ١٧٠ هەزار دینار".

لەلایەکی ترەوە، سیروان سەڵاح بریکاری چیمەنتۆ لەداقوق بەدەستووری وت "نرخی یەك تەن چیمەنتۆ بەو هۆیەوە ٥٥ هەزار دینار زیادیکردووە".

سەرچاوەیەك لەکارگای چیمەنتۆی لەیلان بەدەستووری راگەیاند کەماوەی مانگێکە بەهۆی کەمبوونەوەی بەشە کارەبای نیشتمانی لەکەرکوك، کارگەی چمەنتۆی لەیلان لەکارکەوتووە".



# 200 کەس لەتۆمەتباران لەکوردستانن

## دادگای تاوانەکان داوای (٤٢٣) تۆمەتباری هەڵەبجەو ئەنفال دەکات

زانا ئەحمەد

لەکۆی ئەو (٤٢٣) تۆمەتبارەی کەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق داوایان دەکات لەبەرامبەر تێوەگلانیان لەتاوانی ئەنفالو هەڵەبجەدا، (٢٠٠) کەسیان کوردنو سەرۆکی تیمی پارێزەرانی دۆسیەی هەڵەبجەش ئاماژە بەوەدەدات کەدۆسیەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن داگای باڵای تاوانەکانەوە کراوەتەوەو دواتر دەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا کارەکە ئەنجامبدرێت.

گۆران ئەدهەم رەحیم سەرۆکی تیمی پارێزەرانی دۆسیەی هەڵەبجە لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەلێدوانێکیدا بۆ دەستور ئاشکرایکرد کەدادگای تاوانەکان پەڕەیەکی تایبەتی بۆ تەواوی ئەو کەسانە کردووەتەوە کەتێوەگلاون بەتاوانی ئەنفالو هەڵەبجەو بۆ ئەم مەبەستەش ناوی (٤٢٣) تۆمەتبار لەبەردەستی داگادایەو بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی کەدادگا دایڕشتووە سەرجەمیان راپێچی دادگا دەکرێن.

ئەدهەم وتی "لەکۆی ئەو ژمارەیە (٢٠٠) کەسیان لەکوردستانداننو بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت حکومەتی هەرێم هەماهەنگی دادگای تاوانەکان بێتو بێ رەزامەندی حکومەت کارەکە مەساری خۆی وەرناگرێت".

لای خۆشیەوە لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ دەستوور وتی "لەماوەی رابردوودا ئێمە لەگەڵ ژمارەیەکی تری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، سکاڵامان لەسەر ژمارەیەك کەس بەرزکردووەتەوە کەبەشداربوون لەتاوانی ئەنفالی گەلی کوردو تاوانی هەڵەبجەدا".

عەبدولقادر وتی "ئێمە پشتگیری هەر هەوڵێك دەکەین کەئەنجامبدرێت بۆ راپێچکردنی ئەو کەسانەی کە لەماوەی رابردوودا بەشداربوون لەقەڵاچۆکردنی کورددا".

# بڕیارەکانی وەزیری خوێندنی باڵا لەهەولێر جێبەجێناکرێن

عەلی بانیشاری لەهەولێر

دوو بڕیاری وەزیری خوێندنی باڵا لەهەولێر جێبەجێناکرێنو ئەو هەوڵەشی وەزیری خوێندنی باڵا بۆ گواستنەوەی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی دهۆکیدا بۆ قەزای چەمچەماڵ شکستیهێنا.

د. دلاوەر عەلادین وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەماوەکانی رابردوودا چەند بڕیارێکی دەرکرد کەدیارترینیان ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەك بوو، لەزانکۆو کۆلێژەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ کام لەو بڕیاریانە جێبەجێنەکراون.

لەبڕیارێکی وەزیری خوێندنی باڵادا هاتووە کە لەکۆی زیاتر لە ١٣کۆلێژی زانکۆی سەلاحەدین بۆ ساڵی داهاتوو، دەبێت تەنها ٤ کۆلێژ بمێنێتەوەو سەرجەم کۆلێژەکانی تری ئەو زانکۆیە بەسەر ئەو ٤ کۆلێژەدا دابەشبکرێن، بەڵام لەپاش دەرکردنی ئەو بڕیارەوە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بڕیارەکەی جێبەجێنەکردووە.

بڕیارێکی تری وەزیری خوێندنی باڵا لەبارەی گۆڕینی راگرەکانی کۆلێژو بەشەکانی زانکۆ بوو، بەڵام بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو گۆڕانکارییانە ئەو بڕیارەش رەتکرایەوەو جێبەجێنەکرا.

ئەو سەرچاوەیە بەدەستووری وت "هیچ کام لەو دوو بڕیارە لەزانکۆی سەڵاحەدین جێبەجێنەکراون".

د. ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند "لەنێوان وەزیری خویندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەدیندا هیچ جۆرێك لەدژایەتی نییەو ئەوانەشی ئەو کارە دەکەن ئێمە لێیان بەرپرس نین".

ئەحمەد دزەیی وتی "کەمکردنەوەی کۆلێژەکان بۆ ٤ کۆلێژ سیستمێکی دەرەکییەو ئێمە تائێستا جێبەجێمان نەکردووە، تەنها ئەزموونێکە بۆ ساڵی داهاتووی زانکۆ، بەڵام بوونی ٤ کۆلێژ لەزانکۆی سەڵاحەدین واتای بچوکی کۆلێژ نییە، بەڵکو لەکولێژ گەورەتر دەبێت".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەی دەستوور کەوتوون لەناو قوتابیانو مامۆستایانی زانکۆی سەڵاحەدیندا، بەتایبەت ئەوانەی لەپارتییەوە نزیکن، نارەزاییەکی زۆر لەدژی وەزیری خوێندنی باڵا دروستبووە، لەچەند لاشەوە هێرشی توند دەکرێتە سەر وەزیری خوێندنی باڵا.



دەستوور چەند جارێك پەیوەندی بە د. دلاوەر عەزیز عەلادین وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو وتەبێژی راگەیاندنی وەزارەتەوە کرد، بەڵام هیچ کام لەپەیوەندییەکان وەڵامنەدرانەوە.

# وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق، جوتیارانی کەرکوك بێبەشدەکات

زانیار داقوقی

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق جوتیارانی سنووری کەرکوکو دەوروبەری لەپێدانی ئامێری تراکتۆر بێبەشدەکات، لەکاتێکدا تەواوی جوتیارانی پارێزگاکانی عێراق ئەو ئامێرەیان وەرگرتووە.

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق پێشتر بڕیاریدابوو بەپێدانی قەرز بۆ جوتیارانی ئامێری تراکتۆرو چەندین کەلوپەلی تری کشتوکاڵی، بەڵام جوتیارانی کەرکوك لەوەرگرتنی تراکتۆر بێبەشبوون.

حەلیمە محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری بانکی کشتوکاڵی لقی کەرکوك، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لەئێستادا دەستمانکردووە بەپێدانی قەرز بۆ سەرجەم جوتیارانی سنووری پارێزگای کەرکوك، هەروەها جوتیارانی خاوەن مەڕومالات سندوقی بەخێوکەری ئاژەڵمان پێداون".

لەبارەی ئامێری تراکتۆرەوە، حەلیمە وتی "تائێستا جوتیارانی کەرکوك لەبەشە تراکتۆر بێبەشنو هیچمان پێنەداون".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کێشەی موڵکداری هەبێت، ئەوە قەرزی کشتوکاڵی نایگرێتەوەو وتی "ئاوارە گەڕاوەکانیش بەهەمان شێوە".

# یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ: گەشتی خوێندکارانی زانکۆ دوادەخرێت بۆ دوای رەمەزان

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

دکتۆر ئاراس فەریق زەینال یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خۆێندکاران، رایدەگەیەنێت کەگەشتی زانستی خۆێندکارانی زانکۆ دوادەخرێت بۆ دوای جەژنی رەمەزان، بەهۆکاری نەبوونی شوێنی حەوانەوەو گیرانی هەموو ئوتێلەکان.

لەکاتێکدا بڕیاربوو لەم هەفتەیەدا خوێندکاران گەشتی زانستی خۆیان ئەنجامبدەن، بەڵام بەهۆکاری نەبوونی شوێنی حەوانەوە لەدهۆك، دواتر دەستپێکردنی مانگی رەمەزانی پیرۆز، رەنگە ئەو گەشتە دوابخرێت بۆ دوای رەمەزان.

دکتۆر ئاراس فەریق زەینال بەدەستووری وت "ئێمە وەکو زانکۆی سلێمانی پارەو وەجبەکانی خوێندکارانو ئۆتۆمۆبێل ئامادەیە، لەبەرئەوە نۆێنەرایەتی گشتی خوێندکارانمان ئاگادارکردووەتەوە کەی شوێن هەبوو، خۆیان بڕیاریاندا بڕۆن ئێمە هاوکاریانینو هیچ کێشەیەکەمان نییە".

هەروەها وتی "ئەگەر شوێن نەبێت، بڕۆن بۆ کوێ، لەکاتێکدا نزیکەی ٤٠٠٠ هەزار خوێندکارە، لەبەرئەوە هەرکاتێك شوێن هەبوو ئەگەر پێش رەمەزان یا دوای رەمەزانیش بێت، ئەوا هەر دەڕۆن".

سەبارەت بەپێدانی پارە لەبری نەکردنی ئەو گەشتە بەخوێندکارن دکتۆر ئاراس وتی "تائێستا هیچ بڕیارێك نەدراوە کەئەو گەشتە نەکرێت، لەبەرئەوە لەسەر ئەوە رێککەوتووین کەبکرێت، بۆیە هیچ بڕیارێکی وانییە کە لەبری نەکردنی گەشتەکە پارە بدرێت بەخوێندکاران".

# سلێمانی نزیکە لەوەی ببێتە پایتەختی تەندروستی

مەعاز فەرحان

بەڕێوەبەری خۆپاراستنی سلێمانی ئاماژە بەوەدەدات کەئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی کولێرا تۆمارنەکراوە کە بەهۆی خواردنی خراپو بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە بڵاودەبێتەوە، راشیگەیاند سلێمانی زۆرترین مەرجی تەندروستی تێدایەو نزیکە لەوەی ببێتە پایتەختی تەندروستی.

رزگار عەلی بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا ئەنجامیداوە وتی "سلێمانی نەك بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆم، بەپێی هەڵسەنگاندنی تیمێکی پسپۆڕ کە لەبەغداوە هاتبوون بەباشترین شار دەرچوو کەزۆرترین مەرجی تەندروستی تێدایە، بۆیە نزیکە لەوەی ببێتە پایتەختی تەندروستی".

چاوپێکەوتنەکە لەژمارەی داهاتوودا بخوێنەرەوە.

# نابینایانی مزگەوتی گەورە دەترسن بێلانەبکرێن

## سەرپەرشتیاری مزگەوتی گەورە دەڵێت نابیناکان بێلانە نابن‌و مزگەوتەکە بەئەوانەوە جوانە

مونیرە نەسردەین‌و
ڕۆژگار جەبارو محەمەد نەجیب

مەلا نابیناکانی مزگەوتی گەورەو ئەو نابینایانەی لەو مزگەوتە شوێنێکان بۆ دابینکراوە، دەترسن بەهۆی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەوە بێلانەبکرێن. بەڵام سەرپەرشتیاری مزگەوتی گەورە مژدەی زیادکردنی دوو ژووری تریان پێدەدات‌و دەڵێت مزگەوتەکە بەئەوانەوە جوانە.

مەلا عەبدوڵڵا حەمە ئەمین یەکێك لەنابیناکانی مزگەوتی گەورە بەدەستووری وت "ئێرە شوێنی نیشتەجێبوونمانە، ئێمە لەکاتی خۆیدا دوو ژوورمان هەبووە، یەکێکیان بۆ خۆمان بووە، ئەوەی تریشیان بۆ خوێندنەوەی مەولودنامەو بۆنە ئاینییەکان‌و خوێندنەوەی قورئان، بۆیە داوامان لێکردن کەجێگامان لێتێکنەدەن، چونکە جگە لەم شوێنە جێگەیەکی ترمان نییە، بەڵام دەترسین بێلانەبکرێین".

ئەو مەلا نابینایە داوایکرد لایەنی بەرپرس لەماوەیەکی کەمدا شوێنەکەیان بۆ نۆژەنبکەنەوەو وتی "بیکەن بەدوو ژووری گەورەو گونجاو".

ئاماژەی بەوەشدا کە لەڕووی دینییەوە نۆژەنکردنەوەی مزگەوت پێویستە، بەڵام وتی "ئەگەر چاکی ناکەن با دەستکاری نەکەن".



«دوو ژووری گەنجاومان دەوێت»

فۆتۆ:ڕۆژگار جەمال

ڕۆژانە نابیناکان لەگەڵئەوەی مزگەوتەکە نۆژەندەکرێتەوە، بەڵام هەر سەردانی مزگەوتەکە دەکەن‌و لەمەمەڕو حەوشی مزگەوتەکە دەمێننەوە.

مەلا ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم نابینایەکیتر لەو مزگەوتە، وتی "ئێمە ئێستا یەك ژوورمان هەیەو ژوورەکەمان زۆر بچووکە، جێگامان نابێتەوە لەبەرئەوەی ٣٠ مەلاین، داوامان ئەوەیە ژوورەکەمان بۆ نۆژەنبکەنەوەو بۆمانبکەن بەدوو ژووری گەورە بۆ ئەوەی یەکێکیان بۆ دانیشتن‌و کۆبوونەوەی خۆمان بێت، ئەوەی تریشیان بۆ قورئان خوێندن‌و خەتمکردن‌و زیکرکردن بێت".

پێشتر ئەو ژوورە لەسەر بڕیاری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ نابیناکان کراوەتەوە، ئەو نابینایانەش داوای شوێنێکی باشترو گونجاوتر دەکەن بۆیان دروستبکرێت.

مەلا نەسرەدین کەریم وتی "شوێنێکی زۆر ناخۆشمان هەیەو ئێرە شوێنی مەلاو قورئان خوێندن نییە، بەهۆی ئەم نۆژەنکردنەوەیە زۆر کەس شوێنی نیشتەجێبوونمان نازانێت‌و نازانن ئێمە لەکوێ دانیشتووین، هیوادارین حکومەت‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕێك لەنابینایانی مزگەوتی گەورە بدەنەوە".

شێخ ماجید وتاربێژو سەرپەرشتیاری مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "پێش نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە نابیناکان ژوورێکیان بۆ دابینکرابوو ئێستاش لەژوورەکەی خۆیاندا ماونەتەوە".

سەبارەت بەمانەوەی نابیناکان لەمزگەوتەکە لەپاش نۆژەنکردنەوەی شێخ ماجید وتی "مزگەوتی گەورە جوان‌و خۆش نابێت تەنها بەبوونی نابیناکان نەبێت لەوێ، بۆیە شوێنێکی تایبەتی‌و چاکمان بۆ ئامادەکردوون لەپاش نۆژەنکردنەوە، چونکە ئەوان پێشتر یەك ژوریان هەبوو، بەڵام ئێستا من دەمەوێت سێ ژووری تایبەتیان بدەمێ".

# جوڵەی شار شێواوە

## ئەندازیاران‌و پسپۆڕان دەڵێن جگە لەشەقامی شەستی، شەقامەکانی تری سلێمانی لەبارنین بۆ ئەندەرپاس‌و بەرزەپرد

فەرمان خێڵانی

ئەندازیاران‌و پسپۆڕان دەڵێن بەهۆی تەسکی رووبەری شەقامەکانەوە کێشەی قەرەباڵغی شاری سلێمانی بەئەندەرپاس چارەسەر ناکرێت، کەپلانی دروستکردنی دانراوە.

بەمەبەستی کەماکردنەوەی قەرەباڵغی سەر شەقامەکانی ناوشاری سلێمانی، ڕۆژی دووشەممە ٧/٢٦ سیمینارێك لەسەر پێشنیازی پارێزگاری سلێمانی لەسەیرانگای نەورۆز لەسەرچنار ڕێکخرا، بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکرێت لەسەر دروستکردنی چوار ئەندەرپاس لەسلێمانی.

توانا عەلی کەمال وتەبێژی ڕۆژنامەوانی پارێزگاری سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەبەرئەوەی پێشتر شارەزایان‌و ئەندازیارانی بواری ڕێگاوبان‌و دیزاین، گلەیی ئەوەیان هەبوو کەپرس‌و ڕاوێژیان پێنەکراوە لەدروستکردنی ئەو ئەندەرپاسەی شەهید ڕەوف بەگ، بۆیە لەسەر پێشنیازی پارێزگار، ئەم سیمینارەمان ڕێکخستووە بۆ ئەوەی بەڕاوێژ لەگەڵ کەسانی شارەزاو لایەنە پەیوەندیدارەکان یەکلاییبکرێتەوە کەئەو چوار ئەندەرپاسەیتر دروستبکرێت یان نا".

چوار ئەندەر پاسەکەیتر بریتین لەئەندەرپاسی فلکەی کاوە، ئەندەرپاسی مامەڕیشەو پاڵاس کەپێکەوەن، ئەندەرپاسی فلکەی یەکگرتن‌و ئەندەرپاسی مەجید بەگ.

ئەندازیار سدیق موشیر ڕاوێژکاری پارێزگاری سلێمانی دەڵێت ئەندەر پاسی شەهید ڕەوف بەگ، قەرەباڵغی کەمنەکردووەتەوە لەبەرئەوەی دوو کێشەی هەیە، یەکەم دەبێت ئەو ئەندەرپاسانە هەموویان وەك زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوبن، بۆیە دەبێت هەموویان پێکەوە دروستبکرێن نەك ئەندەرپاسێك دروستبکرێت‌و ئەوانیتر دروست نەکرێن، وتی "بەڵکو ئەم ئەندەرپاسە قەرەباڵغیەکە دەخاتە دوای خۆی‌و بەمەش ئەگەر کێشەی قەرەباڵغی زیاد نەکات، کەمیناکاتەوە".

هەروەها وتی "کێشەی دووەم ئەوەیە کە بەپێی وتەی کۆمپانیای دیزاینکاری پرۆژەی ئەندەرپاسەکان، ئەو ئەندەرپاسە وەك نەخشە بنەڕەتییەکەی خۆی دروستنەکراوەو دەستکاری نەخشەکەی کراوە".

دوای دروستکردنی ئەندەرپاسی شەهید ڕەوف بەگ بڕیار وابوو دەستبەجێ ئەو چوار ئەندەرپاسەی تریش دروستبکرێن، بەڵام ئەو پرۆژەیە دواخراوەو بەهۆی بیروڕای جیاوازی پسپۆڕانی بوارەکەوە.

ئەندازیار سدیق موشیر ڕاوێژکاری پارێزگاری سلێمانی دەڵێت دوای چەند ڕۆژێك لەئەنجامدانی ئەو سیمینارە، بەپێی ڕاسپاردەکانی بەشداربووانی سیمینارەکە، دروستکردن‌و دروستنەکردنی ئەم ئەندەرپاسانە یەکلاییدەکرێتەوە.

شۆفێران‌و هاووڵاتیان دەڵێن گیریانخواردووە بەدەست قەرەباڵغی شەقامەکانەوە، بەجۆرێك خەریکە جوڵەی شار قفڵ دەبێت. خوازیارن بەرپرسان ئاوڕێکی جدی لەکێشەکە بدەنەوە.

ڕەنج عەبدوڵڵا شۆفێری پاسە لەهێڵی سەرچنار ـ ئەسحابەسپی، دەڵێت ناوشار بەتەواوی ناخۆشبووە، بەهۆی قەرەباڵغیەوە، وتی "پێویستە ئەم قەرەباڵغییە چارەسەربکرێت".

ئیبراهیم محەمەد دانیشتووی شاری سلێمانی، وتی "قەرەباڵغی ناوشار وایکردووە تاقەتی ئەوەم نەبێت بێمە ناوشارو پێداویستی ڕۆژانەی ماڵەوە بکرم، لەگەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکیتر دەبێ نزیکەی ٤٠ خولەك لەناو پاسدا بیت، ئەمەش جگەلەوەی کاتێکی زۆرت لێدەبات، هیلاکیشت دەکات".

ئیبراهیم وتی "زۆر گرنگە لایەنە بەرپرس‌و پەیوەندیدارەکان ئاوڕێك لەچارەسەری کێشەی قەرەباڵغی ناوشار بدەنەوەو هەوڵی چارەسەری بۆ بدەن".

ئاریان عومەر هەڵگری ماستەر لەبواری ئەندازیاری ڕێگاوبان‌و مامۆستای کۆلێژی ئەندازیاری لەزانکۆی سلێمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەندەرپاس لەسەر شەقامی سەرەکی دروستدەکرێت، لەسلێمانیشدا شەقامی سەرەکی شەستیەکەیە، بەڵام نابێت لەناو شاردا ئەندەرپاس دروستبکرێت، لەبەرئەوەی کێشەی قەرەباڵغی هاتوچۆ کەمناکاتەوە، بگرە هەندێکجار کێشەی قەرەباڵغی هاتوچۆ زیاتردەکات".

ئاریان عومەر دەڵێت لەحاڵەتێکدا دروستکردنی ئەندەرپاس چارەسەری کێشەی قەرەباڵغی ناوشار دەکات کە لەسەرجەم یەکتربڕەکانی ناوشاردا ئەندەرپاس دروستبکرێت. وتی "ئەمەش بەحکومەتی هەرێم ناکرێت، چ لەڕووی مادیەوە بێت یان لەڕووی خێرایی تەواوبوونی پرۆژەکەوە بێت".

ئاریان عومەر بڕوای وایە بەرزە پردیش لەناو شاردا کێشەی هاتوچۆ چارەسەر ناکات، میترۆش دەبێت کاتێك دروستبکرێت کەدانیشتووانی ناوەندی شارەکە لەدوو ملیۆن کەس کەمتر نەبێت. بەڵام مەرکەزی سلێمانی لەئێستادا نزیکەی ملیۆنێك کەس دەبێت.

ئاریان وتی "ئەم کێشەیە بەوە چارەسەردەکرێت کەئۆتۆمبێلی بارهەڵگر قەدەغەبکرێت لەناوشاردا، ئینجا لەچەند شوێنێکدا ئۆتۆمبێل بۆی هەبێت بوەستێت (پارك بکات)، نەك وەك ئێستا دەبینین ئۆتۆمبێلەکان لەچەند شوێنێکدا پارك ناکرێن، بەشێوەیەکی گشتی پارککردن قەدەغەنەکراوە".



# دوای باران فەرەنجیم بۆچییە!

مەعاز فەرحان

لەدوای ڕووداوەکەی ئوتێل سۆمای شاری سلێمانی، فرۆشتنی ئامێرو کەرەستەکانی سەلامەتی‌و دروستکردنی پەیژەی ڕزگاری زیاددەبێت، خاوەن پێشانگاکان‌و ئاسنگەرەکانی شاری سلێمانی ئاماژە بەوە دەدەن خەڵکێکی زۆر ڕوو لەپێشانگاکانیان دەکات بەتایبەت خاوەن بیناو باڵەخانەکان.

لیژنەی بەدواداچوونی ڕووداوەکەی ئوتێل سۆما سەرجەم باڵەخانەو ئوتێل‌و شوقەکانی سلێمانی‌و دەوروبەری ئاگادارکردووەتەوە کە لەماوەی مانگێکدا سەرجەم مەرجەکانی ئەندازیاری لەشوێنەکانی خۆیان بەجێبهێنن. کەبریتین لەدانانی ئامێری ئاگرکوژێنەوە، زەنگی ئاگادارکردنەوە، دەستکێش، بەدلە، لەگەڵ پەیژەی ڕزگاری کەپێویستە لەهەموو باڵەخانەو ئوتێلێکدا هەبێت.

خاوەن پێشانگاو ئاسنگەرەکانی سلێمانی ئاماژە بەوەدەکەن کەئەو ئامێرانەی ئەوان دەیانفرۆشن، ئەگەربێت‌و لەئوتێل‌و باڵەخانەکاندا بەکاربهێنرێن، بەهیچ شێوەیەك ڕووداوی هاوشێوەی ڕووداوەکەی ئوتێل سۆما دووبارەنابێتەوە.

هێرش فەریق خاوەنی پێشانگای هۆز لەسلێمانی ئاماژە بەوەدەدات کە لەدوای ڕووداوەکەی ئوتێل سۆماوە، بازاڕی ئەوان بەرزبووەتەوە، هێرش وتی "لەدوای ڕووداوەکەوە لە٥٪ بازاڕمان بەرزبووەتەوە تەسەوردەکەم لەئایندەدا زیاتربێت".

هێرش پێیوایە کەهەموو ئاسانکارییەك کراوە بۆ ئەوەی ڕووداوی دڵتەزێن ڕوونەدات، بەڵام خاوەن ئۆتێلەکان کەمتەرخەمن، ئەو وتی "ئاگرکوژێنەوەی لەجۆری عەرەبانەو سەقفی کە لە ٥٧ پلەی گەرمیدا خۆی دەتەقێت، ئامێری ئاگادارکردنەوەی دەستی‌و کارەبایی، دەستکێش‌و بەدلە ئەمانە بەسن بۆبەرگریکردن لەڕووداوێکی گەورە، بەڵام خاوەن ئوتێل‌و باڵەخانەکان بەس خەمی پارەیانە".

خالید موراد خاوەنی پێشانگای ئەمین، وتی "خەڵکی ڕۆژانە دێن پرسیاری ئەو ئامێرانە دەکەن کەپێشتر بەو شێوەیە نەدەهاتن".

خالید بەپێویستی دەزانێت کەحکومەت بگەڕێت بەسەر شوێنە گشتیەکاندا، چونکە بەبڕوای ئەو زۆرێك لەو شوێنانە مەرجی ئەندازیارییان نییە.

سامان حمەڕەش خاوەنی ئاسنگەری سلێمانی وتی "خاوەن ئوتێل‌و شوقەکان هاتوون بۆ لامان بۆ ئەوەی پەیژەی ڕزگاریان بۆ دروستبکەین، ئێستا خەریکی دروستکردنی پەیژەین بۆ شوقەکانی گوندی ئەڵمانی".

وەستا ڕزگار حاجی سابیر خاوەنی ئاسنگەری ژیوار بەدەستووری وت "ئەمڕۆ چەند کەسێك هاتوون بۆ لام کەپەیژەیان بۆ دروستبکەم کەبۆ بینایەکی گەورەی حکومی دەبێت".

# ڕێککەوتنی ستراتیژی، یەکێتیو پارتی ڕێکنەخست

## دوای ٣ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕێککەوتننامە ستراتیژیەکەی نێوان یەکێتیو پارتی، هێشتا سێیەکی خاڵەکانی جێبەجێنەکراون

فەرمان خێڵانی

چاودێرانی سیاسیو بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێن ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتیو پارتی، بووە هۆی پەکخستنی گەشەی دیموکراسیو قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ خۆیان، سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبەش دانبەوەدا دەنێن کەڕێککەوتنەکە زۆرێك لەئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی نەهێناوەتە دی.

٢٠١٠/٧/٢٧ سێ ساڵ بەسەر "ڕێککەوتننامە ستراتیژیەکە"ی نێوان یەکێتیو پارتیدا تێپەڕی، سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبە دەڵێن بەشێکی بەرچاوی خاڵەکانی ڕێککەوتننەکە جێبەجێ نەکراون. بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیش دەڵێن تەنها ئەو خاڵانە جێبەجێکراون کەبوون بەهۆی قۆرخکردنی دەسەڵات.

**ڕێککەوتننامەی ستراتیژی بۆچی واژۆکرا؟**

سەرەتا ڕێککەوتننەکە کە بەستراتیژی ناوبرا، نهێنی بوو، دوای سێ ساڵ ئاشکراکرا، کەچاودێرانی سیاسی گوماندەکەن ئەوە هەموو ڕێککەوتنەکە بێت.

بۆیە گوماندەکەن تەنها بۆ قۆرخکردنی دەسەڵاتو سامانی وڵاتو دابەشکردنی بێت لەنێوان خۆیاندا. پاش ئەوەی زانیان کەهیچ لایەکیان ناتوانن بەشەڕ کۆتایی بەئەوی تریان بهێنن.

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی گەر هیچیشی نەکردبێت، خۆ کۆتایی بەو ململانێیەی نێوان یەکێتیو پارتی هێناوە، وتی "لەدوای ئەو ڕێککەوتننامەیەشەوە یەکێتیو پارتی یەکهەڵوێست بوون لەمەسەلە چارەنووسسازەکانی کورد لەعێراقو لەکوردستاندا".

بانیمارانی هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەو بیانووە زۆر بێمانایە، کەدەڵێن ڕێککەوتننامەی ستراتیژی هەر هیچی نەکردبێت ئەوەی کردووە کەشەڕی ناوخۆ دووبارە نەبێتەوە، وتی "لەبەرئەوەی ئێستا ئەمریکا لەگۆڕەپانەکەدایە، بۆیە گەر ڕێککەوتنی ستراتیژیش نەبوایە، یەکێتیو پارتی هەر شەڕی ناوخۆیان نەدەکرد".

بەپێی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیەی بڵاوکراوەتەوە، دەبێت ئەو دوو حیزبە پابەندبن بەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، شەفافیەت لەبودجە، دەستوەرنەدان لەکاری حکومەتو هاوهەڵوێستی سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە لەمەڕ مەسەلە چارەنووسسازەکان.

سەڵاحەدین بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ دەستوور دەڵێت ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژیەی نێوان یەکێتیو پارتی، لەکاتی خۆیدا بۆ تێپەڕاندنی شوێنەوارە سلبیەکانی شەڕی ناوخۆ بوو، وتی "بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە بوو بەهۆی قۆرخکردنی دەسەڵاتو ئیمتیازات بۆ یەکێتیو پارتی".

بابەکر دەڵێت لەناو پەرلەماندا پرۆژەکانی خۆیان بەزۆرینەی دەنگ تێدەپەڕێنن، لەبەرامبەریشدا دەنگ بەپرۆژەکانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن نادەن، لەکاتێکدا کەڕەنگە هەندێ پرۆژەی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لەپرۆژەکانی خۆیان باشترو سوودمەندتریش بن.

سەڵاحەدین بابەکر دەڵێت لەڕووکەشدا حکومەت یەکیگرتووەتەوە، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەر دوو ئیدارە حکومەت بەڕێوەدەبات، وتی "بەئاشکرا دەبینین کارەکانی حکومەت لەسلێمانی چۆن بەڕێوەدەچێتو لەدهۆکیش چۆن بەڕێوەدەچێت".

عوسمان بانیمارانی وتی "حکومەتو یەکێتیو پارتی یەکینەگرتووەتەوەو هێشتا هەر دوو ئیدارەییە".

ئەسەسەرد وتی "پەرلەمانتاران دەبێت پابەندبن بەڕێنمایە حیزبیەکانیانەوە".

**یەکێتیو پارتی هاوهەڵوێست نین لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا**

بەشێك لەئامانجی ڕێککەوتنامەکە دروستکردنی یەکخستنی هەڵوێستی سیاسی یەکێتیو پارتییە، لەمەڕ دۆزی کورد لەدەرەوە بەتایبەت لەعێراقدا.

سەڵاحەدین بابەکر وتی "یەکێتیو پارتی لەهەندێ مەسەلەدا هەڵوێستیان یەکبووە، بەڵام لەهەندێ مەسەلەی چارەنووسسازیشدا هاوهەڵوێست نەبوون، بەو ئەندازەیەی کەڕای گشتیو ڕاگەیاندنەکانیش پێی زانیوونو بڵاویانکردووەتەوە".

محەمەدی مەلا قادر دەڵێت لەسایەی ڕێککەوتنە ستراتیژیەکەدا توانیویانە مەسەلەی نەتەوایەتیو نیشتمانیو گوتاریان یەکبخەن، وتی "لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا هاوهەڵوێست بین".

فەرید ئەسەسەرد پێیوایە یەکێتیو پارتی لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا هاوهەڵوێست بوون، بەڵام "لەهەندێ شتی جوزئیدا هاوهەڵوێست نەبووین".

وتی "پێویستە نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوە یەکبگرێتەوەو نوێنەری حکومەت لەهەر وڵاتێکدا تەنها لەپارتی یان لەیەکێتی بێت، نەك لەکاتێکداو لەهەر وڵاتێکدا دوو نوێنەری حکومەت هەبێتو بەجیا کاربکەن".

ئەسەسەرد دەڵێت دەبوو یەکێتیو پارتی خاوەنی گوتارێکی یەکگرتوو بوونایە وەك لەڕێککەوتننامەکەدا ئاماژەی پێدراوە، وتی "لەرووی ڕاگەیاندنەوە کێشە رووی نەدایە، راستە کێشەکان چارەسەرکراون، وەك کێشەکەی نێوان گۆڤاری گوڵانو ڕۆژنامەی ئاسۆ، کێشە هەر روویداوە".

**ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نەیتوانی دوو ئیدارەکە یەکبخات**

م. یوسف مامۆستای بەشی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی قەرەداغ، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هێشتا حکومەت یەکینەگرتووەتەوەو دوو ئیدارەیی هێشتا هەر ماوە، حیزب دەستدەخاتە ناو کاروباری حکومەتەوە، بەجدی کار نەکراوە بۆ گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان".

سەڵاحەدین بابەکریش وتی "دەتوانین بڵێین تا ئێستاش سێبەری حیزب بەسەر سەرجەم جومگەکانی حکومەتەوە بوونی هەیە، یەکێتیو پارتی دەستیانخستووەتە قورقوڕاگەی حکومەتەوەو وازی لێناهێنن".

ئەو دەڵێت هێشتا نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوە یەکیان نەگرتووەتەوەو یەکێتی بۆ خۆی نوێنەری دەرەوەی هەیەو پارتیش بەهەمان شێوە.

محەمەدی مەلا قادر دەڵێت حکومەت تەنها لەئاستی وەزارەتەکاندا یەکیگرتووەتەوە، یەکگرتنەوەکە شۆڕنەبووەتەوە بۆ خوارەوە، وتی "یەکگرتنەوەکە هەر بەناوە، بۆیە وەك هەوڵێك بۆ یەکگرتنەوەی تەواوەتی ئێستا بڕیار دراوە ٣ قائیمقام لەئیدارەی هەولێر بنێردرێنە ئیدارەی سلێمانیو گەرمیانو ٣ قائیمقامی ئیدارەی سلێمانیش دێنە هەولێر، جگەلەوەش ئێستا لەوەزارەتی ناوخۆ خەریکی ئەوەین کەئاسایش بکرێت بەیەك ئاسایش، ئیتر نازانم ئەم بڕیارە کەی جێبەجێدەکرێت".

فەرید ئەسەسەرد دانبەوەدا دەنێت کەهێشتا حکومەت بەفیعلی یەکینەگرتووەتەوە، دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا حکومەتی هەرێم حکومەتێکی سەربەخۆ نییەو حیزب دەستدەخاتە نێو کاروبارەکانیەوە، وتی "دەبوایە لەماوەی ئەم ٣ ساڵەدا ئەم کێشانە چارەسەربکرانایە، کە لەڕێککەوتننامەکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ناتوانرێت ئەم کێشانە بەئاسانی چارەسەربکرێنو تائێستا هەنگاو بۆ چارەسەر نەنراوە".

**کاریگەری ڕێککەوتنە ستراتیژیەکە لەسەر پرۆسەی سیاسی چی بووە؟**

د. یوسف محەمەد مامۆستا لەبەشی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی قەرەداغ وتی "بەڕاستی ئەم ڕێککەوتننامە ستراتیژیە، بووە بەهۆی پەکخستنی پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمدا، لەبەرئەوەی بواری بۆ ململانێی سیاسی نەهێشتووەتەوە لەنێوان هێزەکاندا لەسەر پرۆژەی خزمەتگوزاریو سیاسیو پەرلەمانی ناکاراکردووەو ڕۆڵی چاودێریکردنی پەرلەمانی پەکخستووە".

عوسمان بانیمارانی هەڵسوڕاوێکی دیاری بزوتنەوەی گۆڕان بۆ دەستوور وتی "ئەو ڕێککەوتنەی نێوان یەکێتیو پارتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گەلی کوردو بەسیستماتیککردنی حکومەتی هەرێمیش نەبوو، بەڵکو ڕێککەوتنی ستراتیژی حیزبیو خێزانی نێوان بنەماڵەکانی بارزانیو تاڵەبانی بووەو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئەو دوو حیزبەی هەردوو بنەماڵە ئەو ڕێککەوتنە کراوە، بۆیە ناتوانرێت ئەو خاڵانەی کە لەناو ڕێککەوتنەکەدا باسکراوە، جێبەجێبکرێت، لە (چالاککردنی حکومەتو شەفافیەتو یەکگرتنەوەی ئیدارەو خزمەتگوزاری زیاتری شارەکانو .....هتد)".

بانیمارانی وتی "ئەم ڕێککەوتننامە پارتی بەهێزکردو یەکێتی بچوککردەوەو قوربانی سەرەکی دەستی ڕێککەوتننامەکەش هاووڵاتیانی هەرێمو میللەت بوو".



# داوادەکرێت مامەڵەکردن بەنەوتەوە، لەچنگی حکومەت دەربهێندرێت

## "دۆسیەی نەوت لەدەستی حکومەت نەبێت، مەترسی ئەزموونی حکومەتی دیکتاتۆریو گەندەڵ دەڕەوێتەوە"

معاز فەرحان

داوادەکرێت دەرهێنانو داهاتو مامەڵەکردن بەنەوتەوە لەبری حکومەت بدرێتە کۆمسیۆنێکی سەربەخۆو بیلایەنو لەژێر دەستی حکومەتدا دەربهێنرێت. بۆ ئەوەی ململانێیەکان مەترسی گەورەیان لێنەکەوێتەوەو داهاتی نەوتیش شەفافبێت.

ڕێکخراوی مەسەلە کە لەبواری ئابووریدا کاردەکات، لەماوەی نێوان ٤ی ئازاری ٢٠١٠ تاوەکو کۆتایی مانگی تەممووزی ٢٠١٠، بەپاڵپشتی ئاژانسی (UNOPS)و بەهاوکاری یەکێتی ئەوروپا (EU) لەسنووری پارێزگای هەولێر کاریان لەسەر پرسی نەوتو غاز کرد بەئاراستەی (هوشیارکردنەوەو راوەرگرتن)ی هاووڵاتیان.

لەوماوەیەدا ئەو ڕێکخراوە کاری لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە، بۆی دەرکەوتووە کەململانێیەکان لەسەر نەوت چ لەناو خۆی هەرێمو حیزبە کوردستانییەکاندا، چ لەنێوان حکومەتی هەرێمو ناوەند تادێت توندتر دەبێت، بەڵکو هەندێکجاریش گەیشتووەتە ئەو رادەیەی "بۆنی خوێنی لێدێت".

ئەو ڕێکخراوە لەکۆتایی ئەو کارەیدا، رایدەگەیەنێت کەمەترسی ئەو ململانێیانە، لەکاتێکدایە کەهەردوو حکومەتی بەغداو هەولێر بەرپرسن لەو گرفتانەی کەهەیە، ئاماژە بەوەدەدەن کەمەترسی گەورە ئەوەیە کۆمەڵگا تێکەڵ بەو ململانێیە بکرێتو دەرئەنجامی "کارەساتبار"ی لێبکەوێتەوە.

عەبدوڵڵا خالید بەڕێوەبەری سەنتەری مەسەلە بەدەستووری وت "لە٢٠٠٣وە تائێستا جۆرە ناشەفافییەتێك هەیە، نازانرێت داهاتی ئەو نەوتە لەچیدا بەکاردەهێنرێت؟".

ئەو وتی "باشترین چارەسەر کەئێمە پێشنیازمان کردووە، ئەوەیە کەئەم داهاتە لەدەستی حکومەت بێتە دەرەوەو بچێتە دەستی کۆمسیۆنێك یان ئەنجومەنێك".

بەڕێوەبەری سەنتەری مەسەلە پێیوایە باشترێکە ئەو کۆمسیۆنە لەژێر چاودێری پەرلەماندا بێتو راستەوخۆ بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان کاری دەرهێنانی نەوتو مامەڵە بەنەوتەوە بکات. وتی "ئێمە لەو کارەی کردوومانە بۆمان دەرکەوتووە، کەباشترە بەشێك لەو داهاتی نەوتە راستەوخۆ بدرێت بەخەڵك، ئەویتریش شەفافەیەتی تێدا بەکاربهێنرێتو بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە".

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت ئەگەر دەرهێنانو داهاتی نەوت هەر لەژێر چاودێری پەرلەمانیشدا بێت ئەویش هەر وەك حکومەت دەکات، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی هەیە لەحکومەت هەر ئەویشە دەسەڵاتی هەیە لەپەرلەماندا.

عەدنان عوسمان پێشنیاریکرد ئەنجومەنێکی شەفاف هەبێت ئەو کارەی پێبسپێردرێتو وتی "ئەنجومەنێکی باڵای وزە هەبێت لەکوردستاندا کەهەم حکومەتو پەرلەمانو ئۆپۆزیسیۆنیش ئاگاداری وردەکارییەکان بێتو شەفانە بێت، بەشێوەیەك بێت شتی نهێنی تێدا نەبێت، بۆندو حساباتی نهێنی تێدا نەبێت".

عەدنان عوسمان پشتراستیکردەوە کەململانێیەکان لەسەر داهاتی نەوت بەشێوەیەکی فراوان پەرەیانسەندووە، گلەیی کرد کە لەدوای رووخانی حکومەتی بەعسەوە نەتوانراوە لەعێراقدا یاسایەکی نوێ نەوت دەربکرێت.

ئەو پێیوایە کە لەئایندەدا یەکێك لەکێشە هەرە گەورەکان کێشەی نەوت دەبێت، وتی "لەوانەیە مەسەلەی نەوت یەکێك بێت لەو کێشە ئاڵۆزە زۆر هەستیارانەی کە لەئایندەدا توشماندەبێتەوەو رووبەڕووی دەبینەوە".

عەدنان نیگەران بوو بەوەی کەکورد لەوەزارەتی داراییو نەوتدا لەحکومەتی عێراقدا هەیە، بەڵام تائێستا هەست بەبوونی کورد لەو دوو وەزارەتە نەکراوە. ڕێکخراوی مەسەلە بەپشتبەستن بەو دەرئەنجامانەی کەبەدەستهاتوون لەوەرگرتنی رای هەزاران هاووڵاتی لەسەر ئەو بوارە کەنەوتو غازە، رایدەگەینێت کەپێویستە "دۆسیەی نەوت لەدەستی حکومەت نەبێت (هەرێمو ناوەند) بۆ ئەوەی مەترسی ئەزموونی حکومەتی دیکتاتۆریو گەندەڵو شەڕخواز دووبارە نەبێتەوە".

هەروەها پێیانوایە کەداهاتی نەوت باشترێکە بخرێتە سندوقێکەوەو بەشێکیان راستەوخۆ بدرێت بەهاووڵاتیانی عێراق بەپێی یاسایەكو بەبێ جیاوازی نەتەوەییو تایفیو رەگەزییو تەمەن. بەشەکەی دیکەشی بۆ بواری پەرەپێدانی وڵات تەرخانبکرێت، بەڵام ئەو کارە لەلایەن کۆمسیۆنێکی سەربەخۆو لەژێر چاودێری پەرلەمانو هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەڕێوە بچێت.

تائێستا لەکوردستاندا داهاتی نەوت بەناشەفافی ماوەتەوە، بەتایبەت ئەو نەوتەی لەمەرزەکانەوە دەنێردرێتە وڵاتانی دراوسێو بەقاچاغ ناودەبرێت، ئەگەرچی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رایدەگەیەنێت کەحسابی تایبەتیان بەو نەوتە کردووەتەوە، بەڵام وەزارەتی دارایی ئەوە رەتدەکاتەوە.

ڕێکخراوی مەسەلە دەڵێت لەوەرگرتنی رای هاووڵاتیاندا دەرکەوتووە، خەڵك دەیەوێت کەپرەنسیپی شەفافییەت پەیرەوبکرێت لەبواری نەوتو سامانی سروشتیو تێکڕای داهاتەکانی ئەو بوارە رابگەیەندرێت لەگەڵ چۆنیەتی خەرجکردنی.

کەریم حەسەن سەرۆکی بەشی ئەندازیاری نەوت لەزانکۆی کۆیە، پێیوایە کەئەگەر ئەو پرۆژەیە بێتە پێشەوە کەنەوت لەدەستی حکومەتدا نەمێنێتو بدرێت بەکۆمسیۆنێکی سەربەخۆ، ئەوە دەبێ رەچاوی دوو لایەن بکرێت. ئەو وتی "دەبێت لەو حاڵەتەدا لایەنی ئاسایش لەبەرچاو بگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پرسیاری ئەوە بکرێت، ئایا پرۆژەی هاوشێوەی ئەمە لەوڵاتانی تریش کراوە تا لێرە بکرێتو سەرکەوتوو بێت".

سەرۆکی بەشی ئەندازیاری نەوت لەزانکۆی کۆیە، پێیوایە دەبێت ئەو کۆمسیۆنە بۆئەوەی سەرکەوتووبێت، داهاتی نەوت بەشێکی بۆ ئەو ناوچەیە تەرخانبکات کەنەوتەکەی لێدەردەهێنرێت، وتی "ئەو کۆمسیۆنەش دەبێت بەپێی یاساو دەستووری عێراق یان کوردستان بێت".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ رایگەیاند کە لەمەسەلەی شەفافیەت لەنەوتدا تائێستا تەنها وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەزانێت، بەڵام وتی "لەڕاستیدا ئێمە سودمەندنەبووین لەزۆرشتی نەوتدا، گرێبەستی نەوتیو هێنانی کۆمپانیاکان ئێمە کە کەسانی پسپۆڕین زۆر ئاگاداریان نین، بڕبڕەی پشتی ئابووری عێراق لە٩٧٪ لەسەرنەوتە، شتێکی سروشتیە کەململانێ لەسەرنەوت بکرێت".

عەدنان وتی "ئەگەر نەوت بەدەست کۆمەڵێك مافیاو کۆمپانیاوە بێت بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی کاربکات، ئەوە بێگۆمان نەك بەتەنها دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەرهەمدەهێنێت، بەڵکو دەسەڵاتێکی مافیای زۆر خەتەرناك لەوڵاتەکەی ئێمەدا دروستدەبێت".

توانا ئەحمەد بەرپرسی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەت پێیوایە دەرهێنانی نەوت لەژێر چنگی حکومەت، دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێتو هەروا بەئاسانی ناکرێتو کارێکی قورسە.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەت وتی "ئەوە دەبێت لەگەڵ حکومەتو وەزارەتەکانی داراییو سامانە سروشتییەکان گفتوگۆ بکرێت".

# کوشتوبڕی ڕۆمەکانی ساڵی ١٩٥٥ لەدژی کوردەکان دووبارەبووەوە

## هێرش بۆ سەر کوردەکان درێژەی هەیەو قوربانییەکانی سوپای تورکیاو قەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانیش لەهەڵکشاندان

محەمەد عەلی کەمال

نارەزاییەکی گەورەی جەماوەری بەهۆی ئەو توندوتیژیو هێرشانەی تورکیاوە بۆ سەر کوردەکانو لایەنگیری هێزەکانی پۆلیسو دژایەتیکردنی کوردەکان، درێژە دەکێشێت. لەبەرامبەر ئەوەشدا قوربانییەکانی سوپای تورکیاو قەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانیش زیاتربووە.

کوردەکان ڕووداوەکانی شارۆچکەکەیان بەقەتڵوعامەکانی شاری ئەستەنبوڵ کەساڵی ١٩٥٥دا لەدژی ڕۆمەکان ئەنجامدراوە، دەچوێنن.

دوای ئەوەی بەهۆی وتارەکانی هەریەك لەرەجەب تەییب ئەردۆگانی سەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدانو سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتەو دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی مەهەپەوە، لەبارەی ریفراندۆم لەبارەی برگە پەسەندکراوەکانی دەستووری ئەو وڵاتەوە، لەچەندین ناوچەی جیاوازی وڵاتی تورکیا هێرشکرایە سەر سەرو ماڵی هاوڵاتییە کوردەکان، هاوکات قوربانییەکانی نێو ریزەکانی سوپای تورکیاو هەروەك ژمارەو قەبارەی ئۆپەراسیۆنەکان لەهەڵکشاندان. کوردەکانیش نایانەوێت پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد ببێتە قوربانی سیاسەتی توندوتیژی تورکیا.

ڕۆژی دووشەممە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە لەشاری دیاربەکری کوردستان، شەش سەربازی سوپای تورکیا برینداربوونو لەبەرامبەریشدا سوپا ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە لەچەکدارانی پەکەکە دەستپێکرد.

هاوکاتو بەهۆی وتارەکانی هەریەك لەرەجەب تەییب ئەردۆگانو دەوڵەت باخچەلییەوە لەبارەی ریفراندۆم، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ژمارەیەك تورکی نەتەوەپەرست لەشارۆچکەی ئینەگۆلی سەر بەپارێزگای بورسا، هێرشیانکردە سەر ماڵو شوێنی کارەکانی ئەو کوردانەی لەو شارۆچکەیە نیشتەجێن، سەرەڕای ئەوەی زەرەرو زیانێکی زۆری مادیان پێ گەیاندن، چەندین کەسیش بریندارببوون.

پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە) بەهۆی ئەو ڕووداوەوە لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکەو ئەو ڕەشەکوژییەی دژی کوردەکانی شارۆچکەی ئینەگۆل ئەنجامدراوە، پێکهێناوە، کە لەپەرلەمانتارانو بەرپرسە باڵاکانی پارتەکە پێکهاتوون.

بڕیارە ئەو لیژنەیە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا ڕەوانەی شارۆچکەکە بکرێت. ئەمە جگە لەوەی بەرپرسانی پارتەکە پەیوەندییان بەوەزیری ناوخۆو پارێزگارو بەڕێوەبەری ئاسایشەوە کردووە بۆ ئاگاداربوون لەو ڕووداوانە.

سری ساکك پەرلەمانتاری بەدەپە بەماڵپەری فوراتی ڕایگەیاندووە کەگفتوگۆو بەدواداچوونەکانیان لەبارەی ئەو هێرشانەوە بەردەوامن، وتی « پێویستە هەموان بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە ڕەفتار بکەین».

سری وتی «نابێت پرسەکەمان کەچارەسەری کێشەی کوردە، بکەینە قوربانی سیاسەتی توندوتیژی».

ساکك پێیوایە بناغەی ڕووداوەکان لەوتەی بەرپرسێکی باڵای شارەکەوە دێت، کەوتویەتی ئەوانەی ئەم کارەیان ئەنجامداوە خاكو وڵاتی خۆیان خۆشدەوێت.

پەرلەمانتارەکەی بەدەپە ئاماژەی بەوەشدا ئەوان لێکۆڵینەوە لەقسەکانی ئەو بەرپرسە دەکەن، لەبەر ئەوەی بووەتە هۆی ئەوەی هێرشبکرێتە سەر کوردەکانی ئەو شارۆچکەیەو هاندەری توندوتیژی بووە.

هاوکات سەباحەت تونجەل پەرلەمانتاری بەدەپەش ڕووداوەکانی شارۆچکەکەی بەقەتڵوعامەکانی شاری ئەستەنبوڵی فاشیستەکان لەساڵی ١٩٥٥دا کەدژی




نابێت پرسەکانمان بکەینە قوربانی توندوتیژی

ڕۆمەکان ئەنجامیانداوە، چواندو ڕایگەیاند «لەڕاستیدا ئەو کلتوورە قێزەونە هی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو ئەگەر بۆ ئەو ڕووداوانە بگەڕێینەوە کە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا بوون، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەساناترین ڕووداو هەڵگێردراوەتەوەو خراوەتە چوارچێوەی کێشەی کوردو تورکەوە».

تونجەل پێیوایە ئەوە لەقەتڵوعامەکانی ساڵی ١٩٥٥ی فاشیستەکان دەچێت کەدژی ڕۆمەکان لەشاری ئەستەنبوڵ ئەنجامیاندا. ڕایگەیاند «دەستدرێژیکردن بۆ سەر کوردەکانو سووتاندنی شوێنی کارەکانیانو بەردبارانکردنی خانوو و ماڵەکانیان، ئەوە دەردەخات کەنەتەوەپەرستەکانی ئەو وڵاتە لەچ ئاستێکی نەتەوەپەرستیدان».

تونجەل وتی «لەبنەڕەتدا کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیامو وتانەی هەریەك لەسەرۆکەکانی ئاکەپەو مەهەپە داویانە، چونکە ئەو وتانە لەئاستێکدان کەدەبنە هۆی پێکدادانی نێوان هاووڵاتیان کەئەوەش زۆر ترسناکە. هەر ئەوەشە دەبێتەهۆی ئەوەی بچوکترین وتە گەورەترین پێکدادانی لێبکەوێتەوە».

لەبەرامبەریشدا حکومەتی تورکیا لەجیاتی لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە، لەسەر زاری بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆوە، ڕایگەیاند «ئەمە خۆنیشاندانی کوردەکانە بۆ تاریکی خستنەسەر ئەو ریفراندۆمەی کەبڕیارە لەسەر گۆڕانکارییەکانی دەستوور ئەنجامبدرێت».

وتی «رێگە بەو کردەوە تێکدەرانانە نادەینو ئەوانەی تێوەی گلاون دەستگیردەکرێن».

هاوکاتیش ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە لەشاری هاتای لەئەنجامی هێرشێك بۆ سەر ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس ٣ پۆلیس کوژرانو یەکێکی دیکەش بریندارببوو.

لەدوایین ڕوونکردنەوەشدا بەدەپە ڕووداو و هێرشەکانی شاری ئینەگۆل بۆ وتەکانی بەرپرسان دەگەڕێنێتەوە کە لەڕووی هەستنەکردن بەلێپرسراوێتییەوەو بەمەبەستی هاندان بۆ توندوتیژی وتارەکان دراونو پەیامەکان بەخەڵك گەیەنراون.

# ”کێشەی کورد تەنها بەدیالۆگی سیاسی چارەسەردەکرێت“

## سەرکردەیەکی پەکەکە بۆ دەستوور

ئا: فەرمان چۆمانی

پەکەکە ڕایدەگەیەنێت ئەگەر دەوڵەتی تورکیا هەنگاو بۆ سەلماندنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد بنێت، ئەوا ئەوانیش پێبەپێی ئەو هەنگاوانە دەستبەرداری چەك دەبن.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە جارێکیتر بانگەوازی ئاگربەستی بەرامبەر تورکیا ڕاگەیاند، بەو مەرجەی تورکیا دان بەمافەکانی کورد بنێتو قەدەغەکردنی کورد لەدەستووری بنەڕەتی تورکیا گۆڕانی بەسەردا بێت.

ئەحمەد دەنیز بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی پەکەکە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسیە، دەبێت بەشێوەی دیالۆگو سیاسی چارەسەربکرێت، وتی «بەشەڕ هیچمان ناتوانین یەکتر لەناوببەین، گەلی کورد دەیەوێت لەسەر خاکی خۆی زمانو چاندو ناسنامەی خۆی بەکاربێنێ، بانگەوازی ئاگربەستی ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە بوو».

ئەحمەد دەنیز دەڵێت پەکەکە پێیوایە بۆ چارەسەی کێشەی کورد، پێویست دەکات هەردوو لا سەرەتا شەڕ ڕابگرن، ئارتەش ئۆپەراسیۆن ڕابوەستێنێو پەکەکەش چالاکی نەکات، پاشان گیراوانی سیاسی کەبێ تاوان گیراونو ژمارەیان لە ١٦٠٠ کەس زیاترە بەر ببن، لیژنەیەك لەناو پەرلەمان دروستبکرێتو گۆڕان لەو مادانەدا بکات کەئینکاری کورد دەکات، ئەو مادەیە نەمێنێ کەدەڵێت: ئەوانەی لەتورکیا دەژین هەموو تورکن، لەدەستوور مافی پەروەردەی زمان بەکوردی بدرێتە کوردو ڕێگە بەتێکۆشینی سیاسی بدرێت، وتی «وەك سەرۆك ئاپۆ دەڵێت: زەمانەت بۆ کورد هەبێت، کەئەوانە بکرێن هەنگاو بەهەنگاو پەکەکە چەك دەخاتە دواوەو چەك بەکارناهێنێ».

بەڵام دەنیز نەیشاردەوە کەگومانیان لەهەنگاوەکانی ئاکەپە هەیە، دەڵێت تورکیا بەرەو هەڵبژاردنێك دەچێت، ئاکەپە دەیەوێت لەهەڵبژاردن ئەنجامی باش بێت، وتی «بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتی ڕۆژانە دەکاتو دەوڵەت دەیەوێت لەرێگای ئاکەپە کورد بەکاربێنێ، چونکە دەزانێت نەتەوەی کورد لە ٩٠٪ی ئیسلامەو لەرێگای ئایینەوە کاریگەری لەسەر کوردان دروستبکات».

دەنیز دەڵێت پەکەکە شەڕ بەچارەسەر نازانێت، گەر دەوڵەت نیازی ڕاستەقینەی هەبێت، ئەوا ئەوان دەستپێشخەری دەکەن.

گروپی ئاشتی بەنمونە هێنایەوە وەك دەستپێشخەری پەکەکە، بەڵام بەهۆی پێشوازینەکردنی تورکیاوە لەم ڕۆژانەدا بەبێ ئەنجام گەڕانەوە، دەنیز وتی «کورد دەستی ئاشتی درێژ کردو ڕێگای چارەسەری پیشانی تورکیادا، بەڵام بەداخەوە تورکیا فشاری زۆری خستە سەر ئەوانو هەر قسەو چالاکییەك کەکردیان یەکسەر دانی بەدادگا، بەمەش دەرفەتی بۆ خەباتی ئاشتی نەهێشتو ئەوانیش گەڕانەوە».

ئەحمەد دەنیز ئاماژەی بەوەدا کەسوپای تورکیا بەوپەڕی نامرۆڤانەو دڕندانە هێرشدەکاتە سەر کوردان، هێرش لەسەر ئۆجەلان لەزیندانو منداڵانی کوردو شەهیدکردنی کچێکی تەمەن ١٤ ساڵانی کورد بەناوی جانێ، کە لەگەڵ خانەوادەکەی لەسەیران بووە، لەدوو ڕۆژ پێش ئێستادا، هەروەها شێواندنی تەرمی گەریلاکانی پەکەکەو هێرشدەکاتە سەر گۆڕستانەکان، وەك نمونە هێنایەوە.

دەنیز وتی «پێویستە خەڵك بزانێت کەئەوانە لەدەرەوەی مافی مرۆڤایەتیو یاسای مرۆڤایەتیو یاسای شەڕن، چونکە کەسێك کەمرد چۆن ئازار دەدرێتو گۆڕەکەی خراپ دەکرێت».

تورکیا سەرقاڵی دامەزراندنی هێزێکی تایبەتو پسپۆڕە بۆ جێگیرکردنی لەسەر سنوور، ئەحمەد دەنیزیش دەڵێت تورکیا هەموو شتێکی بەکارهێنا بەرامبەر پەکەکە، بۆیە ئەوەش دەوری نابێت، وتی «چوار ڕۆژ پێش ئێستا هێزێکی گەورەو پێشکەوتووی هێنا، هەڤاڵانی ئێمە ٢٤ کەسیان لێکوشتن، بۆیە باشترە بیر لەئاشتی بکەنەوەو واز لەشەڕ بهێنن».



www.arshivakurd.org

# تووشی گەورەترین شکستبووە




لەکۆی ٢٠٠٠ دوکان تەنها ٢٠٠یان کراوەتەوە

فۆتۆ: عەلی بانیشاری

## بازاڕی نیشتیمان لەهەولێر بەملیۆنان دۆلار زیانی بەهاووڵاتیان گەیاندووەو تەنها لە١٠٪ دوکانەکان کراونەتەوە

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بازرگانانو شارەزایانی ئابووریو خاوەن دوکانەکانی بازاڕی نیشتیمان، دەڵێن ئەو بازاڕە تووشی شکستهاتووەو نەیتوانیوە سەرنجی هاووڵاتیانی شارەکە بەلای خۆیدا رابکێشێت، دوکاندارەکانو بازرگانەکانی ئەو بازاڕەش بەهەزاران دۆلار زیانیان بەرکەوتووە.

بازاڕی نیشتیمان ٧ ساڵ لەمەوبەر بڕیاری دروستکردنی لەسەردراو لەلایەن کۆمپانیای شەرقلئەوسەت بۆ وەبەرهێنان دەستکرا بەدروستکردني، بڕیاربوو پرۆژەکە لەماوەی ٢ ساڵدا تەواوبکرێت، بەڵام پاش ٧ ساڵ هێشتا بەشێکی پرۆژەکە تەواونەبووە.

بازاڕی نیشتیمان دەکەوێتە سەنتەری شاری هەولێر، بەشێکی هەرە زۆری رووبەرەکەی کە لەسەر ١٠٠هەزار مەتر دووجار دروستکراوە، جێگەی هەزاران کاسبکارو دوکانداری شارەکە بوون، کە بەدوکانی (لەنگەفرۆشەکان)و بازاڕی شێخەڵڵا ناودەبران. بەهەزاران کاسبکاریش بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە بێکارکەوتن، پرۆژەکەش بەڕای بازرگانانو ئابووریناسان شکستیهێناوە.

پرۆژەکە رێکلامێکی زۆری لەلایەن رۆژنامەو تەلەفیزۆنەکانەوە بۆ دەکرا، سەرەتا بۆ بەشێك لەبازرگانەکان جێگەی دڵخۆشی بوو، بەڵام نیگەرانییەکی زۆری لای دوکاندارو کاسبکاران دروستکرد بەوەی بێکارکەوتوونو لەتوانایاندا نەبوو ئەو دوکانانە بکڕن.

کاسبکارانی بازاڕی نیشتیمان دەڵێن زیانی بەملیۆنان دۆلاریان لەماوەی ئەم ٧ ساڵەدا لێکەوتووە، چونکە بەهۆی ئەو بازاڕەوە بەهەزاران کاسبکار لەبازاڕەکانی شێخەڵڵاو لەنگەی کۆن و دەستگێڕەکانی ئەو ناوچەیە بێ کار کەووتون.

محەمەد فەرەج دوکاندار لەبازاڕی نیشتیمان، کەپێشتر دوکانێکی لەبازاڕی شێخەڵڵا هەبووەو لەبری ئەو دوکانە لەو بازاڕە دوکانێکی تری پێدراوە، وتی «دوکانێکم هەبوو لەشێخەڵڵا لێیان وەرگرتم کە ١٢٠ هەزار دۆلاری دەکرد، کەچی لەپاش یەك مانگ ئەو دوکانەی من فرۆشرا بە ١٦٠ هەزار دۆلار، وتم ئاساییە ئومێدێکم هەبوو دوکانەکەم لەنیشتیمان پارەی باشتر بکات».

ئەو وتی «بەڵام ئێستا کەس ٥٠ هەزار دۆلاریش بەدوکانەکەی ئێستام نادات لەبازاڕی شێخەڵڵا».

محەمەد بەدەستووری وت «سەرەتا بەرهەمێکی باشم بۆ هێنا، پێموابوو کەرۆژانە قازانجێکی زۆر دەکەمو لەپاش ماوەیەکیش دوکانەکەم دەفرۆشم بەپارەیەکی زیاتر لەوەی کەکڕیوومە، بەڵام لەماوەی چەند مانگێکدا ٥ هەزار دۆلارم زیانم لێکەوت، ناچار دوکانەکەم داخست».

دوکانەکانی بازاڕی نیشتیمان بەسێ شێوە دابەشکرا بەسەر هاووڵاتیاندا، بەشێك لەدوکانەکان بۆ ئەو هاوڵاتییانە بوو کەپێشتر لەوێ دوکانیان هەبوو، بەشەکەی تریش بۆ دوکاندارەکانی شێخەڵڵا، ئەوەی تریشی بۆ ئەو کەسانە بوو کەویستی کڕینی دوکانیان هەبوو، لەبەرامبەردا بڕێکی دیاریکراو پارە لەهاووڵاتیان وەرگیرا.

لەکۆی ٢٠٠٠ دوکان تەنها ٢٠٠ دوکانی ئەو بازاڕە کراوەتەوە، مەترسی ئەوەش دەکرێت بەهۆی بەردەوامی زیانی کاسبکارانەوە ئەو دوکانانەش دابخرێن.

سەدار موختار یەکێکە لەخاوەن دوکانەکانی ئەو بازاڕە کەئێستا کاری ئەو فرۆشتنی ئەو بەرهەمە کارەباییانەیە کە لەوڵاتی تورکیاوە بۆی دێت، ئەو دوکاندارە هێما بۆ شکستی بازاڕی نیشتیمان دەکاتو بەنیشانەیەکی لاوازی بواری ئابووری هەولێر دەستنیشاندەکات.

سەدار موختار وتی «یەکەمجار ئەو پرۆژەیە کەدروستکرا شەڕبوو لەسەری کێ دوکانی بەر بکەوێت، کەس ئەو کەسە بوو واسیتە بکات بۆ دوکانێك، چونکە راگەیاندنەکان ریکلامێکی زۆریان بۆ کردو بەپرۆژەیەکی ئابووری باش وەسفیاندەکرد، بەڵام سەرئەنجام هیچی وانەبوو».

> «دوکانەکەی خۆم ١٢٠ هەزار دۆلاریان پێدام، ئەوەی ئێستا لەبازاڕی نیشتیمانە کەس ٥٠ هەزار دۆلاری پێنادات»

تائێستا بەشێکی زۆری ئەو پرۆژەیە تەواونەکراوە، کە لە٣٠٪ کارەکانیەتی، پێشتریش نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەوەدابوو کەکەمی پرۆژەکان بۆ کەمی بودجەی ئەو شارە دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا پرۆژەی بازاڕی نیشتیمان ٧ ساڵە دەستکراوە بەجێبەجێکردنی.

شارەزایانی بواری ئابووریو وەبەرهێنان باسلەوەدەکەن کەبازاڕی نیشتیمان لەهەولێر زیانێکی زۆری بەو دوکاندارو کاسبکارانە گەیاندووە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لەدروستکردنی ئەو بازاڕەدا لایەنە ئابوورییەکەی لێکنەدراوەتەوە.

خەلەف رەسوڵ شارەزا لەبواری ئابووریو وەبەرهێنان لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور دەڵێت «هۆکاری شکستهێنانی بازاڕی نیشتیمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەسەرەتادا ئەو بازارە لایەنە ئابوورییەکەی لەبەرچاونەگیراوە کە ئایا لەو بوارەدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت یاخود نا».

ئەو وتی «دەبوایە پشت بەچەندین شارەزای ئابووریو وەبەرهێنان ببەسترایەو لێکۆڵینەوەی پێویست بکرایە بۆ بازاڕەکە».

جەلالی حاجی عەلی لەلیژنەی داراییو کاروباری ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت، ئەگەر پرۆژەیەك لەلایەن هاووڵاتییانەوە گلەیی لەسەربێت، ئەوە لیژنەی داراییو کاروباری ئابووری لەپەرلەمان بەدواداچوونی بەپەلەی بۆ دەکات.

ئەو وتی «بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە، کۆمەڵێك لەپرۆژەکان دواکەتوونو لەکاتی خۆیدا تەواونەبوونو تووشی شکستهێنانبوونەوە، بەڵام پەرلەمان لەکارکردن بۆ دوانەکەوتنی پرۆژەکان هەوڵی تەواوی داوەو نەوەستاوە».

---

# بەسێ جار نۆژەنکردنەوە، کەموکوڕییەکانی تەواونەکراوە

## یاریزانانی تەکیە بە ٥٠ تیپ یەك یاریگایان هەیە، ئەویش بەسێ جار نۆژەنکردنەوە تەواونەکراوە

هەرێم کاوانی لەتەکیە

یاریگای تۆپی پێی تەکیە تائێستا سێ جار نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام وەك پێویست نەتوانراوە کەموکورتییەکانی چارەسەربکرێت، شارۆچکەکە ٥٠ تیپی هەیەو هەموو تیپەکانی چاویان بڕیوەتە ئەو یاریگایە.

گەنجانو وەرزشکارانی ناحییەکە گلەیی دەکەن لەبەرامبەر تەواونەکردنی یارگاکەیان، دوای ئەوەی سێ جار نۆژەنکراوەتەوە، بەڕێوەبەری ناحیەکەش داوادەکات لەم وەرزی هاوینەدا یاریگاکە رادەستی یاریزانان بکرێتەوە، بۆئەوەی بتوانن سوودی لێببینن.

هیدایەت رەحیم مامۆستای وەرزشو یاریزان لەناحیەی تەکیە یاریگاکە وەکو پێویست نابینێت، چونکە لەدوای سێ جار دابینکردنی بودجە بۆ نۆژەنکرنەوەی، بەڵام هێشتا بەتەواوی سوودی لێنەبینراوەو یاریگایەکی باشی لێ دەرنەچووە.

هیدایەت دەڵێت «داواکارم گرنگی زیاتر بدرێت بەبواری وەرزشو گەشەکردنی چالاکی وەرزشی لەناحییەکەماندا، بەرپرسانو ئیدارەی ناحیەکە بەئاگابن لەو کەموکوڕییانەی لەپرۆژەکاندا هەیە، بەتایبەت کەموکوڕی یاریگاکان».

وەرزشەوانان گلەیی ئەوەدەکەن کەیاریگاکە دوای سێ جار نۆژەنکردنەوە، تائێستاش بەتەواونەکراوی بەنیازن بیدەنەوە بەوەرزشەوانان.

یاریگاکە ئەگەرچی بەڕەسمی نەدراوتەوە بەوەرزشەوانان، بەڵام وەرزشەوانان ماوەیەکە بەناچاری دوای ماوەیەکی زۆر دواکەوتن، یاری تێدادەکەن.

نازم ئەحمەد، راهێنەری تیپی وەرزشی ئاشتی لەناحیەی تەکیە بەدەستووری وت «رێکنەکردنەوەو پڕکردنەوەی یاریگاکەمان باش نییەو جوان نەپەستراوەتەوە لەکاتی نۆژەنکردنەوەکەدا، دوای چەند یارییەکیش ئێستا بووە بەخۆڵە تەپانی».

ئەو راهێنەرە دەڵێت کە بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆ لەیاریگاکەدا کێشەوگرفتی زۆریان بۆ دروستبووە، بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا «لەیاریگاوە دەبێت بەمەلەوانگە».

حاکم عومەر فەرەج ، بەڕێوەبەری ناحیەی تەکیە ئاماژە بەوەدەکات کەبەهۆی ئەوەی ماوەی مانگێکە دەستی بەکارکردووە لەناحیەی تەکیەدا، بۆیە ئاگاداری ئەو نۆژەنکردنەوەیە نییە، بەتایبەت نۆژەنکردنەوەکانی پێشووتر.

بەڕێوەبەری ناحیەی تەکیە هەروەها دەڵێت «هێشتا یاریگاکەمان وەرنەگرتووە، لەگەڵ بەڵێندەرەکەدا قسەمانکردووە لەسەر ئەو کەموکوڕییانەی کە لەیاریگاکەدا ماوە».

ئاماژە بەوەشدەکات کە لەسەر داوای یاریزانانو حەزی خۆیان، داوایان لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردووە کەئەو یاریگایە رادەستی یاریزانان بکرێتو وتی «تا لەم پشووەدا کەپشووی هاوینە، سوود لەچالاکییە وەرزشییەکان وەربگرن».

هەروەها وتی بەرنامە هەیە چەند یاریگایەکی تارتان لەناحیەی تەکیە بۆ وەرزشەوانان دروستبکەن.

عیماد ئەنوەر یاریزان دەڵێت یاریگاکە لەڕووی هونەرییەوە کێشەی زۆری تێدایە، لەوەدا کەسیاجکراوە، بەڵام دەبوایە سیاجەکە لەپێش بووایە، نەوەك لەدواوە. هەروەها رەخنەی لەنەبوونی شوێنی دانیشنی یاریزانانو راهێنەران گرد لەکاتی یاریکردندا.

زیاتر لە ٥٠ تیپی پلەیەكو پلە دووی تۆپی پێ لەو ناحیەیەدا هەیە، بەڵام تەنها یەك یاریگا لەو ناحیەیەدا هەیە.

بەکر نامیق لێپرسراوی تۆپی پی یانەی تەکیە، وتی «لەنۆژەنکردنەوەی دووەمدا بەڵێنی فرێزکردنی یاریگاکەمان درا، بەڵام نۆژەنکردنەوەی سێیەم جاریش تەواودەبێت هێشتا فرێز نەکراوە».



یاریگاکە شوێنی دانیشنی یاریزانانو راهێنەرانی نییە

# "هەندێك ڕێكخراو بازرگانی بەكێشەی گەنجەوە دەكەن"

## فازل عومەر ڕاوێژكاری سەرۆكی حكومەت بۆ كاروباری گەنجانو ڕێكخراوەكان

**سازدانی: فەرمان ڕەشاد لەهەولێر**

فازل عومەر ڕاوێژكاری سەرۆكی حكومەت بۆ كاروباری گەنجانو ڕێكخراوەكان، نایشارێتەوە كە لەمەسەلەی دامەزراندندا واستەو واستەكاری هەیە، بەڵام دەڵێت "هەموو ئەوانەی دامەزراون بەواسیتە دانەمەزرێنراون".

ئاماژە بەوەشدەكات كەبەشێك لەڕێكخراوەكان، بازرگانیی بەكێشەی گەنجەوە دەكەنو وتی "بەرنامە وایە لەداهاتوودا بەیەك چاو سەیری ڕێكخراوەكان بكرێت، هیوا هەیە لەداهاتوودا ئەم ناعەدالەتیو گازاندانە نەهێڵدرێت".

**دەستوور:** ڕەخنەی ئەوە لەحكومەت دەگیرێت، كە ئەم قسانەی چەندین ساڵە لەبارەی پلانو بەرنامە بۆ چارەسەركردنی كێشەی گەنج هەیەو دەیكات، بەرهەمی نییە، بەڵكو تەنها قسەیەو هیچیتر؟

**فازل عومەر:** لەهیچ شوێنێك پرسی هیچ توێژێك بەچارەسەری حەتمی ناگات، تایبەت گەنج، كە بەهۆی ئەو تەمەنەی كەپێیدا دەڕوات لەچینەكانیتر خواستی زۆرترە، ئێمە دار عەسامان نییە كەهەموو كێشەیەك چارەسەربكات، ئیشكراوە لەماوەی ڕابردوودا، بەڵام ڕەنگە لەئاستی داخوازییەكان نەبێ، ئەمەش ئاساییە، چونكە داخوازی گەنج زۆرە، بەڵام من گەشبینم بەوەی كێشەی گەنج بەرەو كەمبوونەوە دەچێتو دەرەنجامی باش دەبینین بۆ چارەسەری كێشەی گەنج لەداهاتوویەكی نزیكدا.

**دەستوور:** كێشەی بێكاری زۆر هەیە، بەتایبەت ئەو گەنجانەی كەزانكۆ تەواودەكەن، بۆچی حكومەت نەیتوانیوە ئەو بێكارییە نەهێڵێت؟

**فازل عومەر:** لەو وڵاتەی ئێمە هەر كاتێك گەنج خوێندن تەواو دەكات، كلتوورێك دروستبووە ئەویش دەبێت ڕاستەوخۆ لەكەرتی حكومەت دابمەزرێت، كە بۆ ئەمەش ڕەنگە ناحەقیان نەبێ، چونكە لەكەرتی حكومی زەمانات هەیەو لەكەرتی تایبەت نییە، ئێستا لەهەوڵی ئەوەیەن بۆ ئەوەی دەرچووان ڕوو لەكەرتی تایبەت بكەن، زەمانات لەكەرتی تایبەت دروستبكەین، كەهەمان ئیمتیازی كەرتی حكومییان هەبێت، دەبێت ئەوە بزانین لەهیچ شوێنێكی دونیا نییە خوێندن بەخۆڕایی بێتو دواتر بەئاسانی دابمەزرێیو حكومەت ژنت بۆ بهێنێو تۆش هیچ بەرهەمت نەبێ، ئەو نەریتە نەرتێكی خەلیجە كە نەفەسێك هەیە دەیەوێ كوردستان بەو ئاراستەیە ببات، كەنابێت بهێڵدرێت سەر بگرێتو دەبێت گەنج بەرهەمی هەبێ، نەك هەر چاوەڕێی حكومەت بكات هەموو شتێكی بۆ دابینبكات.

**دەستوور:** ئەو نەفەسەی كەباستكرد، دەوترێ حیزبە دەسەڵاتدارەكان دروستیانكردووەو لەمنافەسەی یەكتر خەڵكێكی بێكاری زۆریان دامەزراندووە، قسەی تۆ چییە؟

**فازل عومەر:** من پێموایە ئەو نەفەسە ئێستا كلتوورێكە لای هەموو تاكێك بوونی هەیە، خەڵك پێیانوایە بۆ مسۆگەركردنی داهاتوو پێویستە دابمەزرێی، ڕەنگە بەشێكیشی پەیوەندی بەو ململانێیەوە هەبێ كە لەماوەی ڕابردوو لەنێوان حیزبەكاندا هەبووبێت.

**دەستوور:** ئێستا دەرچوویەكی زۆر هەیە، بەرنامە بۆ دامەزراندیان هەیە؟

**فازل عومەر:** ڕاستە دەرچوویەكی زۆر هەیە، بەڵام ئایا ڕاستە ئەوەی دەربچێت دابمەزرێت؟ حكومەت بەرنامەی خۆی هەیەو بەگوێرەی پێویستی خەڵك دادەمەزرێنێت، ڕەنگە لەكۆی سی هەزار دەرچوو تەنها دە هەزار دابمەزرێنێت، ڕێژەكەیتر پێویستە لەدەرەوەی حكومەتو لەكەرتی تایبەت كاربكات، نابێت تواناكانی گەنج تەنها لەتەوزیف خاڵی بكرێتەوە، چونكە ئەمە گەشەی ئابووری پەكدەخات.

**دەستوور:** هیچ هەواڵی دڵخۆشكەرت پێ نییە بۆ ئەوانەی چاوەڕوانی دامەزراندنن؟

**فازل عومەر:** لەو ماوەیە خەڵكێكی زۆر دامەزراونو زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر كەبڕیاری لەسەر درابوو، هەر وەزارەتێكیش پێویستی بەمیلاكاتێك بێ بۆی دادەمەزرێنین، بەڵام لێرەوە باوەڕناكەم خەڵك دابمەزرێندرێت، چونكە دەبنە سەر ئێشە بۆ دامودەزگاكان.

**دەستوور:** ئێستا كاتێك لەپرسگە هاتمە ژوورەوە، گەنجێكی زۆری لێبوو، چاوەڕوانی دامەزراندنیان دەكرد، بەڵام لەكۆی ٧٨٠ كەس بینیمان یەك كەس ناوی بۆ دامەزراندن گەڕابووەوە، ئەوانیتر دەیانوت ئێمەش واستەمان هەبوایە دادەمەزراین، وەڵامی تۆ بۆ ئەوان چییە؟

**فازل عومەر:** بێگومان بۆی هەیە ئەو كەسە بەواستە دامەزرابێت، نایشارمەوە ئێمە خاوەنی وڵاتێكی موئەسەسی نین، كەهەموو شتێك لەچوارچێوە بڕواتو واستەش دەبێت، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت ئەمساڵ ١١ هەزار كەس تائێستا دامەزراون، دەكرێ بڵێین هەموو بەواستە دامەزرابن، بەڵام واستە هەر هەیە ڕەنگە هەر ببێتیش.

**دەستوور:** تۆ دەڵێت گەنج لەكەرتی تایبەت كاربكات، بەڵام پێت وانییە ئەم كەرتەش ناتەواوی تێدایە؟

**فازل عومەر:** بەڵێ تائێستاش لەكەرتی تایبەت نارێكو پێكی هەیە، ڕێكخراو نییە. منیش ڕەخنەم لێی هەیە، كۆمەڵێك هەنگاومان پێویستە، لەوانە هاندانی گەشەسەندنی ئەو كەرتەو دەركردنی یاسای كارو زەمانەت، بۆ ئەوەی ناتەواوی ئەو كەرتە چارەسەربێتو گەنجان بتوانن سوودی لێ ببینن.



**دەستوور:** ئێستا سولفەی زەواج یەك ملیۆنە، بەرنامە هەیە بۆ گۆڕانكاری تێیدا؟

**فازل عومەر:** تائێستا هەر كار بەو سیستمە كۆنە دەكرێت كەپێوایە ئەمە كەمەو لەئاستی پێویستیدا نییە، من پێشنیازم كردووە ئاوڕ لەو پرسە بدرێتەوە، بەڵام تائێستا هەنگاوی عەمەلی لەو بوارە نەنراوە بۆ گۆڕانكاری لەم بوارەدا.

**دەستوور:** كۆمەڵێك ڕێكخراو بەناوی گەنجان كاردەكەنو پارەی زۆر لەحكومەت وەردەگرن، كەچی بەرهەمیان كەمە؟

**فازل عومەر:** ئێمە لەبارەی ڕێكخراوەكانو ئەو مینحانەی دەیان درێتێ قسەمانكردووە، بێگومان هەم ژمارەیان هەم ئەو پارەش پێیان دەدرێ كەم نییە، كاری ڕێكخراوەكان بەرهەمی مەلمووس نییە، بەڵكو زیاتر مەعنەوییە، واتا زیاتر ڕۆڵیان لەهۆشاركردنەوە هەیە، ئێستاش كەخەڵك چاوی كراوەتەوەو ڕەخنە دەگرێو پێشنیازدەكاو قسەی خۆی هەیە، بەشێكی بەرئەنجامی كاری ڕێكخراوەكانە، ئەوەی تایبەتە بەڕێكخراوەكانی گەنجان، دوو جۆرن بەشێكیان بەجدی كار بۆ گەنجو پرسەكانی دەكەن كەپێویستە زیاتر هانبدرێنو دەستخۆشیان لێ بكرێت، بەشێكیتر تەنها بازرگانیی بەكێشەی گەنج دەكەن كەپێویستە چارەسەربكرێن، حكومەت لەئێستادا سیاسەتێكی هەیە بۆ چاككردنی ئەو بارودۆخەو ڕێكخستنی شێوازی یارمەتیدان بەڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی.

**دەستوور:** تائێستاش نزیكی لەحیزب مەرجی پێدانی هاوكاری حكومەتە بۆ ڕێكخراوەكان، ئەمە بۆ؟

**فازل عومەر:** بێگومان ئەو بارودۆخەی كوردستانی پێ تێپەڕبووە، كۆمەڵێك دەرهاویشتەی هەبووە یەكێكیان ئەو حاڵەتەیە كەتۆ باسی دەكەیت، بەرنامە وایە لەداهاتوودا بەیەك چاو سەیری ڕێكخراوەكان بكرێت، لەسەر بنچینەی پرۆژەی باشتر مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، هیوا هەیە لەداهاتوودا ئەم ناعەدالەتیو گازاندانە نەهێڵدرێت.

> "ئەو ڕێكخراوانە كەم نین كە بەهۆی نزیكی لەحیزبەوە پارەیەكی باش وەردەگرن"

---

# نزیكەی پێنج هەزار منداڵ پێویستیان بەنەشتەرگەری دڵ هەیە

## لەمانگی داهاتوودا دوو تیمی پزیشكی نەشتەرگەری دڵی منداڵانی ئەمریكی دێنە هەرێمی كوردستان

**بیستون فەتاح**

بەپێی ئامارێكی وورد، دەركەوتووە نزیكەی ٥ هەزار منداڵ لەسنووری هەرێمی كوردستاندا گیروگرفتی نەخۆشی دڵیان هەیەو پێویستیان بەنەشتەرگەرییە، پلانیش وایە تیمێكی پزیشكی دڵی منداڵان لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە بێنە كوردستان بۆ ئەو مەبەستە.

**گیروگرفتی دڵ، مەترسیی بۆ سەر منداڵانی هەرێم**

د. ئاسۆ فایەق پسپۆڕی نەخۆشییەكانی دڵی منداڵان، لەلێدوانێكیدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا كەژمارەی ئەو منداڵانەی لەهەرێمی كوردستاندا دووچاری نەخۆشییەكانی دڵ بوون نزیكەی ٤٠٠٠ بۆ ٤٥٠٠ منداڵن.

ئەو وتی "لەهەرێمی كوردستاندا سێ سەنتەری نەخۆشییەكانی دڵی منداڵان هەیە، ئەوانیش لەپارێزگاكانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك، لەسەنتەرەكانی هەولێرو سلێمانیدا نەشتەرگەریو قەستەرەش دەكرێت، بەڵام لەسەنتەرەكەی دهۆك تەنها قەستەرە دەكرێت".

تائێستا نزیكەی ٤٠٠ منداڵ لەسەر ئاستی هەرێم بۆ كاری نەشتەرگەری دڵ براون بۆ وڵاتانی دەرەوە، لەوانە بۆ ئیتاڵیاو سودانو ئوردونو وڵاتانیتر. كاری نەشتەرگەرییەكانیان بەسەركەوتوویی بۆ ئەنجامدراوە.

لەناو هەرێمدا نزیكەی ١٥٠ منداڵ كاری نەشتەرگەری گەورەیان بۆ كراوەو نزیكەی ٧٠٠ منداڵ قەستەرەیان بۆ كراوە.

د. ئاسۆ فایەق پێیوایە كەنەخۆشییەكانی دڵی منداڵان گیروگرفتێكی گەورەیەو تووشی بەشێك لەتەمەنەكان دەبێت، كەئەویش تەمەنی منداڵییە.

ئەو وتی "دووجۆر نەخۆشی دڵ هەیە، واتە ئەو نەخۆشییانەی تووشی گەورە دەبن كەتووشی بۆرییەكانی دەوری دڵ دەبن، واتە ئەو بۆرییانەی كەخوێن دەدەن بەدڵ، كەئەم حاڵەتە زیاتر لەگەورەدا ڕوودەداتو زۆر بەدەگمەن لەمنداڵدا ڕوودەدات، ئەو نەخۆشییانەش كەتووشی دڵی منداڵ دەبن، دابەشدەبن بۆ دوو پۆلێن".

پۆلێنی یەكەمی ئەو نەخۆشییانەی تووش منداڵان دەبێت، ئەو نەخۆشانە دەگرێتەوە كە لەپێكهاتەی دڵدایە، پۆلێنی دووەم ئەو نەخۆشییانە دەگرێتەوە كە لەكارەبایەتی دڵدایە، واتە لەئیشكردندا. كەئەوەش پەیوەندی بەهەندێك حاڵەتی فیسیۆلۆجی دڵەوە هەیە.

د. ئاسۆ فایەق وتی "ئەو نەخۆشییانەی كە لەپێكهاتەی دڵدایە، منداڵەكە هەر لەزگماكییەوەیە پێشئەوەی منداڵەكە بێتە دنیاوە، دڵی منداڵ پێش لەدایكبوونی لەشەش هەفتەی یەكەمدا دروستدەبێت، واتە ئەوكاتەیە كەدایكەكە دەزانێت دووگیانە».

د. ئاسۆ ئاماژەی بەوەشدا تائێستا زانستی پزیشكیو تەكنەلۆژیای نوێ نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی كەپشكنین بكرێت بۆ دڵی ئەو كۆرپەیەی كەتەنها تەمەنی شەش هەفتەیە لەسكی دایكیدایە.

ئەو وتی "بەڵكو ئەو پشكنینە لەكاتێكدا دەكرێت كەتەمەنی كۆرپەكە دەگاتە ١٦ هەفتە، هۆیەكەشی ئەوەیە كەپێش ئەو ماوەیە قەبارەی دڵەكە زۆر بچوكەو ناتوانرێت پشكنینی بۆ بكرێت، ئەو پشكنینەش بەئیكۆ دەكرێت".

**ئامۆژگاری بۆ دایكان**

سەبارەت بەوەی كەئەوان لەكاتێكدا پسپۆڕ دەستنیشانی نەخۆشی كۆرپەكە دەكات لەماوەی ١٦ بۆ ٣٢ هەفتەدا، چ پێشنیازو ئامۆژگاریەكیان هەیە بۆ دایكەكە، د. ئاسۆ فایەق پسپۆڕی نەخۆشییەكانی دڵی منداڵان، دەڵێت ئەگەر هاتوو كێشەكەی بچوك بێت تەنها بەرێنمایی چارەسەری بۆ دادەنرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو حاڵەتەكە زۆر قورس بوو، لەوانەیە بینێرینە سەنتەرێكی پێشكەوتووی دڵ بۆ ئەوەی كە لەدایكبوو چارەسەری بۆ بكرێت.

ئەو وتی "بۆ نمونە، ئەگەر هاتوو كۆرپەكە دوای لەدایكبوونی بەسێ هەفتە بۆرییەكانی پێچەوانەبوو، كەئێمە دەزانین بۆرییەكانی پێچەوانەیە، ئەگەر نەشتەرگەری بۆ بكرێت، ئەوا ئەو نەشتەرگەرییە لە ٩٥٪ سەركەوتووە».

**منداڵان دوای لەدایكبوونیش تووشی نەخۆشی دڵ دەبن**

د. ئاسۆ فایەق پسپۆڕی نەخۆشییەكانی دڵی منداڵان، دەڵێت بەشێك لەمنداڵان دوای لەدایكبوون تووشی نەخۆشی دڵ دەبن.

ئەو وتی "ئەو نەخۆشییانە دەگرێتەوە كەوەرگیراون، واتە لەدەوروبەرەوە تووشدەبن، بۆ نمونە، نەخۆشی ڕۆماتیزمەی دڵ كە لەمنداڵدا لەتەمەنی ٥ ساڵ بۆ ١٢ ساڵ دەستپێدەكات، منداڵەكە لەو تەمەنەدا قورگی دەیەشێت، یان تووشی هەوكردنی قورگ دەبێتو دەڕوات بۆ زمانەكانی دڵو ئەو زمانە تووشی نەخۆشی دەكات".

**هەرێمی كوردستان پەنا بۆ ئەمریكا دەبات**

بڕیارە لەسەرەتای مانگی ئابدا، تیمێكی پزیشكی دڵی منداڵان لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە لەسەر بانگهێشتی حكومەتی هەرێمو وەزارەتی تەندروستی بێنە هەرێمی كوردستان.

بەپێی زانیارییەكانی دەستوور ئەو وەفدە، لەسەر داوای حكومەتی هەرێمو وەزارەتی تەندروستی بووەو بڕیاروایە ئەو تیمە پزیشكییە بۆ جاری دووەم بگەڕێتەوەو دەستبكات بەنەشتەرگەری.

ئامارەكانی وەزارەتی تەندروستی ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كەنزیكەی پێنج هەزار منداڵ گیروگرفتی نەخۆشی دڵیان هەیەو تۆماركراون.





# ”ئەنجومەنی ناوەند بۆ موجامەلەكردنو ئاشتكردنەوەی خەڵكانی ناڕازی دانەنراوە“

## بەكری حاجی سەفەر سەرۆكی كاتیی ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی بۆ دەستوور

سازدانی: زانیار محەمەد

بەكری حاجی سەفەر سەرۆكی كاتیی ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی لەچاوپێكەوتنێكدا كەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دەڵێت ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی بۆ چاودێریكردنی ڕێكخستنو ئۆرگانەكانی یەكێتی دامەزراوە، نەك بۆ ڕازیكردنی خەڵكانی ناڕازی. وتی ”بەڵام لەكورسییە بەتاڵەكان، ناوچە پەراوێزخراوەكانی وەك بادینان قەرەبوودەكرێنەوە».

بەكری حاجی سەفەر ئاماژە بەوە دەدات كەئەنجومەنەكە چاودێری هەموو مەكتەبەكانی یەكێتی دەكات، سەرنجەكانی خۆی بۆ سكرتێری گشتی بەرزدەكاتەوە، تا ئەو لێكۆڵینەوەو لێپێچینەوە بكات.

دەستوور: لەدوای كۆنگرەوە ئەنجومەنی ناوەند تەنیا یەك كۆبوونەوەی كردووە، ئەو كۆبوونەوەیەش مام جەلال تێیدا ئامادەنەبوو، بۆچی تائێستا كۆبوونەوەیتر نەكراوە؟ هۆكاری ئەو سستییە چییە؟

بەكری حاجی سەفەر: لەدوای كۆنگرەوە هەموو دەزگاكانی یەكێتی سەرلەنوێ دەستیانكردووەتەوە بەكاركردنو خۆسازدانەوە، لەوانە ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتیش، كە بەهەڵبژاردن دیاریكراوە، ئەركی تایبەتیی خۆی هەیە، دەبوو زووتر دەستیبكردایە بەكاركردن، بەڵام لەناو پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتیدا وا هاتووە كەئەم ئەنجومەنە پەیوەندی بەسكرتێری گشتییەوە هەیە، مام جەلالیش ئێستا لەبەغداد سەرقاڵی كاروباری سیاسیی عێراقەو بوونی مام جەلال لەبەغداد، كارێكی زۆر پێویستە، لەبەرئەوە فریای ئێرە نەكەوتووە، بەڵام ئاگاداریی ئەوە دراوە پێمان، كەوا هەر كاتێك مام جەلال بۆی گونجا، دێتەوە سلێمانیو لەگەڵ ئەنجومەنی ناوەندا كۆدەبێتەوەو ئەنجومەن سكرتاریەتی خۆی هەڵدەبژێرێت، بەئامادەبوونی مام جەلال، یان مام جەلال یەكێك ڕادەسپێرێت، بۆ ئەوەی ئەو كارە بكات.

دەستوور: ٢٠ كورسی لەئەنجومەنی ناوەند بە بەتاڵی هێشتراونەتەوە، بۆچی تائێستا ئەو كورسییانە پڕنەكراونەتەوە؟ ئایا لەسەر چ میكانیزمو بنەمایەك ئەو كەسانە دەستنیشاندەكرێن؟ دەوترێت ئەو كورسییانە دەدرێت بەو كاندیدانەی دەرنەچوونو ناڕازین؟

بەكری حاجی سەفەر: بەبڕیاری كۆنگرە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند ١٠١ كەس دیاریكرا، ٨١ ئەندام بەهەڵبژاردنو ٢٠ ئەندامیش هێڵرانەوە بۆ ئەوەی سكرتێری گشتیی یەكێتی بەڕاوێژ لەگەڵ سەركردایەتیی یەكێتی دایانبنێت، ئەوە دیارینەكراوە كەئەو كورسییانە بدرێت بەو كەسانەی لەهەڵبژاردندا دەرنەچوون، بەڵكو لەو كەسانە دەبن كە لەبوارە جیاجیاكاندا كاردەكەن، ئەو ناوچانەشی كەشانسیان كەمبووە لەدەرچوونی كاندیدەكانیان، بۆ نمونە ناوچەی بادینان، بدرێت بەو كەسانە.

دەستوور: پێشتر دەوترا ئەنجومەنی ناوەند دەزگایەكی چاودێریی حیزبییە، كاری ئێوە چییە؟ بەپێی چ میكانیزمو بنەمایەك كاردەكەن؟ هەندێك كەس پێیانوابوو دروستكردنی ئەنجومەنی ناوەند تەنیا بۆ ڕازیكردنو كۆكردنەوەی دەنگە ناڕازییەكانە؟

بەكری حاجی سەفەر: دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوەند، بڕیاری كۆنگرەی دووەمی یەكێتی بوو، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە دوای نۆ ساڵ دامەزرا، دامەزراندنی ئەنجومەن، كارێكی دیموكراسیی نوێیە، بۆ لێپرسینەوە لەئەندامانی یەكێتیو بەهێزكردنی ڕێكخستنەكانی، نەك بۆ موجامەلەكردنو ئاشتكردنەوەی خەڵك، ئەنجومەنەكە بەهەڵبژاردن دانراوەو بۆ ئەوەیە كەچاودێریی ئیشوكارەكانی سەرتاپای دەزگاو ڕێكخستنەكانی یەكێتی بكاتو هاوكارێك بۆ ڕایكردنی كارەكانیان، نەك ڕازیكردنی خەڵكی ناڕازی.

دەستوور: ئەنجومەنی ناوەند دەسەڵاتی لێپرسینەوەی هەیە؟ تا چ ئاستێك دەتوانن لێپرسینەوە بكەن، بۆ نمونە دەتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامانی مەكتەبی سیاسی بكەن؟

بەكری حاجی سەفەر: دەسەڵاتی چاودێریكردنی هەموو ڕێكخستنەكانی یەكێتی هەیە لەسەری سەرەوە هەتا خواری خوارەوە، ئەو تێبینیو سەرنجانەی دەیبینێت، دەیدات بەسكرتێری گشتیو ئەو لێكۆڵینەوەی تێدا دەكات. ئەنجومەنی ناوەند دەتوانێت تێبینییەكانی خۆی لەبارەی لوتكەی دەسەڵاتی یەكێتییەوە تا ئەندامانی ئاسایی بداتە سكرتێری گشتی، خۆی لێپرسینەوە ناكات، سكرتێری گشتی لەبارەی ناتەواوییەكانەوە ئاگاداردەكاتەوە.

> ”بەرانبەر هەر مەكتەبێكی یەكێتی، ئەنجومەنی ناوەند لیژنەیەكی دەبێت بۆ لێپرسینەوە“

دەستوور: ئۆفیسی سەرەكیی ئەنجومەنی ناوەند لەكوێ دەبێت؟ لەسەر ئاستی شارەكان چۆن كاردەكەن؟ كۆمیتەتان دەبێت؟

بەكری حاجی سەفەر: كۆمیتەی ئەنجومەنی ناوەند لەهیچ شارێك ناكرێتەوە، ئەنجومەنەكە سكرتاریەتێكی دەبێت، لەسەرۆكی ئەنجومەنو دوو جێگری پێكدێت، چەند لیژنەیەكیش لەناو ئەنجومەنەكەدا دروستدەكرێن، بەرانبەر هەر مەكتەبێكی یەكێتی، ئەنجومەنی ناوەند لیژنەیەكی دەبێت بۆ لێپرسینەوە، ئەو لیژنانە سەرتاپای ناوچەكانی كوردستان دەگرێتەوە، هەر شوێنێك ڕێكخستنی یەكێتی تێدا بێت، وجودی ئیشكردنی ئەنجومەنی ناوەندی تێدا دەبێت.

دەستوور: لەپلینۆمو كۆنگرەدا بڕیار لەسەر بنبڕكردنی باڵباڵێن درا، تەنانەت پەیمانی ئاكار لەنێوان ئەندامانی سەركردایەتیی یەكێتیدا بۆ نەهێشتنی باڵباڵێن ئیمزاكرا، بەڵام تائێستا باڵباڵێن دەبینرێت، تەنانەت لەناو كۆنگرەدا هەستیپێدەكرا، پێتوایە سەركردایەتیی یەكێتی بە بەڵێنی نەهێشتنی باڵباڵێنەوە پابەندنەبووە؟

بەكری حاجی سەفەر: مەسەلەی تەكەتولاتو باڵباڵێن بەرەو پووكانەوە دەچێت، ناڵێم نییە، لەكۆنگرەدا باڵباڵێن بوو بەعەیبە، ئەوەی بوترێت ئەمە فلان باڵەو ئەوەیان فلان تەكەتولە، وجودی نەما لەناو یەكێتیدا، لەكۆنگرەدا خەڵك بۆ خۆیان ڕێككەوتن، مەڵبەندەكان، مەكتەبەكان، خەڵكی ناوچەكان، لەنێوان خۆیاندا ڕێككەوتن، ئێستا زۆر بەكەمی هەست بەباڵباڵێن دەكرێت. من ناڵێم هەستی پێناكرێت، بەڵام ئەوەی لەكاتی جیابوونەوەی گۆڕانەوە هەستیپێدەكرا، ئێستا هەستی پێناكرێت. ئەم خەتو ئەو خەتكردن بەرەو پووكانەوە دەڕوات، شەرمەزارییە باڵباڵێن لەناو یەكێتیدا بمێنێت.

دەستوور: هەندێك لەلایەنە عێراقییەكان ئەگەری دووبارە دیاریكردنی مام جەلال بەسەرۆك كۆماری عێراق بەدوور دەزانن، هەندێك كەسیش پێیانوایە لەبەرژەوەندیی یەكێتییە مام جەلال بێتەوە بۆ كوردستانو سەرپەرشتیی یەكێتی بكات؟

بەكری حاجی سەفەر: بوونی مام جەلال لەبەغداد شیاوەو گرنگەو سوودی یەكێتیو گەلی كوردیشی تێدایە. مام جەلال لەبەغداد بێتو ئەو كارە بكات، قازانجی زیاترە. مام جەلال لەدوورەوە سەرپەرشتیی یەكێتی دەكات، جار بەجارێكیش سەردانی كوردستان دەكاتەوە بۆ سەرپەرشتیی كارەكانی یەكێتی، دەنگێك نییە لەبارەی وازهێنانی مام جەلال لەبەغدادو گەڕانەوەی بۆ كوردستان. وجودی مام جەلال لەبەغدادو وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆمار، پێویستییەكی مێژووییەو گرنگیی خۆی هەیە.

> ”هەموومان زۆرمان پێخۆشە كەئەو حەساسیەتەی لەنێوان یەكێتیو گۆڕاندا هەبوو، نەمێنێت“

دەستوور: بەشێك لەو كێشانەی كەباڵی ڕیفۆرمو نەوشیروان مستەفا بەهۆیەوە لەیەكێتی جیابوونەوە، بەشێكی لەسەر دەسەڵاتەكانی سكرتێری گشتی بوو، ئەوان دەیانوت لەبەرئەوەی مام جەلال لەبەغدایەو بەكاری سەرۆك كۆمارییەوە سەرقاڵە، با سكرتێر بەكەسێكیتر بسپێرێت یان لانیكەم بەشێك لەدەسەڵاتەكان بەكەسێكیتر بدرێت، ئایا ئەم گرفتە جارێكی دیكە دووبارە نابێتەوە؟

بەكری حاجی سەفەر: ئێستا سكرتێری گشتی دوو جێگری هەیە، مام جەلال دەسەڵاتی زۆری داوە بەو دوو جێگرە، كە لەگەڵ مەكتەبی سیاسی، لەبری مام جەلال كارەكان ڕایی بكەن، ئێستا یەكێتی سەرقاڵی دەستنیشانكردنی ڕێكخستنەكانو مەڵبەندەكانو مەكتەبەكانە. خەڵكانێك بێ ویژدانانە حوكم لەسەر یەكێتی دەدەن. لەكۆنگرەدا بڕیاری دابەشكردنی دەسەڵاتەكان درا.

دەستوور: لەڕاگەیاندنەكانەوە ئاماژە بەنزیكبوونەوەی یەكێتیو گۆڕان دەدرێت، هەروەها ئەو شەڕە ڕاگەیاندنەی پێشتر لەنێوان یەكێتیو گۆڕاندا بوو، ئێستا وەستاوە؟ هیچ پەیوەندییەكی ڕەسمی لەنێوان یەكێتیو گۆڕاندا هەیە؟ یان هەوڵی نزیكبوونەوە لەئارادا هەیە؟

بەكری حاجی سەفەر: من نازانم پەیوەندیی ڕەسمی لەنێوان گۆڕانو یەكێتیدا هەیە یان نا، بەڵام هەموومان زۆرمان پێخۆشە كەئەو حەساسیەتەی لەنێوان یەكێتیو گۆڕاندا هەبوو، بەرەو كاڵبوونەوە دەچێتو وردە وردە نامێنێت. ئێمە دەخوازین هاوكاریو دۆستایەتیو هاوپەیمانی لەنێوان هەموو حیزبەكانی كوردستاندا هەبێت، بەیەكێتیو گۆڕانیشەوە.

دەستوور: یەكێتی بەڕەسمی ئامادەیە گفتوگۆو دانوستاندن لەگەڵ گۆڕاندا ئەنجامبداتو لێی نزیكببێتەوە؟

بەكری حاجی سەفەر: سروشتی ئیشكردنی یەكێتی ئەوە بووە، كەبەرانبەرەكەی خوێندووەتەوەو تەنانەت لەناو یەكێتیشدا بیروباوەڕی جیاواز هەبووە. یەكێتی هەوڵدەدات هاوپەیمانی لەگەڵ هەموو لایەنێكدا ببەستێت، لەهەلومەرجی ئێستاشدا یەكخستنی وتاری كوردی، لەبەرژەوەندیی كورددایە.

دەستوور: چۆن دەڕوانیتە پەیوەندییەكانی ئێستای نێوان یەكێتیو پارتی؟

بەكری حاجی سەفەر: پارتیو یەكێتی سروشتو كاریگەریی تایبەتی خۆیان هەیە، لەبارەی حكومەتو بەڕێوەبردنی كارەكانو سیاسەتی حكومەت. چەندێك پارتیو یەكێتی بتوانن هاوپەیمانیان بپارێزن، ئەوەندەش لەبەغداد حسابی زیاتر بۆ مەسەلەی كورد دەكرێت.

دەستوور: وەك دەردەكەوێت پارتی ڕێگری دروستدەكات بۆ بەرهەم ساڵح سەرۆكی حكومەتی هەرێم، یەكێتی چۆن لەهەڵسوكەوتی پارتی بەرانبەر بە بەرهەم ساڵح دەڕوانێتو خوێندنەوەی چییە؟

بەكر حاجی سەفەر: یەكێتی حەزدەكات حكومەت ئەدایەكی باشی هەبێت، دەبێت یەكێتیو پارتی باش بزانن، ئەو زەمانە تێپەڕی كەهێزی یەكەمو باڵادەست بن، بەڵكو ئێستا هێزی تری وەك ئیسلامییەكانو گۆڕان هەن. ئەگەر خۆفەرزكردن لای پارتی یان یەكێتی هەبێت، ئەوا كارێكە بەكەڵكی ئەم قۆناغە نایەت.

دەستوور: پێنج كورسی یەدەگی سەركردایەتی لەكۆنگرەدا بە بەتاڵی هێشتراونەتەوە، هەندێك دەیانوت ئەو كورسییانە بۆ ئەو كەسانەیە كە لەناو گۆڕانەوە دەگەڕێنەوە ناو یەكێتی، هەندێكی دیكەش دەڵێن بۆ سۆسیالیستو زەحمەتكێشانە، كامیان ڕاستە؟ چۆنو لەسەر چ بنەمایەك ئەو كورسییانە پڕدەكرێنەوە؟

بەكری حاجی سەفەر: لەناو كۆنگرەدا بڕیاردرا پێنج كورسی بە بەتاڵی بهێڵرێنەوە بۆ ئەو لایەنانەی لەدوای كۆنگرە دێنە ناو یەكێتییەوە، بەڵام تائێستا بە بەتاڵی ماونەتەوە. ئەگەر ئەو لایەنانە بێنە ناو یەكێتییەوە، یەكێتی بەهێز دەكەن، بەڵام تائێستا هیچ شتێك دیار نییە.

دەستوور: یەكێتی گفتوگۆو دانوستاندنی لەگەڵ ئەو لایەنانە كردووە بۆ هاتنە ناو یەكێتییەوە؟

بەكری حاجی سەفەر: یەكێتی بەردەوام دانوستاندنی لەگەڵ لایەنەكاندا هەیە، بۆ یەكخستنی ئیشوكارەكانیان، بەڵام من ئاگاداری گفتوگۆی لەو شێوەیە نیم.

---

# فەرەیدون جوانڕۆیی: پۆستەكەم لێسەندراوەتەوەو هیچ پۆستێكی ترم بۆ دیارینەكراوە

زانا ئەحمەد لەهەڵەبجە

فەرەیدون جوانڕۆیی بەرپرسی لقی (١٢)ی پارتی لەهەڵەبجە، پۆستەكەی لێسەندراوەتەوەو ئێستا بەبێ كاری حیزبی لەماڵەوە دانیشتووە، لەجێگەكەشی نەجات حەسەن دانراوە.

دوابەدوای ئەو شكستەی كەپارتی دووچاریهات لەدەڤەری سلێمانیو بەتایبەت ناوچەكانی هەڵەبجەی شەهیدا لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی عێراق، سەركردایەتی ئەو حیزبە دەستیكرد بەئەنجامدانی چەند گۆڕانكارییەك لەلقەكانیداو بۆ ئەم مەبەستەش كەمتر لەهەفتەیەكە پۆستی بەرپرسی لقی (١٢)ی هەڵەبجە لەفەرەیدون جوانڕۆیی سەندراوەتەوەو لەجێگەكەی نەجات حەسەن بەرپرسی لقی كەركوكی پارتی دانراوەو فەرەیدون جوانڕۆییش ئاماژە بەوە دەكات كە تائێستا سەركردایەتی پارتی هیچ پۆستێكی بۆ دیاری نەكردووەو خۆشی نازانێت لەكوێ دادەنرێت.

فەرەیدون جوانڕۆیی بەرپرسی پێشووی لقی ١٢ی پارتی دیموكراتی كوردستان لەلێدوانێكدا بۆ دەستوور ڕاستی هەواڵەكەی سەلماندوو ڕایگەیاند ”هەفتەیەكە بەڕەسمی پۆستی لقی دوانزەی هەڵەبجەی شەهیدم لێ سەندراوەتەوەو تائێستا لەهیچ كوێ دەوام ناكەم، چوومەتە ماڵەوە“.

جوانڕۆیی وتی ”خۆشم نازانم كەپۆستی داهاتووم چی دەبێتو تائێستا هیچ جێگایەكم بۆ دیارینەكراوە لەلایەن سەركردایەتی پارتییەوەو لەوبارەیەوە تائێستا هیچم پێ نەوتراوە، تەنها ئەوە هەیە كەئێستا هیچ پۆستێكم نییە لەناو لقدا“.

سەبارەت بەوەش چاوەڕێدەكات كەهەمان پۆستی پێ بسپێردرێتەوە لەجێگایەكیتر، فەرەیدون جوانڕۆیی وتی ”چاوەڕێی سەرەوە دەكەم بزانم چ كارێكم بۆ دیاریدەكرێت“.



# یەکێتی "سزا"ی بەرپرسە حکومییەکانی توندتر دەکات

## یەکێتی بڕیاریداوە لەمەودوا لێپێچینەوەو سزای "توند" بۆ بەرپرسە "کەمتەرخەمو گەندەڵەکان" دەربکات



گۆران وەهاب

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بڕیاریداوە سزای توند بۆ بەرپرسە حکومییەکانی دەربکات، ئەوانەی "کەمتەرخەمو هەست بەلێپرسراوی" ناکەن، بڕیاریشە سزاکان توندتربکرێن.

بەرپرسانی ئەو حیزبە دەڵێن ئەو بڕیارە بەمانای ئەوە نییە دەست لەکاروباری حکومەت وەربدەین، رۆشنبیرانیش رایانوایە دوور نییە ئەو بڕیارە دەستتێوەردانی حیزب لەحکومەت زیاتر بکات.

هەفتەی رابردوو لەکۆبوونەوەیەکی مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ئەندامە یەکێتییەکانی لیستی ١٠٩ی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک راشکاوانە پێی وتوون یەکێتی بڕیاریداوە سزای "توند" بۆ بەرپرسە حکومییەکانی دەربکات، ئەوانەی "کەمتەرخەمو گەندەڵی دەکەن"، بەڵام ئاماژەی بەوە نەداوە کە لێپێچینەوەکە لەڕێگای حیزبەوە دەبێت یان حکومەت.

ئازاد جوندیانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، دەڵێت یەکێتی نایەوێت دەستوەربداتە کاروباری حکومەت، "پەنادەبەینە بەر نوێنەرەکانمان لەحکومەت تائەوان بەو ئەرکە هەستن".

لەکۆنگرەی یەکێتیدا یەکێك لەو خاڵانەی کەقسەی لەسەرکرا، چۆنیەتی لێپێچینەوە بوو لەبەرپرسە حکومییەکانی سەر بەو حیزبە.

رووناك مەحمود ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت ئەو لێپێچینەوەیە دانانی بەرنامەی تازەیە لەدوای کۆنگرەوە، "بەدواداچوون دەکرێت لەسەر هەموو بەرپرسو دامودەزگا حکومییەکانیش تا ئەو بەرپرسەی هەڵەدەکات، بەپێی یاسا سزابدرێتو کەمتەرخەمی نەکرێتو جیاوازی لەنێوان یەکێكو کەسێکی تردا نەکرێت".

زۆرترین ئەو رەخنانەی ئێستا لەهەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دەگیرێت ئەو دەستتێوەردانانەیە لەکاروباری حکومەتدا، کەتازەترینیان بەبڕیارێکی سەرۆکی حکومەت قایمقامێکی نوێ بۆ قەزای رانییە دادەنرێتو بەبڕیارێکی حیزبیش رەتدەکرێتەوە.

رووناك وتی "لەپێشتردا یەکێتی خاوبووە لەسزادانی ئەو ئەندامانەی کەمتەرخەمبوون، بەڵام ئێستا ئەو خاوییە نەماوە، پێش کۆنگرە خاوی لێبوردن هەبوو، بەڵام ئێستا لێپێچینەوەکە توندوتیژترە".

هەروەها وتی "دەبێت دەستبخرێتە سەر برینەکانو رێگاچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە".

ترسی ئەوە هەیە ئەو بڕیارە دەستتێوەردانی حیزبی بۆ نێو کاروباری حکومەت زیاتر بکات، بۆیە داوادەکرێت یەکێتی لەڕێگەی حکومەتەوە ئەو کارە بکات.

لەتیف فاتیح فەرەج چاودێری سیاسی، ئەو هەنگاوەی ئەو حیزبە بەباش دەزانێت بۆ سزادانو لێپێچینەوە لەبەرپرسە حکومییەکان، بەڵام لێپێچینەوەکە نەچێتە چوارچێوەی دەستوەردان لەکاروباری حکومەت.

لەتیف وتی "یەکێتی ئەوانەی کەمتەرخەمبوون لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکاتو بۆ خەڵکی ئاشکرابکات کە لەبەرئەو کەموکوڕییانە، پارێزگارە یان قایمقامە یان وەزیرو جێگر وەزیرە سزادراوە، بەڵام ئەگەر دەستیوەردابێت لەکاروباری حکومەت، ئەوە کارێکی خراپەو پێویستە حکومەت خۆی ئەو کارەبکات".

ئەو بەباشی زانی حکومەت لیژنەیەکی چاودێری هەبێت نەك وەك ئەوەی ئێستا کەپڕە لەکەموکوڕی، وتی "ئەو لیژنەیە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران چاودێری وەزیرەکان بکاتو لەسەر ئاستی خوارتریش چاودێری خوارەوەبکات تادەگاتە فەرمانبەرێکی ئاسایی، ئەگەر ئەمەیکرد ئەوە دەتوانرێت لەدیاریکردنی سێ مانگی یان شەش مانگیدا سیستمی لێپێچینەوەو دەستخۆشی بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەگەر حیزب بیکات کێ ناڵێت ئەو لیژنەیەی حیزب داینراوە، خۆشیان لەکاروبارەکانیاندا کەمتەرخەمنین".

لەتیف فاتیح فەرەج بەباشی زانی حیزب سەرزەنشتی ئەو کەسانە بکات کەکەمتەرخەمن، بەڵام لەدەرەوەی حکومەت.

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥و ٣/٦ یەکێتیو پارتی بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەت، چەندین ئاڵوگۆڕیان بە بەرپرسی حکومی دەکردو دووریاندەخستنەوە، ئەوەش لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەمەترسی دادەنرا.

ئازاد جوندیانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت پێش کۆنگرەش یەکێتی بڕیارێکی لەو شێوەیەی هەبووە، ئەو بەرپرسە حکومیانەی یەکێتی بوونو کەمتەرخەمبوبن، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە.

ئەو وتی "بەڵام لێپرسینەوەکە بەو مانایە نەبووە بەرپرسێك بانگبکرێتو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، دوای ئەوەی رونبووەتەوە کەموکورتی هەیەو کارەکەی بەباشی بۆ بەڕێوەناچێت هەوڵی گۆڕینی دراوە، ژمارەیەکی زۆریش لەبەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە".

جوندیانی پێیوایە کاتێك حیزب بڕیاردەدات کەسێك لەئیدارە بگۆڕێت کارێکی وائاسان نییە، وتی "دەبێت حیزب پەنابەرێتەوە بەر نوێنەرەکانی خۆی لەحکومەت تائەوان بەو ئەرکە هەستن".

هەروەها وتی کەگۆڕانکارییەکان لەپێناو خزمەتکردنی باشتری هاووڵاتیاندا بووە.

زانیاری ئەوە هەیە کەیەکێتی بەنیازە خۆی هەڵسەنگاندن بۆ بەرپرسە حکومییەکانی بکات، بەڵام وتەبێژی ئەو حیزبە دەڵێت ئەوە کاری ئێمە نییەو ئەو لەڕێگەی بەرپرسە حکومییەکانمانەوە هەڵسەنگاندن دەکەین.

جوندیانی وتی "راستە ئێمە جۆرێك لەهەڵسەنگاندنی خۆمان هەیە بۆ ئەو بەرپرسە حکومیانە، بەڵام ئێمە نین بڕیاریان لەسەر بدەین ئەوە حکومەتە بڕیاریان لەسەر دەدات".

رووناك مەحمود کەئەندامێکی یەکێتییە، پێیوایە کەیەکێك لەو هەڵانەی تائێستا یەکێتی بەسەریدا تێپەڕیوە ئەوەیە کەسزای بەپێی یاسایی نەبووە.

ئەو وتی "لەمەودوا هەرکەسێك لەئەدائی وەزیفیو سیاسیدا کەمتەرخەمبێت، دەبێت سزا بدرێت".

توانا ئەحمەد بەڕێوەبەری راگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەڵێت ئەنجومەنی وەزیران چاودێری وەزارەتەکان دەکاتو ئەرکی وەزارەتەکانە کەسیاسەتی حکومەت جێبەجێبکەنو چاودێری بەرپرسە ئیدارییەکانی بکەن.

ئەو وتی "لێپرسینەوە لەهەر بەرپرسێکی ئیداری کە کەمتەرخەمبێت ئەوە حکومەت لێی بەرپرسە جا وەزیر بێت یان بەڕێوەبەر بێت، لەسزادانیان لەکاتی کەمتەرخەمیدا یان پاداشتکردنیان".

توانا دەڵێت بەرپرسێکی ئیداری کەکادیری حیزبە، ئەگەر کەمتەرخەمبێت حیزب دەتوانێت بیگۆڕێت ئەویش لەڕێی نوێنەرەکانییەوە لەحکومەت بەجۆرێك کەسێکیتر دادەنرێت.

بەڵام وتی "گۆڕینەکە لەدەسەڵاتی حکومەتە نەك حیزب، حکومەت بەپێی رێوشوێنی ئیداریو یاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرپرسە ئیدارییانەدا دەکات، کاتێکیش دەچێتە دەرەوەی ئەو رێنماییانە، رووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێت یان پاداشتدەکرێت".

سەرهەنگ حەمید مامۆستای یاسا لەزانکۆی سەلاحەدین دەڵێت لادانی هەر بەرپرسێکی ئیداریو سزادانی بەپێی یاسای ئینزباتی دەبێت کەحکومەت پەیڕەوی دەکات.

ئەو وتی کاتێك باس لەموئەسەسات دەکرێت، دەبێت حیزب لەحکومەت جیابکرێتەوە، وتی "لەلایەن حکومەتەوە لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسە ئیدارییەکاندا دەکرێت نەك حیزب، بۆیە کاتێك حکومەت پێکدەهێنرێت حکومەت لێپرسینەوە لەبەرپرسە ئیدارییەکان دەکات، ئەگەر بەهەڵبژاردن حیزب کەسێکی دانابێتو کەمتەرخەمبێت بۆ جارێکیتر داینەنێتەوە".

لەکۆتاییدا وتی "بەڵام مەسەلەی لێکۆڵینەوەو سزادان لەدەسەڵاتی حکومەتدایە".

# کەرکوك ترسی تەقینەوەی جەماوەری هەیە

## خراپی خزمەتگوزاری، هەڕەشەیە بۆ سەر بەرپرسان

کاروخ نامیق

لەبەرامبەر کەمی خزمەتگوزاری شارەکەیان، لەچەند رۆژی رابردوودا هاووڵاتیانی شاری کەرکوك چەند خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، کەتێیدا پشێوی کەوتە نێوان خۆپیشاندەرانو هێزەکانی پۆلیسەوە.

هاووڵاتیانی شاری کەرکوك ئاماژە بەوە دەدەن ئەگەر بارودۆخی خزمەتگوزاری شارەکەیان باش نەکرێت، بەردەوامدەبن لەخۆپیشاندان، رۆشنبیرێکی شارەکەش رایدەگەیەنێت ئەگەر خزمەتگوزاری بەو جۆرە بمێنێتەوە، ئەگەری تەقینەوەی زیاتری لێدەکرێت.

گرنگترین ئەو کێشە سەرەکییانەی ئێستا هاووڵاتیانی شاری کەرکوك بەدەستییەوە دەناڵێنن، بریتییە لەکەمی کارەباو ئاو و نەبوونی ئاوەڕۆو قیرتاونەکردنی کۆڵانەکان.

کارزان عوسمانی ٢٥ ساڵ، هاووڵاتییەکی دانیشتووی گەڕەکی پەنجا عەلییەو خوێندکاری زانکۆیە، دەڵێت هاووڵاتیانی کەرکوك بەتەواوی بێزاربوون لەنەبوونی خزمەتگوزاری.

لەئێستادا شارەکە رۆژانە کەمتر لە ١٠کاتژمێر کارەبایان هەیە، ئەمە جگە لەکەمی ئاوی خواردنەوەو نەبوونی ئاوەڕۆ کە تائێستاش بەشی هەرە زۆری گەڕەکەکانی کەرکوك ئاوەڕۆیان نییە.

بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆوە، کۆڵانەکان بوونەتە زەلکاوو قوڕوچڵکاو بەدەیان نەخۆشییان بڵاوکردووەتەوە، هەروەها رێگاوبانەکانی کەرکوك زۆر خراپەو بەتەواوی وێرانبوون.

کارزان وتی "تا بەرپرسانی کەرکوك تەواوی داواکاریەکانمان بۆ جێبەجێدەکەن، بەردەوامدەبین لەفشار خستنەسەریانو خۆپیشاندانی گەورەتر ئەنجامدەدەین".

ئەو هاووڵاتیەوە وتی "لەساڵی رابردووە بەڵێنیانداوە کەموکوڕیەکانمان بۆ چارەسەربکەن، بەڵام تائێستا کەس نەهاتووە بەدەم داواکاریەکانمانەوە".

لەهەفتەی رابردوودا دوو خۆپیشاندانی جیاواز لەوشارەدا ئەنجامدرا، لەهەردوو خۆپیشاندانەکەدا هاووڵاتیان داوای ئاو و کارەباو خزمەتگوزاریان دەرکردو شەقامەکانیان دەگرت.

لەخۆپیشاندانەکەی گەڕەکی رزگاری (ئاوارەکانی فەیلەق)، خۆپیشاندەران بەردبارانی هێزەکانی پۆلیسیان کرد، دوای ئەوەی کارەبای هاووڵاتیان کارەبای نایاسایيان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لەگەڕەکی عەرەفە راکێشابوو، ئەو گەڕەکە زۆرینەی ماڵە بەرپرسەکانی لێیەو ٢٤ کاتژمێر کارەبایان هەیە، ئاوارەکانی فەیلەقیش تەنها ١٠ بۆ ١٢ کاتژمێر لەرۆژێکدا.

دانا عەسکەری رۆشنبیرێکی شارەکە وتی "پێویستە ئەم خۆپیشاندانانە بەردەوامبێت بۆ ئەوەی دەسەڵات ناچاربێت مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتیان جێبەجێبکات".

ئەو رۆشنبیرە هۆشداری دەداتە بەرپرسانی شاری کەرکوك، کەئەگەر بارودۆخی خزمەتگوزاری هاووڵاتیان بەو جۆرە بمێنێتەوە، ئەگەری تەقینەوەی زیاتری لێدەکرێت.

ترسی ئەوە لەلایەن بەرپرسانی شارەکە دروستبووە، کەتەقینەوەی جەماوەری رووبداتو پێیان کۆنترۆڵنەکرێت، لەکاتێکدا بارودۆخی ئەمنی شارەکە لەئێستادا باش نییە.

دانا عەسکەری وتی "ئیتر خەڵك بێدەنگ نابێت".

جەمال مەولود ئەندامی پارێزگای کەرکوكو ئەندامی ژووری هاوبەش بۆ چارسەرکردنی کێشەی کارەبای کەرکوك، وتی "هاووڵاتیانی گەڕەکی فەیلەق کارەبایان بەنایاسایی راکێشابوو، بۆیە بڕدرا".

هەروەها وتی "لەچەند رێگەیەکەوە لەهەوڵداین بۆ زیادکردنی رێژەی کارەبای هاووڵاتیان، بڕیارە لەسەری مانگ وێستگەی کارەبایی ٢٥٥ مێگاواتی شارۆچکەی تازە کەپێشتر لەکار کەوتبوو، بکەوێتەوەکار". پێیوابوو بەوە دەتوانن رێژەی کارەبای هاووڵاتیان زیاتر بکەن.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك وتی "هاووڵاتیان مافی خۆیانە داوای ئاو و کارەباو خزمەتگوزاری لەحکومەت بکەن، بەڵام هەندێك گەڕەك هەیە لەتاپۆ تۆمارنەکراوە، رەنگە فەرمانگەکانیش نەتوانن خزمەتگوزاری بگەیەننە ئەو گەڕەکانەی تاپۆیان نییە".

ئەحمەد پێیوایە کەهەندێك گرفت لەکەرکوك هەیە، ئەگەر هۆکارەکانی لێکبدەیتەوە، "رەنگە بەر لەهەر کەسێکیتر بارودۆخی شارەکە تیا تاوانباربێت".

وتی "ئەویش هۆکارەکانی زیاتر پەیوەندی هەیە بەخەرجنەکردنی پارەو بارودۆخی پرۆژەکانو کەمی چاودێری".

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك پێیوایە "ئەو گرفتانەی لەناوشاری کەرکوکدا هەیە، پەیوەندی هەیە بەکەمتەرخەمی بەرپرسانی شارەکە، لەبەرئەوەی پارە تاڕادەیەك لەبەردەستدابووە".

دانا عەسکەری رۆشنبیر پێیوایە ئەو بارودۆخە زۆر بەخراپی بەسەر کورد لەشاری کەرکوك دەشکێتەوە، ئەو وتی "لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ئەو کەسانەی چەندجارێك لەلایەن دەسەڵاتەوە بەڵێنیان پێدراوە، جارێکیتر ئامادەنییە دەنگ بەکورد بدەنەوە، باشترین نمونەش ئەو دەنگانەیە کەلیستی عێراقییە لەهەڵبژاردنی رابردوودا لەکەرکوك بەدەستیهێنا".

کارزان ئەو گەنجەی شارەکە وتی "پارێزگاری کەرکوك خۆی رایگەیاندووە، حەوت مانگ لەساڵی ٢٠١٠ تێپەڕیووە، نەمانتوانیوە لەسەدا پەنجای ئەو بودجەیە خەرجبکەین کەبۆ کەرکوك تەرخانکراوە".

"رەنگە فەرمانگەکان نەتوانن خزمەتگوزاری بگەیەننە ئەو گەڕەکانەی تاپۆیان نییە"


# زنجیرەی تورکی نوێ لەڕەمەزاندا پێشکەش ناکرێت



محەمەد

سەرەڕای ئەوەی زنجیرە تورکییەکان دوای دۆبلاژکردنیان بەشێکی زۆریان لەکاتی تەلەفزیۆنە کوردیو عەرەبییەکان بردووە، بەڵام کەناڵە تورکییەکان بەهۆی ئەوەی ڕەمەزان دەکەوێتە کۆتایی وەرزی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانەوە، زنجیرەی نوێ پێشکەشی بینەران ناکەنو لەسەر زنجیرە کۆنەکان تا کۆتایی وەرز بەردەوامدەبن.
بەهۆی ئەوەی مانگی ڕەمەزان دەکەوێتە سەرەتای مانگی ئابەوەو ئەو کاتەش کۆتایی وەرزی (سیزن)ی زۆرینەی زۆری ئەو زنجیرانەیە کە لەکەناڵە تورکییەکانەوە پەخش دەکرێن، کەناڵەکان بەرنامەیەکی تایبەتییان بۆ ئەو مانگە نییە، جگە لەچەند گۆڕانکارییەکی ورد لەهەندێك بەرنامەو گرتەی نێو زنجیرەکان، کە بەبڕوای هەندێك کەس شیاو نین لەمانگی ڕەمەزاندا پیشانبدرێن.
کەناڵ دێ کەیەکێکە لەو کەناڵانەی ناوبانگێکی باشی هەیە، بەردەوامدەبێت لەسەر ئەو زنجیرەیەی پێشتر کە لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا پەخشی کردبوو، کەبریتییە لەزنجیرەیەکی وەرگیراو لەئەرژەنتینەوەو بەتەواوەتی کۆمیدیایە. لەکەناڵی ئەی زنجیرەیەك کە لەساڵی ٢٠٠٣دا دادەبەزیو تەواوی بەسەرهاتەکانی کۆمیدینو ناوی (با منداڵەکان گوێیان لێ نەبێت)، بەوەرزێکی نوێوە لەسەرەتای مانگی ئابدا دەستپێدەکاتەوە. کەناڵی شۆ زنجیرەیەکی نوێ لەسەرەتای مانگی ئەیلولدا بەناوی (چاخی مۆم) دەستپێدەکات. هەروەك لەکۆتایی مانگی ئابدا زنجیرەیەکی نوێ بەناوی (نهێنییە بچوکەکان) لەو کەناڵەوە پەخشدەکرێت. منداڵانی هیوا ناوی ئەو زنجیرەیەیە کە لەکۆتاییەکانی مانگی ئابو سەرەتای ئەیلولدا لەکەناڵ دی دادەبەزێ.
هەروەك زنجیرەیەکی کۆمەڵایەتی بەناوی (باوەشی دایك) لەکۆتاییەکانی ئەم مانگەدا لەشاشەی تەلەفزیۆنی ستارەوە دەست بەپەخش دەکات. (کۆشکی شێتەکان) ناوی ئەو زنجیرەیەیە کە لەمانگی ئەیلولدا لەشاشەی تەلەفزیۆنی ئەیەوە پێشکەشدەکرێت.
بەگشت تەلەفزیۆنە بەناوبانگەکان جگە لەکەناڵە دینییەکان، زنجیرەیەکی تایبەتیان بەمانگی ڕەمەزان نییە، چونکە زنجیرەکان وەرزینو زۆرینەیان لەمانگی ئەیلولدا وەرزی نوێیان دەستپێدەکات.
لەکەناڵە عەرەبییەکانیش هەریەك لەبەشی دووەمی (٣٧ درجە مئویە) کەزنجیرەیەکی کۆمەڵایەتی سعودیەو لەکەناڵی mbc دادەبەزێتو زنجیرەی (ابواب الخوف) کەیەکەمین زنجیرەیەی ترسناکی عەرەبییەو هەریەك لەزنجیرەکانی (العار) و (امراه فی ورطه) و (باب الحاره)و (بابانور)و (بین شوطین)و (حامد قلبه جامد)و (ذاکره الجسد)و (رجال مطلوبون) و(رحیل مع الشمس)و (سقوط الخلافه) و (بیت الباشا) لەکەناڵەکانی mbc و کەناڵە عەرەبییەکانی دیکە لەشەوانی ڕەمەزاندا پێشکەشدەکرێن.



# لوقمان غەریب:
# کاری ئەمجارەم جیاوازتر دەبێت

دەشتی ئەنوەر لەسلێمانی

دەرهێنەر لوقمان غەریب لەلێدوانێکیدا بەدەستووری ڕاگەیاند کەئێستا سەرقاڵی کارێکی هونەری نوێیە، بەڵام تائێستا ئاشکرای نەکردووە، ئەویش لەبەر هەندێك هۆکار. ئەو وتی "کاری ئەمجارەم جیاوازتر دەبێت لەجارەکانی پێشووتر".
ئەو دەرهێنەرە کەپێشووتر دوو کاری لەلایەن کەناڵی کوردسات تیڤییەوە ڕاگیرا، بەدەستووری وت "دەبێ دەرهێنەر بزانێ چۆن کاری نوێ بەرهەمدەهێنێتو خەڵکی سوودی لێوەربگرێت، ئەگەرچی درامای نامەکانی ئەشرەف لای هەندێك کەس جێگەی نیگەرانی بوو، بەڵام کارەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراو بینەریش توانیان بەچاوی خۆیان کارەکە ببینن".
لوقمان غەریب ئاماژەی بەوەدا کەکۆمەڵگای کوردی هەندێك شتە هەیە قبوڵی ناکات، بۆیە ڕای وابوو لەمەودوا دەبێت دەرهێنەر بزانێ چۆن دراما بەرهەمدەهێنێت، تاوەکو بەرهەمەکەی بەباشی سوودی لێوەربگیرێتو بینەر بڕیار لەسەر ئەرکەکەی بدات.
لوقمان غەریب وتی "خاڵێکیتر کەگرفتی دەرهێنەرە، ئەوەیە هەرچی کەناڵ هەیە لێرە هەمووی حیزبیە، بۆیە ئەم کەناڵانە بەپێی بەرژەوەندی حیزبەکەی خۆیان ڕێدەکەنو لەو هێڵە لانادەن، بۆیە بەو شێوەیە تووشی گرفت دەبنو دراماکان لەنیوەدا ناهێڵن تەواوبێتو لەپەخشکردن دەیوەستێنن".

# حسێن عەلی زیندووکرایەوە
# گروپی مەقامبێژان لەشاری کفری دروستدەکرێت

دەشتی ئەنوەر

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان ئەوەی ئاشکراکرد کەئێستا سەرقاڵی خۆئامادەکردنن بۆ دروستکردنی گروپێکی مەقامبێژی، کەبنکەکەیان دەکەوێتە شاری کفریەوەو ئەوەش بەیەکەم هەنگاو دادەنرێت لەهونەری کوردیدا.
ئومێد سەعدوڵڵا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان بەدەستووری ڕاگەیاند "ئێستا سەرقاڵی پێکەوەنانی گروپێکی مەقامی کوردین کەهەموو مەقامبێژەکانی ناوچەی گەرمیان کۆبکەینەوەو چیتر لەپەراوێزیدا نەبن".
هەروەها وتی "بیرۆکەی ئەم گروپە مەقامبێژە لەوەوە هات کەئێمە ئێوارە مەقامبێژێکمان بۆ هەژدە مەقامبێژ سازکردو بڕیارماندا ئەم گروپە دروستبکەینو شاری کفریش بنکەی سەرەکیان بێت، کەدەبێتە هەنگاوێکی باش بۆ ئاوڕدانەوە لەو مەقامبێژانە».
بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری گەرمیان ئەوەشی وت "ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنی ئەو پرۆژەیەینو ئەو کەسانەش کەوەردەگیرێن، دەبێت کەسانی باشو بەتوانا بن لەڕووی مەقامبێژیەوە، چونکە ئەو کەسانەی هەڵدەبژێرێن بۆ مقاموتنو دەبێتە ئەندامی ئەو گروپە، لەلایەن ئەو لیژنەیەوە دەبێت کەهەموویان مەقامبێژنو پێشتر گۆرانیان وتووەو کاسێتیان تۆمارکردووە یان کەسانی بەتوانابوونو بەدیار نەکەوتوون، ئێستا پێویستیان بەخزمەتکردن هەیە".
ئومێد سەعدوڵڵا ئەوەشی ئاشکراکرد کەهەر شارێك وەکو ناسنامەی کلتووری خۆی، ئیشی لەسەر دەکەنو کلتوورەکەی زیندوودەکەنەوە.
لەلایەکی ترەوە دوێنێ لەقەزای داقوق، لەساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەندو مەقامبێژ حسێن عەلی ئاهەنگێکی هونەری سازکرا.
لەو ئاهەنگەدا چەندین هونەرمەندو دەنگخۆش بەشداریان تێدا کردوو و تێیدا گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە گەورەیەو مەقامبێژ عەلی مەردان دەوترانەوە.



حسێن عەلی بەیەکێك لەهونەرمەندە دەنگخۆشەکانی سنووری پارێزگای کەرکوك دادەنرێت، کە لەدایکبووی گوندی حەفتەغاری سەر بەقەزای داقوقە.

## تەرازوو (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

پێویستیت بەدەستپێشخەرییە لەزۆرینەی کاروبارەکانی ژیانتدا ئەگەرنا هەندێک هەلت لەدەستدەچێت.ئەم هەفتەیە خۆت بدەرە دەست هەستەکانتو شوێنیان بکەوە. هەندێک کێشە بێزارت دەکەن، بەڵام هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن بەوەی ئارامگربیت.

## دووپشک (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هەموو کارەکانت پێکەوە ئەنجاممەدە، چونکە لەوانەیە دەرەنجامەکانت بەدڵ نەبێت. هەندێک لەو شتانەی ئاواتیان بۆ دەخوازیت وادەی بەدیهاتنیان هاتووە. خۆشترین ڕۆژت لەڕووی خۆشەویستییەوە هەینییەو هەوڵبدە باش بیبەرە سەر.

## کەوان (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

هەوڵبدە هەندێک لەرەفتارو هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکانت نەبنە هۆی ئەوەی کاردانەوەی توندت بەرامبەریان هەبێت، چونکە لەوانەیە ئەوانە بەمەبەست نەبن. پێویستیت بەوەرزشە بۆ ئەوەی جەستەت وەک خۆی بمێنێتەوە. ڕۆژی بەختت شەممەیە.

## گیسک (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)


ئەوە تۆیت کەپێویستە لەسەرت پەیوەندییە سۆزدارییەکەت قوڵتربکەیتەوە، چونکە بەرامبەرەکەت ئەوەی لەسەریەتی ئەنجامی داوە. بۆچوونەکانت لەگەڵ دەوروبەرەکەت بگۆڕەوەو سودیان لێوەربگرە. ئاگاداری باری داراییت بە.

## سەتڵ (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

پێویستیت بەپشووی زیاترە لەوەی کەئێستا دەیدەیت،چونکە ئەو کاتانەی کەمتر ماندوویت، دەتوانیت باشتر کارەکانت بەڕێ بکەیتو کێشەکانی ڕۆژانەت چارەسەربکەیت. پەیوەندییە سۆزدارییەکەت بەهۆی سەرقاڵیتەوە ڕوو لەکزی دەکاتو پێویستە ئاگاداربیت.

## نەهەنگ (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

ئەم ماوەیە گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی کەڵەکەبوو،پێویستە بیر لەهەموورێگاچارەکان بکەیتەوە تادەگەیتە چارەسەر. لەکێشە بچوکەکانەوە دەستپێکەو خۆشترین ڕۆژ بۆ خۆشەویستیت یەکشەممەیە.



# دوانزە وڵات کلتووری خۆیان لەکوردستان نمایشدەکەن

دەشتی ئەنوەر لەسلێمانی

بڕیاروایە لەئایندەیەکی نزیکدا دوانزە وڵاتی جیهانی کلتووری خۆیان بێننە کوردستانەوەو لەناوچەی گەرمیان نمایشیبکەن، ئەوەش بەپەیوەندییەکی نوێی کلتووری دادەنرێت لەنێوان ئەو وڵاتانەی کەکلتووری خۆیان نمایشدەکەن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

عەباس عەبدلرەزاق بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیریو هونەر لەسلێمانی بەدەستووری راگەیاند "لەئایندەیەکی نزیکدا فێستیڤاڵێکی فرە کلتووری لەناوچەی گەرمیان دەکرێتەوە کەدوانزە وڵاتی جیهانی بەشداری تێدا دەکەنو کلتووری خۆیان نمایشدەکەن".

هەروەها وتی "دەبوایە ئەو فێستیڤاڵە لەمانگی یانزەی ساڵی رابردوودا ئەنجامبدرایە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجەوە کەئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر نەداو بۆمانیان دابین نەکرد، بۆیە دواکەوت بۆ ئەمساڵ".

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیریو هونەر لەسلێمانی دەڵێت "ئەمە هەنگاوێکە بۆ لێك نزیککردنەوەی کلتووری نێوان ئێمەو وڵاتان، بۆیە گەرمیانیشمان دەستنیشانکرد، چونکە ئەو ناوچەیە کلتوورێکی تایبەتیان هەیەو پێویستی بەدروستکردنەوەو خزمەتکردن هەیە".

# درکاندنی نهێنییەکان ژنان تووشی کێشەدەکەن

رانا بابان لەکەرکوك

زۆرێك لەژنان باس لەوەدەکەن کەناتوانن نهێنییەکانیان بۆ پیاوەکانیان باسبکەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی دوای درکاندنی نهێنییەك تووشی کێشەدەبن.

هەندێك لەژنان بەهۆی درکاندنی نهێنییەوە تائێستا بەدەست ئەو قسەیە دەناڵێننو هەمیشە باجەکەی دەدەن، چونکە پیاوەکانیان ئەو نهێنییانەی ژنانیان پێ هەزم ناکرێت.

تارە عومەر تەمەن ٢٧ ساڵ کەپرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامداوە، دەڵێت "هەر جارێك ویستبێتم شتێك یان ئەوەی من دەیزانمو مێردەکەم نایزانێت باسیبکەم، ئەوا تووشی گرفتی کردوومو شەڕی لەگەڵدا کردووم".

ئەو ژنە بڕیاریداوە لەمەودا نهێنی دڵی باس نەکات. نەوەك تووشی کێشە ببێت. ئەو وتی "ئەگەر نهێنییەکان گەورە بێت یان بچوك، دەبێت بۆ مێردەکەمی باس نەکەمو ئەگەر هەڵەشبم ئەوا باجەکەی دەدەم، چونکە مێردەکەم ئامادە نییە هاوکارم بێت".

هاوژین ئەحمەد کەماوەی چەند ساڵێکە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامداوە دەڵێت "نهێنی لای هەموو پیاوێك نادرکێنرێت، چونکە هەندێك ئافرەت هەیە نهێنی زۆر گەورەیان هەیە، هەر کەباسی دەکەن یەکسەر تووشی گرفتی خێزانی دەبنو ئەنجامەکەی لێکجیابوونەوە دەبێت".

ئەو ژنە نمونەی ئەوەی هێنایەوە کەچەند کەسێکی هاوڕێی هەیە بەهۆی ئەوەی شتێکیان بۆ پیاوەکەیان باسکردووە، دوای ئەوە تووشی گرفتی لێکجیابوونەوە هاتوون، بۆیە ئەو ئامادەنییە باسی هیچ گرفتێك بکات بۆ مێردەکەی، چونکە دەزانێ کێشەی بۆ دروستدەکات.

ئەو ژنانەی بەهۆی باسکردنی نهێنییەکەوە تووشی گرفتێك بوون، ئێستا بەدەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنن.

سازان بەکر یەکێکە لەو ژنانە، بەدەستووری وت "بەهۆی باسکردنی نهێنییەکەوە تووشی گرفتێك بووم، بەڵام مێردەکەم هێندە دڵڕەق بوو دەستی گرتمو بەرەو دادگای بردمو لێکجیابووینەوە".

سازان ئاماژەش بەوە دەدات کەچیتر متمانە بەخۆی ناکات کەجارێکیتر هیچ وشەیەك تەنانەت بۆ "سێبەرە"کەی خۆی بدرکێنێتو وتی "ترس لەدڵمدا دەرناچێت".

# «حاڵی هونەرمەند خراپە»
# هۆزان دەروێش: نامەوێت کوڕەکەم ببێت بەهونەرمەند



موحسین یاسین

گۆرانیبێژ هۆزان دەروێش دەڵێت بەهۆی خراپی حاڵی هونەرمەندەوە لەئێستادا، رێگەنادات لەداهاتوودا منداڵەکانی رێگەی ئەو بگرن، ئەو لەم چاوپێکەوتنەی دەستووردا لەباسی منداڵی خۆیەوە دێتە سەر باسی کاری هونەریو کارە هونەرییەکانی خۆی.

هونەرمەند هۆزان مستەفا دەروێش لەساڵی ١٩٨٢ لەکۆبانێ لەبنەماڵەیەکی هونەردۆست لەدایکبووەو لەساڵی ١٩٩١ هاتووەتە ناو دنیای هونەر، بەڵام بەهۆزان دەروێش ناسراوە.

هۆزان لەساڵی ١٩٩٧ەوە لەباکووری کوردستان دەژیو تائێستاش خاوەنی پێنج ئەلبومی گۆرانییەو شەش گۆرانیشی کلیپکردووە.

هۆزان لەم دیدارەدا تیشکدەخاتە سەر ژیانی تایبەتی خۆی، لەسەردەمی منداڵیەوە لەوێنەوە بۆ هەنگاونان بۆ کارە هونەرییەکانیو دواتریش کەئێستا بەردەوامە لەگۆرانیوتن.

هۆزان سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ هونەرمەند هاوتا ئەسعەد گۆرانییەکیان پێکەوە بەناوی (ئەز هۆزانم) تۆمارکردووە. ئەز هۆزانم گۆرانییەکی سیاسی بوو.

هۆزان دەروێش سەردەمی منداڵی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت "منداڵێکی زۆر عەجول بووم. ئەو عەجولییەم وایکرد لای دایكو باوکیشم خۆشەویستبمو گرنگی زیاترم بدەنێ، جارجاریش لەگەڵ خوشکێکمدا دەبوو بەشەڕمان، دەیوت بۆچی دایەو بابە ئەوەندە گرنگی بەتۆ دەدەنو ئێمەیان فەرامۆشکردووە، بەڵام ئێستا خەڵك پێم دەڵێن زۆر لەسەرخۆیت".

ئەو هیواخوازە کوڕەکەی وەك خۆی دەرنەچێتو نەبێت بەهونەرمەند، ئەگەر حاڵی هونەر بەم شێوەیە بێت، دەروێش دەڵێت «ئەگەر کوڕەکەم بەم شێوازەی ئێستای ئێمە ببێت بەهونەرمەندو بەم شێوەیە قەدر لەهونەرمەند بگیرێت، ئەوا پێم خۆش نییە ئەم رێچکەیەی من هەڵبژێرێت، چونکە هونەر ناتوانێ بتژێنێ".

هۆزان ئەوەش ئاشکرادەکات کەزۆر خۆشحاڵە بەوەی کەژنان دەبینێت گۆرانی دەڵێنو هاتوونەتە ناو دنیای هونەرەوەو بەکارێکی پیرۆزی دادەنێت، هۆزان دەڵێت "لەکوردستانی باکووردا رەوشی ئافرەت زۆر خراپبوو، بەڵام ئێستا روو لەباشبوونە، ئافرەتی زۆر دەنگ خۆشمان هەیە کەگۆرانی دەڵێنو بەشداری کاری هونەریش دەکەن"

هۆزان دێتە سەر باسی هەڵبژاردنی گۆرانییەکانیو دەڵێت "هاوسەرەکەم زۆر هاندەرمەو زۆریش یارمەتیم دەدات، هەر ئەوەیشە وایکردووە کەمن بتوانم لەناو هونەری کوردیدا دەربکەوم".

لەبارەی ئەوەی بۆچی هونەرمەندانی باکوور زۆربەی گۆرانییەکانیان مۆرکی سیاسییان پێوەیە، هۆزان دەڵێت "لەبەر ئەوەی تائێستا ئەوان ژێردەستەنو ئازاد نەبوون، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ناهێڵن ساڵانە ئاهەنگی جەژنی نەتەوەیی کورد نەورۆز سازبکەن، هەر کاتێکیش ئاهەنگیان سازکردبێت، ئەوا رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، ساڵێکیان لەرۆژئاوای کوردستان لەئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا گۆرانییەکی سیاسیم وت، کەچی راستەوخۆ کارەبایان کوژاندەوە تاگۆرانیەکە نەڵێم، بەڵام بەردەوامبووم لەگۆرانیوتنو لەسەر شانۆ نەهاتمە خوارەوە".

هۆزان دەروێش باس لەهونەری فۆلکلۆر دەکاتو دەڵێت "هونەری فۆلکلۆر کاریگەری زۆری هەیە بەسەرمەوە، چونکە ئەگەر فۆلکلۆر نەبوایە ئێمەش نەدەبووین، نیوەی بەرهەمەکانم گۆرانی فۆلکلۆرە، تا من مابم گۆرانی فۆلکلۆر دەڵێم، بەڵام بەستایلێکی نوێ بەمۆزیکێکی نوێوە، شانازیش بەفۆلکلۆری نەتەوەکەمەوە دەکەم".

دەروێش لەبارەی گۆڕینی ستایلی گۆرانیوتنەوە دەڵێت "هونەرمەند پێویستە گۆڕانکاری بکات، بەڵام رەسەنایەتی کوردی لەدەست نەداتو ستایلی خۆی نەگۆڕێت".

لەبارەی ئەم هونەرمەندە تازەپێگەیشتووانەوە دەڵێت "لەکەناڵە کوردییەکانەوە کۆمەڵێك گۆرانی دەبینم، زۆرماندوم دەکەنو بێزاردەبم لێیان، کۆمەڵێك گەنجی دەنگخۆشمان هەیە، داوایان لێدەکەم ئەوگۆرانیانەی هەڵیدەبژێرن با فۆلکلۆرو کوردی بن باگۆرانیەکانیان زوو لەناو نەچنو لەناو دڵی خەڵکدا بمێنێتەوە»

هۆزان لەساڵی ٢٠٠١ بەخۆشەویستی هاوسەرگیری پێکهێناوە، ئێستاش کوڕێکیان هەیە بەناوی (جگەرخوێن)، تەمەنی شەش ساڵە.

لەبارەی هاوسەرەکەیەوە دەڵێت "هاوسەرەکەم زۆر هاوکاریم دەکات، ئەگەر من توڕەبم، ئەو هێمنم دەکاتەوە، ئەگەر میوانم هەبێتو ئیشم زۆر بێت، ئەوا هاوکاریم دەکات".



**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

لەم هەفتەیەدا ئەو رێچکەیە جێدەهێڵیت کەپێشتر لەسەری بوویت،ئەمە هەریەک لەژیانی تایبەتو کارەکەشت دەگرێتەوە. هەست بەئاسوودەییو ئازادی زیاتر دەکەیت لەجاران. هەندێک لەبەرپرسیارێتییەکانت کەمدەبێتەوە.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

پەیوەندییەکانت لەگەڵ دەورووبەرەکەت دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوەوە.پێویستە ئاگات لەوە بێت کام لەپەیوەندییەکانت بایەخیان زۆرە بۆتو کامانەشیان بەو جۆرە نین. هاوکات پێویستە خۆت لەهەموو کەسێک بەدوور نەگریتو بەتەنها بمێنیتەوە.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

باری دارایيت کەمێک شلۆقە لەبەر ئەوەی خەرجییەکانت زۆر زیادیکردووە.هەربۆیە پێویستە سنوورێک بۆ خەرجییەکانت دابنێیت.پەیوەندییەکی نوێی سۆزداری دەستپێدەکەیتو لەگەڵ بەرامبەرەکەتدا زۆر دەگونجێن. هەوڵبدە سوود لەرابردوو وەربگریت.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

بەسەربردنی کاتێکی زۆر بەتەنها زیانی زۆری دەبێت بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت،چونکە کەسانێک هەن دەیانەوێت سەرنجت رابکێشن. کاتەکانت دابەشبکە لەنێوان خۆتو دەورووبەرەکەتداو گەشتێک بۆ دەرەوەی شار ساز بکە.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

رەوتی هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن بەوەی پەلە نەکەیت لەئەنجامدانی کارەکانتدا لەبەر ئەوەی دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. ئاگات لەتەندروستیت بێتو ژیانی تایبەتیت گۆڕانی بەسەردا دێت.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

شتەکان بەسانایی وەربگرەو خۆت مەشڵەژێنە.ئەگەر پلانی ورد بۆ کارەکانت دابنێیت، کاتی زۆرترت بەدەستەوە دەبێت بۆ ئەنجامدانیان. هەلت لەبەردەمدایە بۆ دەربازبوون لەو رووداوانەی زۆرکات دەبنە هۆی دروستبوونی فشار لەسەرت.

www.arsivakurdi.org

# تاکتیکە کۆنەکە بۆ هێنانی نمرەی بەرز هێشتا ماوە



کاروخ نامیق

هێشتا خوێندکارانی ١٢ەیەمی ئامادەیی، بیریان لای تاکتیکە کۆنەکەیە بۆ هێنانی نمرەی زیاتر، تاوەکو لەکۆلێژێکی بەرزتر وەربگیرێن.
ساڵانە خوێندکارانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی، ئەگەر لەخولی یەکەمدا نەتوانن نمرەی بەرزبهێنن، وانەیەك یان چەند وانەیەك دەهێڵنەوە بۆ خولی دووەم یان بۆ ساڵێکیتر، ئەمەش ئەو تاکتیکەیە کەساڵانە بەدەیان خوێندکار لەو پۆلەدا دەهێڵێتەوە.
شارەزایانی بواری پەروەردە، بەو تاکتیکە دەڵێن "فێڵی پەروەردەیی"، کەخوێنکاران فێری بوون.
بەپێی بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەو خوێندکارانەی بیانەوێت لەکۆلێژەکانی پزیشکیو ئەندازیاری بخوێنن، دەبێت وانە بنەڕەتییەکانی لقی زانستی بەخولی یەکەم ببڕنو نمرەی بەرزی لێ بهێنن، خوێندکارانیش دەڵێن ئەو بڕیارە ناچارمان دەکات زیاتر ئەو وانانە بخوێنینو وانەکانی زمان بهێڵنەوە بۆ خولەکانیتر.
دیار عەلی ١٨ ساڵ خوێندکاری پۆلی دوانزەی زانستییە، دوای ئەوەی لەتاقیکردنەوەی کۆتایی ئەمساڵ بەشداریکردو هەر دوو وانەی ئینگلیزیو عەرەبی هێشتەوە، کاتێك نمرەی پۆلی دوانزە ئاشکراکرا، ٥٧ی هێنا، بۆیە بڕیاریداوە خۆی بهێڵێتەوە.
دیار وتی "هەوڵم بۆدا، نەمتوانی بیهێنم، لەبەرئەوە بڕیارمدا خۆم بهێڵمەوە بۆ ساڵێکیتر، بەڵکو بتوانم نمرەی باشتر بەدەستبهێنمو لەکۆلێژێکی بەرز وەربگیرێم".
شوانە عومەر ١٨ ساڵ، خوێندکاری پۆلی دوانزەی زانستییە وتی "کاتێك نمرەم وەرگرتەوە، ئەوەی هەوڵم بۆ دابوو، نەمتوانی بەدەستیبهێنم"، شوانە دەڵێت "پێشتر هەردوو وانەی عەرەبیو ئینگلیزیم هێشتبووەوە بۆ خولی دووەم، بۆ ئەوەی ئەگەر لەخولی یەکەمدا نەمتوانم نمرەی بەرزبهێنم، لەخولی دووەمدا بتوانم تۆڵەی بکەمەوە".
مامۆستا شەفیق محەمەد سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، پێیوایە خوێندکاران ناچاردەکرێن هەندێك وانەبهێڵنەوە، لەبەرئەوەی کۆلێژە بەرزەکانی وەك پزیشکیو ئەندازیاری ئەو وانانەی تایبەتمەندن بەو دوو کۆلێژە، خوێندکار دەبێت بەخولی یەکەم تێیدا دەربچێتو نمرەکەی بەرزبێت.
ئەو وتی "بەڵام ئەگەر خەریکی خوێندنی زمانەکان بن وەك کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی، لەوانە زانستییە بنەڕەتییەکان نمرەی کەمتردەهێنن، بۆیە زۆرجار خوێندکاران ئەو وانانە دەهێڵنەوە کەزمانن".
بەڕای ئەو سەرپەرشتیارە ئەو کارەی خوێندکاران فێڵکی پەروەردەییە، لەو وانانەی کەدەبێت نمرەی بەرزبهێنن.
کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی وتی "بۆ ئەوەی ئەو مەترسییەی پۆلی دوانزە نەمێنێت، لەسیستمی نوێی خوێندن بڕیاری چەند گۆڕانکارییەکماندا، چونکە بەپێی سیستمی نوێی خوێندن، نمرەکان دابەشدەبێت بەسەر هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، بۆ ئەوەی بەکەلۆری نەبێت بەدێوەزمەیەك بەسەر شانی قوتابیانەوە".
کەمال نوری وتی "خوێندکار لەپۆلی دوانزە ناکەوێت، ئەگەر خۆی خۆی نەکەوێنێت، لەبەرئەوەی دەترسێت لەخولی یەکەمدا نەتوانێت نمرەی بەرزبهێنێت، بۆیە خۆی دەهێڵێتەوە بۆ خولی دووەم یاخود بۆ ساڵێکیتر".
لەئەمساڵدا ئاستی دەرچوون لەخولی یەکەمدا تەنها لە٢٥٪، بەڵام ساڵانە لەخولی دووەمدا ئەو ئاستە بەرزدەبێتەوە، دوورنییە کەمی ئەو ڕێژەیەش بەهۆی ئەو تاکتیکەی خوێندکاران بێت.
کەمال نوری ئاشکرایکرد "بەپلەی یەکەم خوێندکارانی بەشی زانستی خۆیان دەهێڵنەوە، دواتر بەشی وێژەیی، بەڵام بەشی پیشەیی زۆر کەم خۆیان دەهێڵنەوە".



فایەق سەعید

جیهانبینی پەروەردە

faiekk@hotmail.com

## یاریکردن لەئەدەبیاتی پیاژێدا

ئەوەی باوە لەلای ئێمەی گەورە، ئەوەیە ئێمە لەزۆربەی بوارەکانداو بەتایبەت لەبواری منداڵاندا خۆمان بەزانایەکی گەورە دەزانینو بەتایبەتیش لەبواری یاریکردنی منداڵانەدا، شت نییە لەدەستمان رابکات بەبێ ئەوەی شرۆڤەیەکی پەروەردەییانەو راڤەیەکی دەروونناسیانەی زۆر باشی بۆ بکەین، بەڵام لەراستیدا ئێمە کەمترین زانستمان لەبارەی منداڵانەوە هەیە. زۆرێک لەئێمەش پێیوایە یاریکردن تەنها بۆ ئەوەیە منداڵ کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەسەرببات. بێگومان مەرجی خۆشیو لەزەتوەرگرتن لەیاریکردندا یەکێکە لەمەرجە سەرەکییەکان، بەڵام بەدەر لەمە تا چەند یاریکردن رۆڵ لەپرۆسەی گەشەسەندنی مەعریفی منداڵاندا دەبینێت؟ بەتایبەت لەقۆناغی هەست –جوڵەدا (تەمەنی ٠ –٢ ساڵ). لەم هەفتەیەدا تیشکدەخەینە سەر هەندێک لایەنی یاریکردن لەلای گەورە دەروونناسو پەروەردەناسی سویسری ژان پیاژێ.
لەنێوان پیاژێو گەورە دەروونناسی رۆسیدا لیۆ ڤیگۆجیسکی زیاتر لەخاڵێکی هاوبەش لەمەڕ رۆڵی یاریکردن لەپرۆسەی پەروەردەو فێربووندا هەیە، کەئێمە لێرەدا بواری راڤەکردنیمان نییە. گەورە دەروونناسی ئەمریکیش، هربرت مید لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی لەمەڕ رۆڵی یاریکردن لەم پرۆسەیەدا نووسیوەو بەکورتیش یارییەکان دەکات بەدوو بەشەوە (Play & Game)، واتە یاریکردنی ئاساییو ئەو یارییانەش کە بەمەبەستی پێشبڕکێ سازدەکرێن. ئەوەی شارەزایی لەئەدەبیاتی مۆنیسۆری ئیتاڵیشی هەبێت، ئەوە دەزانێت کەیاریکردن یەکێک لەبڕگە سەرەکییەکانی قوتابخانەکەی ئەو بووە کەئەمڕۆ بەقوتابخانەکانی مۆنیسۆری دەناسرێنەوە.
یاریکردن لەئەدەبیاتی پیاژێدا زەمینەیەکی گونجاو بۆ هەموو جۆرە کردارێک دەڕەخسێنێتو یارمەتیدەرێکە بۆ پرۆسەی فێربوونو بیرکردنەوەش. بەدەر لەیاریکردنی ئاساییش، پیاژێ باس لەدوو فۆرمی دیکەی یاریکردن دەکات، کەدووەمیان بەیاری رێسائامێز ناوبردووە (هەمان فۆرمی دووەمی هربرت مید) و سێیەمیشیان بەیاری سیمبۆلئامێز یا رەمزی ناوبردووە. ئەم فۆرمی سێیەمە فۆرمێکی زۆر باڵای یاریکردنەوەو لەلای پیاژێ بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەپرۆسەی بیرکرنەوەوە بەستراوتەوە. بەشێوەیەکی گشتییش هەموو فۆرمەکانی یاریکردن لەژیانی رۆژانەی قوتابخانەو باخچەکاندا لەهەشتاکان بەدواوە رۆڵێکی گەورەی لەپرۆسەی پەروەردەییو پێگەیاندنی کۆنستروکتیڤانەی منداڵاندا هەیە، کەبەدەر لەپەروەردە پەیوەندی بەزۆر زانستی دیکەوە هەیە. لەکاتێکیشدا یاریکردن لەقوتابخانەکانی ئێمەدا وەکو حەرام وایە، لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا خەریکە وەکو وانەیەکی لێدێت کە لەناو پرۆسەی پەروەردەییەکەدا هەمیشە هاوپێچکراوە.
یارییەکان لەقۆناغی یەکەمی گەشەسەندنی منداڵاندا (٠ –٢ ساڵ) دەکەونە دەرەوەی پرۆسەی بیرکردنەوە، چونکە یارییەکان زیاتر بۆ ئەکتیڤکردنی جوڵانەوەکانو درکپێکردنە. بیرکردنەوەی (خودبینانە) زیاتر لەو یارییانەدا کاردەکات کەپیاژێ بەیاری سیمبۆلئامێز پێناسەی دەکات، چونکە بۆ بەشداریکردن لەو یارییانەدا منداڵ پێویستی بەبیرکردنەوە هەیە. بەکارهێنانی سیمبۆل لەیارییەکاندا پێویستی بەئاستێکی بیرکردنەوە هەیە. بۆ نمونە، بەرزکردنەوەی پەرداخێکی بەتاڵو وێناکردنی وەک پەرداخێکی بیرە، ئەوەمان پێ دەڵێت کەمنداڵ خاوەنی بیرکردنەوەیەکە کەپێویستی بەجۆرە زانیارییەکی پێش وەخت هەیە لەبارەی خوادنەوەی مادە کحولیەکان. نمونەیەکی دیکە یاریکردنە لەگەڵ بووکە شووشەدا کە لەئەنجامیدا مەنەلۆجێکی بێئەندازە پێشکەوتوو بەرجەستە دەبێ. ئەم مەنەلۆجە کەپێویستی بەبیرکردنەوەو فەنتازیایەکی یەکجار زۆر هەیە، زۆر شەخسیەو لەو مەنەلۆجە جودایە کە لەئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوە بەرجەستە دەبێو پیاژێ بەمەنەلۆجی کۆلەکتیڤ ناوزەدی دەکات. ئەم مەنەلۆجەی دوایی پێویستی بەبیرکردنەوەی کۆلەتیڤ هەیەو بەندە بە بەکارهێنانی زمان کە لەهەناوی خۆیدا کۆمەڵێک چەمکی گرنگ دێنێتە کایەوە. منداڵ لەم جۆرە یارییەدا هەوڵدەدات حەزو ئارەزووەکانی خۆی تێکەڵ بەرۆحی بووکە شووشەکە بکاتو بەوی رابگەیەنێت بۆ ئەوەی بۆی بێنێتە دی. لەلایەکی دیکەشەوە پیاژێ پێیوایە لەگەڵ ئەوەشدا یاریکردن لەگەڵ بووکە شووشەدا بیرکردنەوەیەکی شەخسیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت تارماییەکی بیرکردنەوەی کۆلەکتیڤیش بەدیبکات. چونکە ئەو یارییە کە لەنێوان منداڵو بووکە شووشەیەکدا بەرجەستە دەبێ، هەڵگری جۆرە بیرکردنەوەیەکی واقیعیانەشە. بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە لەژێر گاریگەری (خودبینی)دایەو بەقسەی پیاژێ دووجار لەژێر گاریگەری خودبینی دایە. کاری ئەم بیرکردنەوەیە ئەوەیە مەبەستەکانی (من) لەرێگەی دووبارە دارشتنەوەی واقیعەوە بێنێتە دی. منداڵ هەموو خۆشیو ناخۆشیو گرفتو ناکۆکییەکانی خۆی لەرێگەی ئەو مەنەلۆجەوە بەبووکە شووشەکەی رادەگەیەنێتو بەهۆی ئەو فەنتازیا بەربڵاوەی خۆیەوە، گرفتەکان یەکالادەکاتەوەو چارەسەریشیان بۆ دەدۆزێتەوە. بەشێوەیەکی دی وایە یاری رەمزی هەوڵێک نییە لەلایەن تاکەوە بۆ مەهارکردنی واقیع، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەسیمیلیزەکردنی واقیعە لەلایەن تاکەوە.
لەم نێوەندەدا سیمبۆل دەبێتە ئامرازێک کەمنداڵ بەکاردێنێ، بەڵام ئەو سیمبۆلە لەهەمانکاتدا نیشانەیەکی شەخسیە کەتەنها ئەو منداڵە بەکاری دێنێتو زۆرجار تەنها خۆشی لێی تێدەگات، چونکە لەبەکارهێنانیدا منداڵ پشتی بەیادەوەرییە تایبەتەکانی خۆی بەستووە، لەبەرامبەر ئەمەشدا هێماکانو پیتەکان کەمنداڵ فێریان دەبێت شتێکی کۆلەکتیڤن.

# «پرۆژەکەم لەناساندنی پیتی کوردی بێ ئاکام بووە»

## غەفور ئەحمەد ئەو پیاوەی ٢٠ ساڵە خەریکی دروستکردنی پیتی نووسینی کوردییە

محەمەد نەجیب



مامۆستا غەفور ئەحمەد ئەو پیاوەی کەنزیکەی ٢٠ ساڵێکە خەریکی دروستکردنی پیتی نووسینی زمانی کوردییە، دوای چەندین هەوڵ، رایدەگەیەنێت کەهەوڵەکەی بێ ئاکام بووە.
م. غەفور بەهەوڵی خۆی پیتی نووسینی زمانی کوردی داهێناوە، کەژمارەیان ٣٩ پیتە، بەئامانجی ئەوەی کوردیش ببێت بەخاوەنی نووسینێکی کوردی.
مامۆستا غەفور ئەحمەد بەکر سەرەتای ئەو پرۆژیەی لەوەوە هات، کاتێك لەپۆلی سێی ناوەندی بووە کەئینگلیزیو عەرەبیان خوێندووە، بیری لەوە کردووەتەوە کەبۆچی کورد نووسینێکی تایبەت بەخۆی نەبێت، هەروەك گەلانیتر. ئەو وتی "بۆیە ئەو بیرۆکەیە لەمێشکمدا مایەوە تا چوومە خانەی مامۆستایان، دواتر دەستمکرد بەدروستکردنیان".
ئەو مامۆستایە پێیوایە ئەو پرۆژەیە نزیکەی ٢٠ ساڵی دەوێت بۆ ئەوەی کەجێگەی خۆی بگرێت، وتی "ئەگەر شوێنێکیش هەبێت وەك پەیمانگایەك بۆ ئەو کەسانەی کەحەزدەکەن فێربن، فێریاندەکەم".
سەبارەت بەگرنگی ئەو نووسینە بۆ میللەتی کورد، مامۆستا غەفور وتی "ئەم پیتانە بۆ هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی دەبێت، کە١٥ زاراوەیە، بۆیە کتێبێکم داناوە لەسەر گرنکیو سوودی ئەم نووسینە بۆ میللەتەکەم".
مامۆستا غەفور، سەردانی چەندین کەسی کردووە لەوانە وەزیری پەروەردەی پێشوو شەونم عەبدولقادرو وەزیری رۆشنبیری پێشووی ئیدارەی سلێمانی فتاح زاخۆیو وتی "فەتاح زاخۆیی ناردمی بۆ بەشی زمانەوانی زانکۆی سلێمانیو پاش ماوەیەك وەڵامیاندامەوە، ١١ رەخنەیان لێگرتبوو، منیش وتم ئەو کۆبوونەوەیەتان بێ من هەڵە بوو".
هەروەها سەردانی لقی ٤ی پارتیو مەلا بەختیارو دەزگای سەردەمیشی کردووە، بەڵام تائێستا ئاکامی نەبووەو وتی "نووسراویان بۆ کردووم سەردانی دەزگای ئاراس بکەم".
ئەو دەڵێت ئێمەی کورد بڕوامان بەتوانای یەکتری نییە، چونکە کەسەیری من دەکەن مامۆستایەکی سەرەتایم، لەخەیاڵی خۆیاندا دەڵێن توانای نییە، لەکاتێکدا بەهرە پەیوەندی بەتواناو بڕوانامەوە نییە.

# کچان حەز بەتەنورەی کورتو پانتۆڵی سێچارەك دەکەن

## بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە، کچان جلی فێنك هەڵدەبژێرن، بەڵام رووبەڕووی توانجی کوڕان دەبنەوە




جلی هاوینەی کچان، توانجەکانی کوڕان زیاتردەکات

رۆژگار جەبارو مونیرە نەسرەدین

بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، کچان ناچاردەکات بەدوای تەنورەی کورتو عەزیەی تاڕادەیەك قۆڵ رووتو پانتۆڵی سێچارەك بگەڕێن، بەڵام زۆرێك لەکوڕان بەتوانجو خێزانەکانیش بەبیانووی پابەندبوون بەدابونەریتەوە رێگریان لێدەکەن.

کچان خۆیان دەڵێن حەز بەتەنورەی کورتو پانتۆڵی سێچارەك دەکەین، بەشێکیشیان دەڵێن لەهەڵبژاردنی جلەکانیاندا پرس بەماڵەوە دەکەن، هەندێك لەخێزانەکانیش سنوور بۆ جلی کچەکانیان دادەنێن.

بازارەکانی شار پڕبوون لەجلی مۆدەی نوێ، خاوەنی پێشانگاکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەهێنانی جلو مۆدەکاندا خواستی لاوانیان لەبەرچاوگرتووە، دەڵێن بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە کچانو کوڕان زیاتر ئەو جۆرە جلانە هەڵدەبژێرن کە"فێنك"ن.

پشتیوان کەدوکانی جلی ئافرەتانی هەیە لەپێشانگای ئەلفو ئەلفەین بەدەستووری وت "بەپێی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، هەوڵمانداوە جلوبەرگی ئافرەتانی فێنك بهێنینە دوکانەکەمانەوە، زۆرجار دووبارە ئەو پۆشاکانەمان هێناوەتەوە لەبەر زۆری داواکاری خەڵك بەتایبەتی کچان".

سەنگەر سالار کەخاوەنی دوکانی پۆشاکی ئافرەتانە لەگەلەری رەند، ماوەیەکە بیری لەوە کردووەتەوە کەجلوبەرگی مۆدێرن بهێنێتە ناو دوکانەکەیەوە، وتی "بەپێی خواستی کەسەکان دەیانهێنین".

لەپێشانگاو کۆگاکانی جلوبەرگدا، بەرنامەیەك هەیە بۆ چۆنیەتی هێنانی جلوبەرگو رەچاوکردنی هەر چوار وەرزەکە.



کچان دەڵێن توانجی کوڕان لەهاویندا زیاتردەبێت، بەڵام ئەوان گوێی پێنادەن.

فرمێسك تەمەن ٢٢ساڵ کە بۆ کڕینی جلوبەرگی هاوینە سەردانی گەلەری رەندی کردبوو، وتی زیاتر جلێك لەبەر دەکرێت کەقۆڵ کورتو تەنك بێت.

ئەو وتی "ماڵەوە بەهیچ شێوەیەك رێگریم لێناکەن، خۆم ئازادم لەهەڵبژاردنی جۆری جلەکانم". هەروەها وتی "ئەو جلە هاوینانە رووبەڕووی توانجی کردووینەتەوە لەلایەن کوڕانەوە".

گەشاوی تەمەن ٢٥ساڵ، جۆرێك لەرووتی بەجلەکانییەوە دەرکەوتووە، بەهۆی پلەی گەرماوە، ئێستا جلوبەرگێك لەبەردەکات کەتاڕادەیەك کورتو رووتە.

خێزانەکەی گەشاو بەهۆی ئەو جلانەیەوە کەمێك رێگری لێدەکەن، بەڵام کێشەی ئەو کچە زیاتر خزمە، چونکە "تووشی گرفتی زۆری کردوون". گەشاو وای وت.

ئەمیرە نەسرەدین جیاواز لەو کچانە لەلایەن ماڵەوەیان سنوورێك بۆ جلەکانی دانراوە، ئەو جلەکانی تاڕادەیەك ئەستوورو درێژن، "هیچ کات حەزم لەجلی تەنكو رووت نییە"، هەروەها وتی "بەڵام ماڵەوەمان سنوورێکیان بۆ داناوم".


# بۆ ئەو لاوانەی خۆیان شین دەکەن!

د. بسام ونوس پسپۆڕی تەندروستی گشتی دیمەشق سوریا

خاڵکوتان بریتییە لەیەکێك لەنەریتەکانی جوانکاری کەلاوان هەندێکجار لەماوەیەکی تەمەنی ژیانیاندا پەنای بۆ دەبەن، بەمەبەستی نەخشاندنی پێست بەرەنگێکی جێگیر لەسەر رووی دەموچاو وەك برۆکانو لێوو دروستکردنی خاڵو وێنە لەسەر جەستە، ئەم کارەش بەخستنەناوەوەی جۆرێك لەرەنگ لەژێر پێستتدا.

لەراستیدا چەند گیروگرفتێك هەیە کەتووشی پێست دەبێتەوە لەئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم کارەدا، لەریزی پێشەوەیاندا تووشبوونی پێست بەحەساسیەت بەو رەنگەی دەکرێتە ژێر پێستەکەوە، کەدواتر لەشێوەی هەوکردنی پێستەکە دەردەکەوێت، دوای ئەوە دەبێتە شوێنی چاڵی لەسەر پێستو لەناوچوونی چەند خانەیەك، کەچارەسەرکردنی هەروا ئاسان نییەو لەرووی زانستیەوە دەبێت پێش ئەوەی ئەو کارە بکرێت، پێستەکە تاقیکردنەوەو پشکنینی بۆ بکرێت، تا بزانرێت هەستیاری نییە بەو جۆرە رەنگە، کەئەم پشکنینەش دەبێت بکرێت لەشوێنێکی نادیاری جەستە، واتا دەرناکەوێت بەرێژەیەکی زۆر کەمو بەرێگایەکی زانستیانە، کەدەبێت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو پشکنینە بکرێت، تا ئەنجامەکانی دەردەکەوێت، بەڵام گیروگرفتی دووەم بریتییە لەپیسبوونی پێست بەو مادەو کەلوپەلانەی بەکاردێت لەو کارەدا، وەك پیسبوونی خودی رەنگەکەو ئەو دەرزیو کەلوپەلانەیتر، بۆ خۆدورخستنەوە لەم گیروگرفتەش، دەبێت ئەو مادەو کەلوپەلانە بەرێگای تەندروستی پاکژبکرێنەوە، گیروگرفتی سێیەم کەزۆر بڵاوە، لابردنی ئەو خاڵو تاتۆیانەیە پاش ماوەیەکی تری تەمەن، زۆربەی جار ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن، پاش ماوەیەکیتر پەشیماندەبنەوە لەم کارە یان دەیانەوێت گۆڕانکاری تیا بکەن.

بۆ رزگاربوون لەم حاڵەتەش پەنا دەبەنە بەر رێگای زۆر سەرەتایی، وەك داتاشین بەگوێزانو بریندارکردنی شوێنەکە بەدەرزی کەزۆر زیان بەپێستەکە دەگەیەنن.



# فرەفڕی ماتۆڕسکیلی ئێرانی ژیانی هەولێری تێکداوە

## حکومەت نەیتوانیوە لێخوڕینی ماتۆڕسکیل کۆنترۆڵ بکات

عەلی بانیشاری لەهەولێر

خەڵکی هەولێر دەڵێن بەدەست دەنگەدەنگو ژاوەژاوی ئەو ماتۆڕسکیلە ئێرانییانەی کە لەناو گەنجانی شاردا بڵاوبووەتەوە، ئارامییان لەبەر براوە. مەترسی بۆسەر ژیانی منداڵەکانیشیان دروستبووە.



لەچەند ساڵی رابردوودا بەلێشاو ماتۆڕسکیل لەوڵاتانی دراوسێوە، بەتایبەت لەئێرانەوە دەهێنرێت بۆ کوردستان. کەئێستا لێخوڕێنیان بووەتە دیاردە لەناو شاری هەولێردا.

سەباح داود دانیشتووی گەڕەکی مەنتیکاوە لەهەولێر، دەڵێت سەعات ١٢ی نیوەڕۆ ماتۆڕ ناهێڵێت بەئاسوودەیی بحەسێنەوە، وتی «لەناو کۆڵانێکدا بەدەیان خێزانو منداڵی تێدایە، چ پێویستدەکات، تادەتوانیت دەسکی بەنزین قەپات بکەیتو بەخێرایی تێپەڕیت».

سەباح باسلەوە دەکات بەهۆی فرەفڕی ماتۆڕەکانەوە، چەندجارێك لەناوکۆڵانەکاندا شەڕەچەقۆ روویداوە، وتی «چونکە ماتۆڕسوارێك بەدەیانجار دەدات بە بەردەم ماڵەکەداو بەشێوەیەکی ناشیرین سەیردەکات، لەبەر ئەوە تۆش ناتوانیت قسە نەکەیت».

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر، زیاتر لە ٦ هەزار ماتۆڕسکیل لەناوشاردا هەن، ساڵی رابردووش ٢٠ کەس بەهۆی رووداوی وەرگەڕانو پیاکێشانی ماتۆڕەوە مردوونو ١١٠ کەسی تریش بەو هۆیەوە برینداربوون.

ئەحمەد ناجی لەئێرانەوە ماتۆڕسکیل دەهێنێت، پاشان دەیفرۆشێت بەکڕیارەکانی لەسلێمانیو هەولێرو دهۆك، دەڵێت لەئێران ماتۆڕ هەرزانە، وتی «ئێمە پارەیەکی باشمان دەستدەکەوێت، چونکە گەنج لێرە بەلێشاو روویانکردووەتە کڕینی ماتۆڕو ئەگەر یەك هەفتە ماتۆڕ لەئێرانەوە نەیەت، ئەزمەی ماتۆڕ دروستدەبێت».


هێشتا لەهەولێر لێخوڕینی ماتۆڕسکیل پێویستی بەمۆڵەتی شۆفێری نییە. بۆیە تادێت ژمارەیان زیاتر دەبێت لەناوشاردا.

عەقید قادر سدیق بەڕێوەبەری راگەیاندنو هۆشیاری لەبەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەرێم، رەخنە لەماتۆڕسوارەکان دەگرێت، کەهاووڵاتیانیان بێزاکردووە، هەروەها باس لەوەش دەکات، لەئێستادا رووداوەکانی هاتوچۆ لەناوشارو دەرەوەی شار، بەرێژەیەکی ئێجگار زۆر زیادیکردووە، ئەوەش بۆ نەبوونی مۆڵەتی شۆفێری خاوەن ماتۆڕسکیلەکان دەگەڕێنێتەوە.

عەقید قادر سدیق وتی «بەهۆی زۆربوونی ماتۆڕسکیلو زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلەوە، ژینگەی شار لەبەردەم مەترسی پیسبووندایە، دەبێت هەوڵی رووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتە بەزوویی بدرێت».

عەقید قادر سدیق دەڵێت ئەوان ناتوانن رێگەبگرن لەبەکارهێنانی ماتۆڕسکیل لەلایەن هاووڵاتیانەوە، شۆفێرەکانمان لەبەکارهێنانی ماتۆڕسکیل ئاگادارکردووەتەوە، وتی «چونکە بێزارکردنی هاووڵاتیان لەلایەن خاوەن ماتۆڕەکانەوە لەزۆربووندایە«.

عەقید قادر سدیق بەپێویستی دەزانێت حکومەت لەسنوورەکان چاودێری هێنانی ئەو ئامێرانە بکات، وتی «دەبێت باج لەسەر هێنانی ئامێرەکانی هاتوچۆ دابنرێت».



# یەکگرتوو تووشی چەقبەستن بووە

## هادی عەلی سکرتێری مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بۆ دەستوور

سازدانی: دەستوور

هادی عەلی سکرتێری مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، دەڵێت حیزبەکەی تووشی حاڵەتی چەقبەستن بووە، ئەگەربێتو لەکۆنگرەدا ئەو حاڵەتە تێنەپەڕێنێت، ئەوا وەك حیزبە تەقلیدییەکانی ناوچەکەی لێدێت.

هادی عەلی کە بەیەکێك لەریفۆرمخوازەکانی ناو یەکگرتوو ناسراوە، بڕوای وایە کاتی ئەوە هاتوو یەکگرتوو کاری بانگەوازو سیاسەت لەیەك جیابکاتەوە، بۆ ئەوەش پێیوایە کەدەبێت دامەزراوەی نوێ بۆ بانگەوازخوازیو پەروەردەکردن دابمەزرێنێت.

دەستوور: پێداگری ئێوە بۆ جیاکردنەوەی بانگەوازو سیاسەت لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

هادی عەلی: بەدرێژایی ساڵەکانی نەوەدەکان تاپێش رووخانی رژێم تاڕادەیەکی باش توانیمان جۆرێك لەهاوسەنگی بکەین لەنێوان گرنگیدان بەکاری بانگەوازو مەسەلە سیاسییەکان، بەڵام لەدوای رووخانی رژێمو ئەوگۆڕانکارییە سیاسیو ئابووریو رۆشنبیرییە فراوانەی روویکردە عێراقو هەرێمی کوردستان، بەشداربوونمان لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا وەك هێزێکی کوردستانی، ئەنجامدانی چەندین هەڵبژاردن لەسەرئاستی هەرێمو عێراقیش، ئیتر ئەو هاوسەنگییەی کەپێویستبوو لەنێوان بانگەوازو سیاسەتدا نەما، چونکە زۆربەی کاتو تواناکانمان یەکلابووەوە بۆ کاری سیاسی لەسەر حسابی لایەنی بانگەوازو پەروەردەکردن، ئێستا پێویست بەوە دەکات لەڕووی بەدامەزراوەییکردنەوە چارەسەری ئەو ناهاوسەنگییە بکەینو ئەو بۆشاییەی کەدروستبووە پڕیبکەینەوە.

دەستوور: دەوترێت بانگەواز بەردەوام باجی سیاسەتی داوە کەبەیەکەوە کۆبکرێنەوە؟

هادی عەلی: ئەوە راستە وەك وتم ململانێ سیاسییەکان ئەوەندە کاریگەرن، گشت تواناو لێهاتنەکان بەتایبەت لەسەرئاستی سەرکردایەتی بۆ خۆی داگیرکردووە، هێشتا فریاش ناکەوین، هەربۆیە بایەخدان بەبواری بانگەواز لاواز دەبێت، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەکادیرە دێرینەکانی یەکگرتوو رۆڵی خۆیان نابینن‌و نەمانتوانیوە دەزگاو دامەزراوەی تایبەتمەند بەبواری بانگەوازو پەروەردە بهێنینە کایەوە، بۆ ئەوەی ئەو کادیرە بەڕێزانە بتوانن بەشێوەیەك کەبگونجێت لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکاندا تواناو لێهاتنەکانیان بخەنەگەڕ،

> دەبێت بوارەکانی بانگەوازو پەروەردەو خێرخوازی لەچوارچێوەی دەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جێگەبکرێتەوە، لایەنی سیاسەتیش لەچوارچێوەی یاسای حیزبەکان و ڕێساکانی ململانێی سیاسیدا کاری خۆی ئەنجامبدات.

دیارە ئۆرگانە حیزبیە تەقلیدییەکان لەو ئاستەدا نین کەئیستیعابی ئەو بەڕێزانە بکات. بۆیە پێویست بەوە دەکات لەڕووی بەدامەزراوەییکردنەوە رۆڵی پێویست بۆ بواری بانگەوازو کادیرە دێرینەکانی حیزب بگێڕینەوە، چونکە ئەو بەڕێزانە لەبواری بانگەوازدا تواناو شارەزاییو رۆحیەتی کارکردنی باشیان هەیەو حەیفە لەپەراوێزدابن.

دەستوور: پێتان وانیە کەئەم ئیشکالیەتانەی کەهەیە سەرجەم هێزە ئاینییەکانی ناوچەکەی گیرۆدە کردووە؟

هادی عەلی: ئەم ئیشکالیەتە دیارە کەڕووبەڕووی زۆربەی لایەنە ئیسلامییەکانی وڵاتە عەرەبیەکان بووەتەوە، چونکە لەڕووی دیموکراسیەوە زۆر لەدواوەن، دەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئاستی پێویستدا نین. بەو هۆیەوە هێزە ئیسلامییەکانیش لەململانێیەکی توندو ئاڵۆزدان لەگەڵ رژێمە سیاسییەکان، وەك پێویست گەشەیان نەکردووە یان ڕاستتر ئەوەیە کەڕێگایان پێ نادرێت بەشێوەیەکی سروشتی گەشەبکەن‌و رۆڵی ئیجابی خۆیان ببینن لەپرۆسەی سیاسیو دیموکراسیدا.

عێراقو هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو واقیعە دواکەوتووەی ناوچەکە، ئەگەرچی لەدوای رووخانی رژێمی بەعس گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام زوویەتی بۆ ئەوەی لەڕووی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیەوە حاڵەتێکی جێگیر وەربگرێت.

ئەوەی کەپەیوەستە بەهەرێمی کوردستانیشەوە سیستمە حیزبیەکەی دەسەڵات تائێستاشی لەگەڵدا بێت، کۆسپو تەگەرەی گەورە دەخاتە بەردەم هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی دوو حیزبەکە بەگشتیو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەتایبەتی، چونکە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی بۆ کردنەوەی هەرجۆرە دەزگاو دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەیانەیەکی وەرزشییەوە بگرە تاهەر شتێکیتر دەزگای ئاسایش‌و تەزکیەی حیزبیو چەندین کۆسپو گرێکوێرە لەڕێگا دادەنرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی سەرەکی ئەو ئیشکالیەتە پەیوەستە بەخودی بزافە ئیسلامییەکانی ناوچەکەوە کەوەك رێکخراوێکی گشتگیرو هەمەلایەنە خۆیان رێکخستووەو زیاتر لەدامەزراوەی دەوڵەت دەچن وەك ئەوەی ڕێکخراوێکی سیاسی یان کۆمەڵێکی ئیسلاحی بن، هەڵبەت ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەئیسلام ئاین‌و بەرنامەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنەی هەیە بۆ ژیان، بەڵام مەرج نییە گشت بوارەکانی ژیان لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکدا کۆبکرێتەوە، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بوارەکانی بانگەوازو پەروەردەو رۆشنبیریو خێرخوازیو تاد.. لەچوارچێوەی دەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جێگەبکرێتەوە، لایەنی سیاسەتیش لەچوارچێوەی یاسای حیزبەکان و رێساکانی ململانێی سیاسیدا کاری خۆی ئەنجامبدات.

دەستوور: بۆچوونت چییە لەسەر ئەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتووی هێزێکی دینی لەوڵاتێکدا لەکاتی کۆپیکردنی بۆ وڵاتو نەتەوەیەکیتر هەمان بەرهەمی هەبێت؟ ئایا هەمان بەرهەمی دەبێت؟

هادی عەلی: من بۆخۆم بڕوام بەکۆپیکردنی هیچ ئەزموونێکی وڵاتانیتر نییە، چونکە هەر وڵاتو کۆمەڵگەیەك هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ئابووری تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوەش ڕێگا لەوە ناگرێت کەسود لەئەزموونی وڵاتانیتر وەربگرین. ئێمە لەیەکگرتوی ئیسلامی کوردستان راستە سودمان لەئەزموونی وڵاتانی ناوچەکە وەرگرتووە، بەڵام کۆپی هیچ بزافێکی ئیسلامی ناوچەکە نییە.

دەستوور: ئێوە بەکەسانی ریفۆرمی ناو یەکگرتوو ناسێنراون، بەڵام بەشێك لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی تاوانبارتان دەکەن کە نەتانتوانی تەنها دێڕێك لەسەر پرۆژەکەتان بنووسن، کەپرۆژەی ڕیفۆرمە؟

هادی عەلی: پرۆسەی خۆنوێکردنەوەی بەردەوامو چاکسازی ناوخۆیی لەناو یەکگرتوودا خواستو ئارەزووی زۆرینەی زۆری سەرکردایەتیو کادیرە پێشکەوتووەکانی حیزبو گەنجان‌و لاوانە بەگشتی، بەڵام دیارە لەوردەکارییەکاندا یان لەهەندێ رووەوە جیاوازی ڕاوبۆچوون هەیە، ئەوەش مەسەلەیەکی سروشتیو ئاسییە.

ئەوەی کە لەکۆنفرانسی ٥/٢١دا پێشکەشمکرد لەدووتوێی وتارێکدا پرۆژەیەکی تەواو و رۆشنە بۆ هەموو کادیرەکانی حیزب، قسەو ڕوونکردنەوەی زۆری پێویست نییە. بەڵام لەبەرئەوەی چاوەڕوانی ئەو مەسەلەیە نەبوون لەکۆنفرانسدا، ئەوەبوو وەك موفاجەئەیەك سەیریانکرد. بۆیە هەندێ ڕاو هەڵوێستی جیاواز لەو بارەیەوە هەبوو، دیارە ئەوەش سروشتیەو مەرج نییە هەموو کەس هەمان ڕاوبۆچونی هەبێ، هەبوونی راوبۆچونی پێچەوانەش هەر ئاساییە. گرنگ ئەوەیە ئیرادەی خۆنوێکردنەوەو چاکسازی ناوخۆیی بگاتە ئاستێك تاکۆنگرەی داهاتوو، کەیەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بتوانێت پێشەنگی خۆی وەك ئەزموونێکی ئیسلامی سەرکەوتوو بەشێوەیەکی بەردەوام بپارێزێت، ئەم حاڵەتە چەقبەستووە نەخوازراوە تێپەڕێنێت کە لەماوەی حەڤدەساڵی تەمەنیدا کەڵەکەبوون لەهەندێ رووەوە بۆی دروستبووەو بۆ ئەوەی نەبێتە کۆپیەکی ناشیرینی حیزبە دواکەوتووەکانی ناوچەکە.

# پارێزەران بەڵێنەکەیان بۆ شەهیدانی قەڵەم نەبردە سەر




ڕۆژنامەنووسان زیاتر لەخەمی دۆسییەی شەهیدانی قەڵەمدابوون

کاروخ نامیق

ئەو دەستەیەی لەلایەن پارێزەرانەوە بۆ بەرگریکردن لەکەیسی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان دروستکرابوو و لەکۆتایی هەفتەی بێدەنگ نابین راگەیەنرا، تائێستا هیچ بەدواداچوونێکیان بۆ ئەو کەیسە نەکردووە.

کاروان کەمال پارێزەر لەدەستەی بەرگریکردن لەتیرۆکردنی رۆژنامەنووسان لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند «ئەو دەستەیەی دروستمانکردووە بۆ بەرگریکردن لەدۆسییەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان لەکۆمەڵێك پارێزەر پێکهاتووە، بەڵام تائێستا نەمانتوانیوە کۆببینەوە بۆئەوەی پلانێکی باش بۆ بەدواداچوونی ئەو دۆسیەیە دابنێین».

لە کۆتایی هەفتەی بێدەنگ نابین لەرۆژی ٢٠١٠/٥/١٨ دەستەییەك لەلایەن کۆمەڵێك پارێزەرەوە دروستکرا بۆ بەرگریکردن لەدۆسییەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان، ئەو پارێزەرانە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بەبێ بەرامبەر بریکاریی دۆسیەی سەردەشت عوسمان‌و سۆانی مامە حەمەو عەبدولستار تاهیر شەریف بکەن، بەڵام تائێستا هیچیان نەکردووە.

کاروان کەمال وتی«بەهۆی سەرقاڵیمان بەکۆنگرەی پارێزەران‌و هەڵبژاردنەوە، ئەندامانی ئەو دەستەیە نەمانتوانیوە کۆببینەوە بۆئەوەی پلانێك دابنێین بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسە، لەلایەکی تریشەوە چوارشەممەی رابردوو بریکارنامەی یاسایی لەلایەن بنەماڵەی سەردەشت عوسمانەوە بەدەستمان گەیشت کە زۆر دواکەوت».

کاروان کەمال رایگەیاند «هەرچۆنێك بووە بەزووترین کات دەبێت پارێزەرانی ئەو دەستەیە کۆببینەوە، بۆئەوەی دەرئەنجامێکی باش لەرێرەوی لێکۆڵینەوە لەدۆسیەکە بەدەستبهێنین».

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بنەماڵەی سۆرانی مامەحەمە تائێستا بریکارنامەی یاساییان نەناردووە بۆئەو دەستەیە.

ئەو پارێزەرە وتیشی« ئەو بریکارنامەیە یاساییەی لەلایەن بنەماڵەی سەردەشت عوسمانەوە بەدەستمان گەیشتووە، باسی ئەوەی تێدایە کەسەردانی سەرجەم ئەو لیژنە تایبەتانە بکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەو دۆسیە دروستکراوە، هەروەها دەتوانین پەڕاوی ئەو لێکۆڵینەوەو دۆسیانەی کراونەتەوە دیراسە بکەین».



# ئەو عێراقییەی دەیەوێت عێراق بخاتە باوەشی ئێرانەوە

## باڵیۆزی نوێی ئێران لەعێراق دەستی بەکارکرد

هیوا سەلیمی

کۆماری ئیسلامی ئێران دەیەوێت لەرێگەی رۆڵەیەکی بەغدادی، هەژموونی خۆی بەتەواوەتی بەسەر عێراقی نوێدا بسەپێنێت. بەیەکجاریش عێراق بکاتە پاشکۆی خۆی.

رۆژی هەینی حەسەنی کازمی قومی یەکێك لەفەرماندەکانی پێشووی سوپای پاسداران، دوای شەش ساڵونیو مانەوە لەعێراقو راپەڕاندنی کارەکانی باڵیۆزخانەی ئێران لەبەغداد، بۆ تاران گەڕایەوەو حەسەنی دانایی فەر وەك باڵیۆزی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران لەعێراق بۆ ئەم پۆستە دەستنیشانکرا. حەسەنی دانایی فەر لەرابردوودا یەکێك لەفەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بووەو لەم چەند ساڵەی دواییش چەندین پۆستی وەك سەرۆکایەتی ناوەندی گەشەپێدانی ئابووری ئێرانو عێراقی لەئەستۆدا بووە.

**"معاودین" پۆستە باڵاکانیان پێدەبەخشرێ**

لەفەرهەنگی سیاسیی ئێران "معاودین" بەو عێراقیانە دەڵێن کە لەلایەن سەدام حسێن سەرۆکی پێشووی عێراق، لەوڵاتەکەیان دەرکراونو لەئێراندا گیرساونەتەوە. بەشێکی بەرچاو لەم کەسانە لەئێستادا باڵاترینو هەستیارترین پۆستەکانی دەسەڵاتی ئێرانیان لەدەستدایە، لەناو سیستمی سیاسیی ئێران متمانەی تەواویان پێدەکرێو لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی ئێران چالاکی دەکەن.

دوو برای ناسراوی سیستمی سیاسیی ئێران، سادقی لاریجانی سەرۆکی دەزگای دادوەریو عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، لەدایکبووی شاری نەجەفی باشووری عێراقن.

(مەحمودی هاشمی شاهرودی)یش سەرۆکی پێشووی دەزگای دادوەری ئێران لەدایکبووی شاری نەجەفەو تەنانەت بۆ خولێک وتەبێژی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقیش بووە. لەم لیستەدا دەکرێ ناوی چەند بەرپرسێکیتر دەستنیشانبکرێ کەبریتین لەعەلائەدینی بروجێردی بەرپرسی کومسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی پەرلەمانی ئێران، محەمەد رەزا نەقدی فەرماندەی بەسیجو سەرەنجام حەسەنی دانایی فەر باڵیۆزی نوێی ئێران لەعێراق.

حەسەن دانایی فەر ساڵی ١٩٦٢ لەشاری بەغداد لەدایکبووە. لەپێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتی عێراق، لەوڵاتی خۆی دەرکراوەو لەئێران نیشتەجێ بووە. دانایی فەر لەدوای گیرسانەوە لەئێران لەگەڵ بنەماڵەکەی دەنێردرێتە ئەو کەمپانەی کەدەسەڵاتی پاشایەتی ئێران لەکوردستانی رۆژهەڵات دایمەزراندبوو، هەر بۆیە کوردی زۆر بەباشی فێر دەبێو ئێستا بەهەر سێ زمانی عەرەبی، فارسیو کوردی بەباشی قسەدەکات.

**دانایی فەر لەریزەکانی سوپای پاسدارانو سوپای بەدر**

لەدوای شۆڕشی ئیسلامیو پێکهاتنی سوپای پاسداران، دانایی فەر دەچێتە ریزەکانی ئەم سوپایەو دەستدەداتە چالاکیو هەڵسوڕان. پلە سەربازییەکان بەباشی دەبڕێو رۆڵێکی چالاك لەشەڕی ٨ ساڵەی ئێران-عێراق دەنوێنێ. لەگەرمەی شەڕی ئێران-عێراقدا لەفەرماندەکانی هێزی سوپای پاسدارانی ئێران بووە، هاوشان لەگەڵ چەندین فەرماندەی ناسراوی وەك موحسینی رەزایی، رەحیم سەفەویو غوڵامپوور بەشداری لەچالاکییە سەربازییەکانی بەرەکانی جەنگ کردووە. بۆ ماوەیەك دەبێتە بەرپرسی پلاندانانی سەربازی قەرارگای خاتەمولئەنبیا، یەکێك لەقەرارگا سەربازییە ناسراوەکانی سوپای پاسداران. هاوکات دوای دامەزراندنی سوپای قودسو سوپای بەدر، لقی سەربازی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق، بەشێویەکی چالاکانە بەشداری لەریزەکانیاندا دەکاتو وەك فەرماندەیەکی کارامە ئەرکەکان رادەپەڕێنێ. لەساڵی ١٩٩٦ دەبێتە جێگری عەلی شەمخانی فەرماندەی ئەو کاتی هێزی دەریایی ئێران. بۆ ماوەیەکیش لەدەزگای دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران بەسەرپەرشتی رەفسەنجانی کاریکردووەو لەم دەزگایە ئەرکی جێگری ئیداریو دارایی لەئەستۆدا بووە.

**عێراق وەرزێکی نوێ بۆ چالاکی**

لەدوای دەستپێکردنی هێرشی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ سەر عێراقو رووخانو لەناوچوونی حکومەتی بەعس، عێراق دەبێتە گۆڕەپانی ئەرکو چالاکییەکانی دانایی فەر. لەو سەردەمە واتە لەساڵی ٢٠٠٣ حەسەنی دانایی فەر جێگری سەرتیپی پاسدار مەنسووری حەقیقەت پوور بووە. جێگری فەرماندەی سوپایەکی ٥٠٠٠ کەسی ناسراو بەقودس کەیەکێك لەلقەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانە. لەدوای ٢٠٠٣ پاسداری سەرتیپ مەنسووری حەقیقەت پوور دەبێتە بەرپرسی نۆژەنکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لەشارەکانی عێراقو حەسەنی دانایی فەریش دەبێتە جێگری، دوای ماوەیەك دانایی فەر دەبێتە سەرپەرشتیاری ئەم پرۆژەیە.

دانایی فەر لەساڵی ٢٠٠٣ دەبێتە بەرپرسی گەورەترین دەزگای ناسراو بە" ستادی موبین" کە بەرپرسیارییەتی چالاکییە کلتوورییەکانی ئێران لەعێراق بەم دەزگایە رادەسپێردرێ. لەدوای ساڵی ٢٠٠٧ەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسیی تایبەتی عێراقو گیرانی بەشێك لەئەندامانی هێزی قودس لەعێراق، بەشێکی زۆر لەفەرماندەکانی ئەم هێزە لەژێر ناوی بازرگانو بزنسو مەدەنی ئێرانی روو لەعێراق دەکەن، دانایی فەر یەکێك لەم کەسانە دەبێت. ناوەندێك بەناوی ناوەندی گەشەپێدانی ئابووری ئێرانو عێراق بەبڕیاری ئەحمەدی نەژاد دادەمەزرێت، رەحیمی جێگری ئێستای سەرۆك کۆمار سەرپەرشتی ئەم ناوەندە دەکاو دانایی فەر وەك بەرپرسی ئەم ناوەندە دەستنیشاندەکرێ.

ناوی دانایی فەر لەلیستی ئەو چەند فەرماندەی سوپای پاسداراندا بووە کە لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەستگیرکران، کەچی ناوبراو لەو هەڵمەتە سەربازییەی ئەمریکا رزگاریبوو و دەستگیر نەکرا. هەروەها دانایی فەر یەکێك لەدامەزرێنەرانی کونسوڵخانەی ئێران لەهەولێر بووە، یەك ساڵ دوای رووداوەکەی هەولێر، دانایی فەر دەبێتە یەکێك لەئەندامانی وەفدی ئێرانی بۆ دانیشتن لەگەڵ رایان کرۆکەر باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغداد. لەماوەی ئەو ساڵانەی کەئەرکەکانی دانایی فەر پەیوەندیدار بەمەسەلەی عێراق بووە، چەندینجار بۆ عێراق سەفەری کردووەو چەندین دیدارو چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی ئەنجامداوە. گرنگترینی ئەم دیدارانە بریتین لە:

لەرێکەوتی ٢٠٠٧ وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ حەسەنی دانایی فەر فیزای هاتوچۆ بۆ بەغداد دەردێنێو ناوبراو بەپاسپۆرتی سیاسیی دێتە بەغدادو مانگێك دەمێنێتەوە.

ناوبراو لەدیدارە ئاشکراکانی بۆ عێراق زۆرجار خۆی وەك بەرپرسی کاروباری ئابووری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ناساندووە. بۆ نمونە لەسەفەرەکەی ٢٠٠٨ هاورێ لەگەڵ وەفدێکی باڵای ئابووریو بازرگانی وەك بەرپرسی کاروباری ئابووری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی دێتە عێراق.

لە٢٠٠٩ لەژێر ناوی راوێژکاری سەرۆك کۆماری ئێران لەگەڵ عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەسلێمانی دیدارو چاوپێکەوتن دەکات.

لەدوایین سەفەری پێش بوون بەباڵیۆزی ئێران لەبەغداد، لەگەڵ لاریجانی لەرێکەوتی ٢٠٠٩ دێتە عێراقەوەو بەشداری لەکۆبوونەوەکانی لاریجانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراقی دەکات.

هەروەها باس لەوەدەکرێ کەحەسەنی دانایی فەر پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ رابەرانی سیاسیی عێراقو بەتایبەت لەگەڵ نوری مالیکیدا هەیە.

**ئێران لەهەوڵی بەهێزترکردنی پێگەی خۆیدایە**

لەدوای دەستنیشانکردنی دانایی فەر وەك باڵیۆزی نوێی عێراق، زۆربەی میدیاکانی ناوچەکە باس لەهەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ پتەوترکردنی پێگەی خۆی لەعێراقو پاراستنی دەسکەوتەکانی ئێران لەو وڵاتە دەکەن.

رەزا تەقی زادە لێکۆڵەری ئێرانی دەڵێت هۆکاری سەرەکی دەنگدانەوەی دەستنیشانکردنی دانایی فەر لەمیدیاو چاپەمەنییەکانی ناوچەکە، بۆ نیگەرانی وڵاتانی عەرەبی لەنفوزی زیاتری حکومەتی ئێران لەعێراق دەگەڕێتەوە، وتی هەڵبەت نابێ نکۆڵی لەوەش بکرێ کەدانایی فەر سەرجەمی رابەرە سیاسییەکانی عێراق بەباشی دەناسێ، هاوکات راوێژکارو هاوکاری سەرەکی کازمی قومی لەباڵیۆزخانەی ئێران لەعێراق بووە."

دکتۆر ئەحمەدی مستەوفی کارناسی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەفرانکفۆرتی ئەڵمانیا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت، دەبێ کاتی دانانی باڵیۆزی نوێ ئێران لەبەرچاو بگیرێ، سەرەڕای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، هێشتا لایەنە سیاسییەکان لەسەر پێکهاتنی حکومەت ساغنەبوونەوەو ئەم بارودۆخە بەقازانجی لیستی ئەلعێراقییەو لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە. وتی "یەکێك لەگەورەترین هۆکارەکانی کێشەی نێوان لایەنە شیعەکان، نوری مالیکی سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسایەو ئێران دەیەوێ لەرێگەی دۆستایەتی بەهێزی دانایی فەر باڵیۆزی نوێ، لەگەڵ مالیکی ئەم بۆشاییەو ئەم بەربەستە لەسەر رێگای یەکگرتنی شیعەکان لابەرێتو زەمینەکانی بەرگرتن بەپێکهاتنی حکومەت لەلایەن عەلاویو ئەلعێراقییە لەباربەرێت."

مستەوفی درێژە بەلێدوانەکەی داو ووتی دەڵێت "پێدەچێ باڵیۆزی نوێی ئێران لەبەغداد بەدەستی پڕەوە لەتارانەوە بەرەو بەغداد چووبێت، ئەم بابەتە دەتوانێ لەهەڵوێستەکانی چەند رۆژیتری لایەنە شیعەکانو بەتایبەت لیستی دەوڵەتی یاسادا خۆی نیشانبدات."

# کەناڵی سەحەر کلتووری ئێرانی لەهەرێم دەسەپێنێت

## «کەناڵی سەحەر خۆی بە بەشێك لەململانێکانی عێراقو کوردستان دەزانێ»

تەلەفزیۆنی ئاسمانی سەحەری ئێرانی لەپەیرەوی ناوخۆیدا روونیکردووەتەوە، ئامانجی کارکردنە سەر خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراقە، پسپۆڕان دەڵێن بەمەبەست دەیەوێت خۆی لەکێشەکانی عێراق و هەرێم هەڵقورتێنێ.

لەکاتێکدا زیاتر لە ١٢ ملیۆن کورد لەکوردستانی ئێراندا دەژین، حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەرنامەیەکی جیدی بۆ ئاوڕدانەوە لەزمانو کلتووری کوردی نەخستوەتەگەڕ لەو بەشەی کوردستان، بەڵام کەناڵی ئاسمانی بۆ کوردستانی عێراق تەرخانکردووە.

شارەزایانو چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئامانج لەبڵاوکردنەوەی کلتووری کۆماری ئیسلامییە لەهەرێمی کوردستانو کاریگەری دانانە لەسەر رووداوەکان.

وێنەیەکی گشتیی لەکەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئێران

تیۆری دەسەڵات لەراگەیاندن (Authoritarian Press)، تایبەتمەندیو سروشتی راگەیاندن لەو سیستمانەیە کەتێکەڵەیەك لەدەسەڵاتی رەهاو دیکتاتۆرییە، لەم تیۆرەدا راگەیاندن پاڵپشتی لەهەموو بڕیارو رەفتارەکانی دەسەڵات دەکاتو بەبێ رەزامەندی دەسەڵات هیچ کەسێك ناتوانێ لەم بوارەدا کاربکات. کەناڵەکانی راگەیاندنی ئێران لەچوارچێوەی ئەم تیۆرەدا پۆلیندەکرێن، سەرجەمی بوارەکانی ئەم دەزگا زەبەلاحە لەپێناوی بەرژەوەندییە ئایدۆلۆژیکەکانی سیستمی سیاسیی ئێران چالاکی دەکاتو سانسۆرو رێگەگرتن لەئازادی رادەربڕین، تایبەتمەندیو سروشتی سەرەکی ئەم بوارە لەئێرانە.

لەئێراندا سەرجەم ٨ کەناڵی سەرتاسەری، خەریکی پەخشی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بۆ ناوخۆی وڵاتن، هاوکات ٧ کەناڵی دیکە ئەرکی پەخشی بەرنامە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیان لەئەستۆدایە. لەپاڵ سەرجەمی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنیانەدا، لە ٢٨ پارێزگای ئێران، کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بەو پارێزگایە بەناوی خودی پارێزگاکە خەریکی پەخشی بەرنامەیە، هاوکات ٢ کەناڵی تەلەفزیۆنی ئینتەرنێتیو دەیان ئێزگەی رادیۆیی خەریکی پەخشی بەرنامەن.

بەپێی دەستووری ئێران بەرپرسی گشتیی سەرجەمی کەناڵە رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی ئێران لەلایەن خودی رابەری حکومەتی ئێرانەوە هەڵدەبژێردرێت، بودجەی ساڵانەشی هەموو ساڵێك لەیاسای بودجەی وڵاتدا دەستنیشاندەکرێ.

سیستمی دامەزراندنو کارکردن لەدەزگاکانی تەلەفزیۆنی حکومەتی ئێراندا پرۆسەیەکی دژوارو پڕ لەزەحمەتە، بۆ دامەزراندن لەکەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئێران، دەبێ دەیان فیلتەری جیاجیا تێپەڕبکرێ. لەناو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئێراندا بەشێك بەناوی بەشی سیاسیی دەنگو رەنگ هەیە، کەراستەوخۆ لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەوە چاودێریدەکرێ، سەرجەمی هەواڵ، راپۆرتو شیکارییە سیاسییەکان لەلایەن ئەم ناوەندەوە دەستنیشاندەکرێ.

**کەناڵی سەحەرو هەرێمی کوردستان**

زۆربوونی کەناڵەکانی راگەیاندنو گەشەی ئامرازەکانی راگەیاندن تەنیا شەپۆلێکی بەربڵاوی زانیاری نین، بەڵکو ئەم ئامرازانە زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانی وەرگران دادەنێنو تەنانەت لەدروستکردنی رای گشتی دەوری سەرەکی دەگێڕن.

ئانتۆنیۆ گرامشی لەسەر ئەو بڕوایەیە کەسیستمی داگیرکەر لەرێگای کلتووریشەوە دەیەوێ بەجۆرێك دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت. گرامشی بەو دەسەڵاتە دەڵێت دەسەڵاتی هەژموونی، دەسەڵاتێك کەهەوڵدەدات نەتەنیا لەرێگای ئابوورییەوە، بەڵکو لەرێگای کلتووریشەوە هەیمەنەی خۆی بچەسپێنێت.

کەناڵی سەحەری کوردی لەساڵی ١٩٩٧ دامەزرا، لەسەرەتادا ماوەی بەرنامەکانی ١ سەعاتونیو بووە، ساڵ لەدوای ساڵ کاتی بەرنامەکانی ئەم کەناڵە زیادیکردووە، ئێستا بەرنامەکانی بەشی کوردی ئەم کەناڵە ٩ سەعاتە لەرۆژێکدا. هەروەك لەپەیرەوی ناوخۆیی ئەم میدیایەدا راگەیەندراوە، بەردەنگی سەرەکی ئەم کەناڵە کوردەکانی عێراقە، ئامانجو سیاسەتە سەرەکییەکانیشی بریتییە لەسەپاندنی رۆشنبیریو کلتووری حکومەتی ئیسلامی بەسەر هەرێمی کوردستاندا.

موحسین کاکەڕەش دەرچووی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت "سەرجەمی بەرنامەکانی کەناڵی سەحەری کوردی ئاراستەکراون، چەندە دەیەوێ کەسیاسەتەکانو ئایدۆلۆژیای حکومەتی ئیسلامی بڵاوبکاتەوە، هێندە زیاتر دەیەوێ بارودۆخی هەرێمی کوردستان ناشیرین نیشانبدات".

کاکەڕەش دەڵێت لەم کەناڵەی حکومەتی ئێراندا هەواڵو راپۆرتەکانی پەیوەندیدار بەعێراقو هەرێمی کوردستان، لەڕیزی پێشەوەی هەموو بەرنامەو پرۆگرامەکاندان، لەم پێوەندەشدا سانسۆر لەئاراستەی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی ئێران جێگەیەکی تایبەتی هەیە.

کاکەڕەش وتی "لەلێکدانەوەو شیکاری بارودۆخی سیاسیی عێراقو کوردستان، هەوڵدەدرێ ئەڵتەرناتیڤی جێگەی رەزایەتی حکومەتی ئێران جێگیر بکرێ، خۆیان وەك لایەنێکی کێشەو ململانێ سیاسییەکانی عێراقو کوردستان نیشاندەدەن".

بەرنامەکانی کەناڵی کوردی سەحەر تەنیا بەرنامەی سیاسیی نییە، لەم میدیایەدا کلتوور جێگەیەکی تایبەتی هەیە. شکاندنی بەها رەسەنو نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای کوردیو بڵاوکردنەوەو کارکردن بۆ شێوازێکی ئەخلاقی نوێ کە لەستراکتۆری کلتووری کوردیدا بوونی نییە، ئەرکی سەرەکی ئەم کەناڵە لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەفهومی کلتوورە.

حەسەنی خاکی پسپۆڕی زانستی کۆمۆنیکەیشن لەوڵاتی ئەڵمانیا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کەچاودێری کەناڵی سەحەری نەکردووە، ئاماژە بەوە دەدات کەتەلەفزیۆن یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی شکڵگرتنو گۆڕانی رەفتارو بیرکردنەوەی خەڵك لەم سەردەمەدایە. وتی "بە لەبەرچاوگرتنی کۆی گشتیی سیاسەتەکانی حکومەتی ئێران لەکەناڵەکانی راگەیاندنو لەوانە کارکردن لە بازنەی تەسکی ئایدۆلۆژیکی حکومەتی، دەبێ لەهەموو ئامرازەکانو رێگاکان بۆ بێ کاریگەرکردنی ئاراستەو ئامانجە نێگەتیڤەکانی ئەم سیاسەتانە کەڵکوەربگیردرێ".

# ئاهو هەناسەکانم بۆ شاری دڵم سلێمانی لەزمانی حەزرەتی "نالی"یەوە!

د. کەمال میراودەلی

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بەئاو، بەچاوا بکا عبوور!

زەحمەتە تاقە هۆنراوەیەک جیاکەیتەوەو بە بەرزترین هۆنراوەی نەتەوەیەکی دابنێی. بەڵام لای رەخنەگرانی شیعر هەوڵی وا هەیەو تا ١٠ هۆنراوە وەک بەرزترینی هۆنراوە مێژووییەکانی ئەدەبی نەتەوەیەک دەستنیشاندەکرێن. لای من وەک تاقە هۆنراوە لەرووی فۆرمو ناوەڕۆکو داڕشتنو کاریگەریی زاتیو نەتەوەیی وەک بابەت، نامەکەی نالی بۆ سالم بەرزترین هۆنراوەی مێژووییە کە نە هاوتای هەیەو نە دەبێ. نۆدەمیی (مۆدێرنیزمی) ئەو هۆنراوەیە بەچەشنێکە دەڵێی بۆ ئێستا نووسراوەو لەگەڵ رۆحمان دەدوێ، هەموو ستراکتوورو سنوورەکانی کلاسیزمی هەڵتەکاندووەو وەک هۆنراوەیەکی رۆمانسی نەتەوەیی بەهێز لەفۆرمێکی کلاسیکیدا داڕێژراوە کە بەتەواوەتی خۆی داوەتە دەست گەرمو گوڕیو بەهێزیی هەستو خرۆشە زاتییەکانو گەشتی دەروونییو جوگرافیای خۆماڵیی کوردستانیو هەستی نەتەوەییو بیرەوەری ئۆتۆبایۆگرافییەوە. لەرووی داڕشتنو دەربڕینو مۆزیکو وێنەی هونەرییشەوە لەلوتکەی داهێناندایە.

لەسەری ساڵدا، بۆ پشوویەکی ١٠ رۆژی لەکراکۆ، لەپۆڵەندا تەنیا دیوانی نالیم لەگەڵ خۆم برد. شەوە ساردو بەفرینییەکانی کراکۆم بەهەستە گەرمو پیرۆزەکانی نالی ئاوەداندەکردەوە. بۆ چەندجار ئەم هۆنراوەیەم خوێندەوەو بەدەم وردە فرمێسکەوە دەستمکرد بەنووسینەوەی پەخشانی نوێ. ئێستاش رێگای پێشکەشی کچانو کوڕانی نەوەی نوێی نەتەوەکەمی دەکەم. لەگەڵ سوپاسو پێزانینم بۆ هەوڵی نەتەوەیی مەزنی مامۆستای هەرە گەورە مەلا عەبولکەریمی مودەریسو بنەماڵە رووناکبیرو بەڕێزەکەی کەئەو بەرهەمە بەرزانەیان بۆ ساغکردینەوەو پێمانیان ناساند.

(١)
قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بای خۆشبەز!
ئەی پەیکی شارەزای هەموو دەرو دۆڵو کۆچەو کۆڵانو کونو کەلێنێکی شاری شارەزوور!
تۆ خاوەنی لوتفێکی نهێنی کەئارەزوو ختوکە دەداو هومێدی هاودەمیی بوونت لەدڵا دەژێنێتەوە.
سروەکەت مزگینی ئامادەبوونی هەموو دەمیی دەدا!
ئەی هاوهەستی ئەشکی گەرمو تەڕی تۆ فانتاسای ئەویندارا ن
ئەی هاوئاهەنگی فرمێسکی گەرمی دڵداران، کەوەکو گڕەی تەنوور لەدڵیانەوە کڵپە دەدا.
گاهێ دەبی بەشەماڵێکی فێنكو باوەشێنی دڵ دەکەی
هەندێ هەلیش دەبی بەدەمەی ئاسنگەرو خولیای مەییوی لەخۆباییبوون لەخوێنا دەجۆشێنی.
گەردی باکوورو گێژی باشوورو کزەی دەبوور
هەموو نەماوی ئاوڕێکی پەسندخوازانەی دڵی بەبۆنو بەرامەی خۆشخوازی تۆن
دەسا ئەی بای خۆشبەز!
گوێ بۆ سکاڵای دەروونم رادێرەو پەیامی دڵم رابگەیەنە!
(٢)
خانەی ئارامو سێبووریم سووتاو هەیوانو دیوارو دالانی داڕمانو هیچی بەسەرهیچەوە نەما
لەگۆشەیەکی تەریك بەولاوە، بۆ یادی ئازیزان، یان بۆ نزای سەبرخوازیی، هیچی تێدا شك نابەم
گاهێ ئاهو هەناسەی سارد جڵەوی بوونم رادەکێشێ
گاهێ دەبمە هاورکێفی رۆندکی گەرم
دەسا ئەی بای خۆشڕۆ،
رەحمێ بەم ئاهو ئەشکە بکەو بکەوە خۆ!
وەك هەناسەم دەوان بە تا دەگەیە (خاكو خۆڵ)ی بەردەرگای یارەکەم
وەك فرمێسکم رەوان بە تا دەگەیتە سەر ئاوی ( شیوەسوور)!
(٣)
کەگەیشتییە ئەوێ. ماتەڵی مەکە،
لەوێ بەو ئاوە بێگەردە پیرۆزە تەپوتۆزی سەرزەمینیی لەسەروچاو و جەستەی خۆت بشۆوە،
تا تۆی پاكو ئەوی پاکیزە، بەژووانی روحانی یەکدی شاددەبنەوە
تۆ ئەوپەڕی پاکی: بەڵام ئەو پاککەرەوەیە لەهەر جۆرە گەردو تۆزێکی سەرزەمینیی
دەسا بەژوانی پاکێتیی شادببنەوەو دەسلەملانیی یەکدی بن!
هەر کەشیوەسوورت بەجێهێشت دەخیلت بم ئەی بای خۆشبەز
مەوەستە تا دەگەیتە (سەرچنار)! دیارە ناسینەوەی ئاسانە:
ئاوێکە پڕ لەگوڵەهەنارو چنارو گوڵو چنوور
کانیاوێکە وەك خۆر، لەسەد جێوە رۆشناییەکەی سەر دەردەکا
وەکو نووری ساف بەسەر بەردی بلووریندا هەڵدەڕژێ
دەڵێی وێنەی لەئاوێنەدا نوێندراوی ئاسمانێکە
ئەستێرەکانی وەك تیشکی نوور بەسەر زەمیندا راکشا بن
یان دەڵێی سەرچاوەی دەروونی پڕ نووری (عاریف)انە
کەچاوگەی رووناکییەکەی لە (کێوی توور)ە وە تاڤگە دەکا!
ئاوڕێکیش لە (بەکرەجۆ ) بدەوە!
خۆ دەمووت بەکرەجۆش چاوگەی چاوی منە
گەر چاوگەی ئەشکم وەك ئەو گەرمو تێرو سوێرو بێبەر نەبایە!
دەخیلت بم ئەی بای خۆشبەز!
تامەزرۆبوونی نزیکبوونەوە ئارامت لێهەڵنەگرێ
نەکەی سەرشێتانە خۆت بەعەنبەری سارایی (خاکوخۆڵ ) دا بکەی
هەتا نەچیتە دیداری خاکی پیرۆزی (سلێمانی).
(٤)
سلێمانی! ئاخ سلێمانی!
مەبەست ئەو باخی بەهەشتەیە کەهەر بەتێپەربوونی راگوزاری پێیدا
دڵ و دەروونت بەبۆنو بەرامەی موشکی پرچو زولفی کچانی شێوەپەریو
کاکۆڵی کوڕی فریشتە ئاسا مەست دەبێ!
خاکەکەی عەنبەرە، هەر داروپەردویەکی لەداری عوود بەهادارترە،
بەردەکانی گەوهەربارێنن، کانیاوەکانی چاوگەی نوورن،
شەوەکانیشی رۆژی رووناکن، هەموو وەرزەکانی بەهارن،
تۆزی خاکەکەی هەموو گوڵاوەو هەڵمی ئاوەکەی هەموو بخوورە!
شارێکە ئاو وهەوا پاكو کەژخۆش، لەجێگەیەکی خۆشو نەرم،
بۆ ئەوەی لەچاوەزار بەدوور بێ، پێی دەڵێن شارەزوور.
خەڵکی سلێمانی ئەهلی زانستو
هونەر پەروەرن،
هەم لەمەیدانی شیعردا باڵادەستنو وشەی مرواری دەهۆننەوە،
هەم لەریکخستنی کاروباری کۆمەڵگاو حکومەتدا وریاو شارەزان
(٥)
ئەی بای هاونشینی سینەم، هەناسەو تاسەم
کەچوویتە ناو شاری سلێمانی سەیرێکی وردی بەردو داری گەڕەکەکانی بکە!
سەروو خواری بپشکنە! لەهەموو گۆشەو کۆڵانو جاددەیەکی بڕوانەو بپرسە!
بزانە داخۆ (سەرشەقام) وەکو خۆی راستو خۆڕاگر ماوە، یان دەروونی شەق بووە!
داخۆ داری (پیرمەسوور) هەروا سەوزو تەڕو بەخۆوەو بەردارە،
یان ئێستا کزو پیرو پەککەوتەیە!
داخۆ زیارەتگای عەلەمداری (شێخ هەباس) هێشتا پۆشتەو رازاوەیە،
یان بێ نەواو بەرگەو بۆتە قەلەندەرێکی رووتو رەجال!
داخۆ سەیرانگای (کانی با ) هێشتا ژوانگەی کچان و کوڕانە
یان بۆتە گۆڕستانی واوەیلاو تەنیاییو تاقبوونەوەو دابڕان
ئەرێ (کانی ئاسکان) ئێستاش لانەی ئاسکانی ناسك بەدەنە
یان بۆتە یاریگەی گورگو لوورەلووری نەوسو پەلامار
ئەرێ هێشتا (شیوی ئاودار) جۆگە سروشکی عیشق هەڵدەڕێژێ
یان بۆتە سۆفییەکی وشکی دوور لەماناو مەبەستی عیشق؟
داخۆ دەروونی سافو بێگەردەو گوڕوتینی تیا ماوە (تانجەرۆ)
یان بۆتە دیلی قوڕو لیتەو بەلێڵی دەڕواتە خوار
(٦)
ماوەیەکی باش سەرنجی چیمەنی ناو (خانەقای مەولانا) بدە
ئایا بەهارگەی ئاسکانی زانستو ئەدەبە، یان لەوەڕگای هێسترانی لەوەڕخۆرو بارهەڵگر؟
بزانە داخۆ، وەك پەرچەمی دەوری رووی یار، گوڵەکانی بەشینایی تەڕو سەوز دەوردراون
یان تەژیین لەپووشو پەڵاش، وەك ریشی (کاکەسوور)؟
داخۆ ناو دڵو دەروونی بەبوونی یارانی نازدارو خۆشەویست رووناکبۆتەوە
یان بۆتە سەقەرێكو پڕبووە لەناحەزانی لەندەهور
داخۆ سەرو و نارەوەکانی حەوشی خانەقا بۆ رەشبەڵەکی شادیی دەستیان تێکناوە
یان وەك حەلقەی وشکەسۆفی داماو و ملخوار وەستاون
ئەی بای خۆشبەزی ئاشنای هەناسەکانم
بەوردی بەباڵای سەوزە درەختەکانی حوجرەدا بڕوانە
بزانە داخۆ گەڵاکانیان شینو پاراون، یان زەردو سوور هەڵگەڕاون
حەوزی ئاوەکە کەنوێنەری دیدەی پڕ ئەشکی منە لەوێ
داخۆ لێڵاییی دانەهاتووە وەك جۆگەئاوی (شیوەسوور)
ئەرێ ئێستاش کەناری حەوشەکەی خانەقا جێی یاری بازو کەوشەکە
گەمەو خۆشی تیایە یان بۆتە پیشانگەی شتی دزێو
سەیرێکی چیمەنی پاراوی لای دائیرەکە بکە
بزانە هێشتا ژوانگەی چاوەکانمە، نەرمە یان زبرو رەق هەڵاتووە
توخوا، ئەی بای پەیکی دڵم، بۆم ساغکەوە
داخۆ دەشتی فەقێکان هێشتا وەك رۆژی مەحشەر گرمەی دێ لەخەڵك
یان وێرانەو بیبانەو بۆتە چۆڵی (سەلمو توور)
(٧)
ئەی بای هەناسەو تاسەم
ئاخری بچۆ سەلامو دروودی بۆندارم بەحوجرەکەم بگەیەنە
باش سەرنجی ناو و دەری بدە: داخۆ چی ماوە چی نەماوە لەهەیوانو هۆدەو تاقەکانی.
ئەو حوجرەیەم کەئەوسا پەناگەی منو یارانم بوو وەك ئەشکەوتی (تەور)
داخۆ ئێستا وەك خۆی داڵدەدەری دڵدارانە، یان بۆتە ئەشکەوتی مارو مێرووان،
ئەی بای ئازادی خۆشڕەو
ئەوەتا دەمبینی کزو زەردو چەماوەم وەك مانگی هیلال
لاوازو بێ بەدەنو سەنگم وەك خەیاڵ
ئایە بەم حاڵەوە زارێ بەخۆیم دەگرێ ناوم بێنێو بەسەرم بکاتەوە؟
یان لەناو دڵێکدا، تەنێ وەك یاد، جێمدەبێتەوە؟
(٨)
ئەی بای گەرمی هاودەمی هەناسەو تاسەم
چیدی لەوزەمدا نەما درێژە بدەم بەم باسەم
ئەوەتا بەدەم ئەم شەرحی غوربەتەوە، لەتینی سۆزی ئەو دووروڵاتییەوە،
دڵم ورد ورد دەبێ بەفرمێسكو بەچاوما دێتەخوار
دە پێم بڵێ دوای ئەو گەشتە پیرۆزەی لەجیاتی من کردت
ئایە دەرفەتی ئەوە هەیە لەم ماوەیەدا بێمەوەو بەدیداری شارەزوورەکەم شادببمەوە
یا وا چاکە هەر وا تا رۆژی زیندووبوونەوەی (نەفخی سور) چاوەڕێبکەم؟
دوا شت: بەنهێنی بەگوێی دڵداری دڵرەقمدا بچرپێنە:
کەئەوە هەمووی لەبەر خۆشەویستیو تاسەی تۆیە
کەنالی لەو دوور وڵاتییەوە ئەم پەیامە بەمندا دەنێرێ

# "تاکی کورد سەربەخۆیی خۆی دۆڕاندووە بەکۆمەڵگە"

## هاوبیر کامەران بۆ دەستوور

سازدانی: هەرێم عوسمان
بەشی یەکەم

للەم دیدارەدا هاوبیر کامەران، زۆر بابەتی گرنگ باسدەکات لەبارەی فەلسەفەی ڤیدایی‌و یۆگا، باسی گرنگیی یۆگا دەکات بۆ تاکی کوردو ئێستای تاکی کورد، گرنگیی ئەم باسەش لەوەدایە، کەتاکی کورد زۆر کەم ئاشنای فەلسەفەی ڤیداو یۆگایە، ئەم دیدارەش گفتوگۆیەکی چڕە لەبارەی هەندێك لایەنی فەلسەفەی ڤیدایی‌و یۆگا.

دەستوور: فەلسەفەی ڤیدایی مرۆییە یان زیاتر جەخت لەئاین دەکاتەوە؟

هاوبیر کامەران: لەبنەمادا ڤیداکان تێکستگەلی ئاینین کەنزیکەی ٤٠٠٠ بۆ ٦٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەرکەوتوون‌و وردە وردە بەهۆی پەیدابوونی ئوپانیشادەکانەوە کامڵبوون. بەڵام ئەو پەیامەی ڤیداکان هەڵیانگرتووە تەنیا ئایینی نییە، بەڵکو لێوان لێوە لەدیدگایەکی فەلسەفیی قووڵ بۆ بوون‌و خوداو مرۆڤ. فەلسەفەی ڤیداکان لەسروشتەوە دادەبەزێتە سەر مرۆڤ، مرۆڤێك کەهێشتا پەیوەندییەکی پتەو بەسروشتەوە گرێی دەدات، پەیوەندییەك کەهەندێجار ناتوانرێت ئەوە جیابکرێتەوە کەئایا ئەو مرۆڤەی ڤیدا لەبارەیەوە دەدوێت، هەمان سروشتە یان ئەو سروشتەی ڤیداکان باسیدەکەن هەر ئەم مرۆڤەیە کەدەیبینین. هەموو پەیامی ڤیداکان لەدەوری یەکێتیی بوون‌و بەئاگاهێنانەوەی مرۆڤ لەم وەحدەتە کەونیە کاردەکات.

دەستوور: ئایا لەڤیدادا خوایەکی تایبەت هەیە کە بەپێی کردار پاداشت‌و سزا بدات؟

هاوبیر کامەران: ئەوەی ڤیداکان دەیڵێن ئەوەیە کەخودا بوون (الوجود)ی لەیەك لەسەر چواری خۆ دروستکرد، یاسایەکی پایەدارو هەمیشە ئامادەی لەناو بووندا دانا بۆ ئەوەی بەردەوامبێت لەپێگەیشتن‌و کامڵبوون. ئەو یاسایە ناوی نرا (دارما). دارماش لەکۆمەڵێك یاسای کەونی پێکدێت، کەهیچکات ناگۆڕێن‌و هەموو بوونەوەر لەژێر کۆنترۆڵیاندایە. یەکێك لەو یاسایانە (کارما)یە. کارما وشەیەکی سانسکرێتیەو بەمانای کاردانەوەی کار دێت، بەزمانێکی سادە هەمان یاسایە کەبودا پێش ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر هێنایەوە بیری خەڵك، ئەویش یاسای (لەچاك چاك‌و لەخراپ خراپ دەچنیتەوە).

لەبیروڕای ڤیدایدا خودا هەیە، ئەو دروستکاری بوونەوەرە، بەڵام ڕاستەوخۆ پاداشتی کەس ناداتەوە یان سزا لەکەس ناسەنێت، ئەو گەورەترە لەوەی توڕەبکرێ یان رازی بکرێت، ئەم دنیایە ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی ئێمە لەچاکەکانمان چاکە وەرگرین، کەئەمە پاداشتمانەو لەخراپەکانیشمان خراپە وەرگرینەوە، کەئەمەش سزاکەمانە. وەنەبێ لەئایینی ڤیداییدا باسی دۆزەخ نەکرابێت، لەڤیداکاندا چەند جارێك باس لەدۆزەخ‌و بەهەشت کراوە، بەڵام ماناو لێکدانەوەی پاندیتەکان (لێکۆڵەرو بیرکەرەوەی ڤیدایی)و برەهمیەکان (پیاوی ئایینی ڤیدایی) بەشێوەی لێکدانەوەی موسڵمانەکان‌و مەسیحییەکان نییە بۆ بەهەشت‌و دۆزەخ.

دەستوور:ئایا فەلسەفەی ڤیدایی تا چەند خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات؟

هاوبیر کامەران: فەلسەفەی ڤیدایی لەسەر دوو ئاست دەتوانێت خزمەت بە بەشەریەت بکات، ئاستی یەکەم ئاستی فەردییە کەوا دەکات تاك بگەڕێت بەشوێن خودادا لەناخی خۆیدا، نەك لەدەرەوە. گەڕان بەشوێن خودا لەناخدا مرۆڤێکی خودایی پیرۆز بەرهەمدێنێت کەئازارگەیاندن‌و سوکایەتی بەهەموو شێوەیەك تاوانە لەدیدگای ئەوەوە، مرۆڤێکی ئیلاهی وا بەرز، کەدەتوانێ بزانێ ئەو رۆح‌و دەرکەوتەی هەمان خودایە. رووکاری دووەم کەفەلسەفەی ڤیداکان دەتوانن یارمەتی لێوە ئاراستە بکەن، کۆمەڵگەیە. ئاهیسما واتە ناتوندوتیژی یەکێك لەهەرە گەورەترین ئامۆژگارییەکانی ناو ڤیدایە، کە بەزەقی لەیۆگاشدا رەنگیداوەتەوە. ئێمەش بێگومانین لەوەی کە نا توندوتیژی سەرەکیترین پێویستیە بۆ سەردەمی ئەتۆم‌و شەڕی تیرۆر. دەتوانین بڵێین ڤیداکان لەرووی ئەخلاقی‌و عیرفانی‌و سیاسیشەوە جێگەی سودە بۆ مرۆڤایەتی.

دەستوور:ئامانجی دروستبوونی یۆگا چییە؟ چۆن دروستبوو؟

هاوبیر کامەران: یۆگا یەکێکە لەزانستەکانی نێو ڤیدا، کەدواتر بەهۆی پێگەیشتنی خێرایەوە، بووە یەکێك لەگەورەترین فەلسەفەکانی نێو ڤیدا، فەلسەفەیەك کە نەك هەر ڤیداییەکان پێی ئاشنابوون‌و ئەنجامیاندا، بەڵکو شوێنکەوتەی ئایینەکای دیکەی وەکو جاینیزم‌و بودیزم‌و سیخیزم‌و ئیسلام‌و مەسیحیەت‌و ئەهلی قوبالای یەهودیش ئەنجامیاندەدا. ئامانجی دروستبوونی یۆگا، زووتر گەیشتنی مرۆڤە بەکەماڵ. یۆگییەکان پێیانوایە هەموان دەگەینە کەماڵ‌و پێگەیشتنی تەواوی رۆحی کە بودا روناکبوونەوەی پێدەڵێت. بەڵام یۆگا وا دەکات ئێمە زووتر بگەینە کەماڵ، ئەمەش لەهەموو ئەو ئازارانە رزگارمان دەکات کەناتەواوی مرۆڤ دروستیدەکات، چونکە مرۆڤی ناکامڵ بەتەواوی لەئازاردا دەژی. بۆ کۆتاییهاتن بەم ئازارانە، پێویستە ئازادبین‌و بگەینە ئازادیی رەها (موکشا)و بەمەش کامڵ دەبین‌و دەگەڕێینەوە سەر مەرکەزی سەرەکیی خۆمان، کە خودایە.

هرکسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش

دروستبوونی یۆگا زۆر روون نییە، بەڵام ئاشکرایە کەئارییەکان پێش ئەوەی لەکۆچی سێیەمیاندا ووبکەنە دۆڵی سندو شارستانیەتی (هاراپا)، یۆگایان ئەنجامداوەو هەوڵیانداوە بگەنە ئازادیی رۆحی، لەڕێگەی هەندێ رێورەسمی تایبەتەوە کەئەمڕۆ بەیۆگا دەناسرێت، هیندییەکانی دانیشتووی دۆڵی (سند)یش خاوەنی یۆگابوون‌و بەپێی دۆزینەوە ئەنترۆپۆلۆجییەکان، یۆگای دۆڵی سند دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. زیاتریش لەڕێگەی ئەو کەسانەوە بڵاوبووەوە کەحەزیان بەکرۆکی ئاینەکان دەکردو کەمتر شوێن رووکارو دیوە زۆر دیارەکەی دین دەکەوتن، کەزیاتر وەك رۆتینێك ئەنجامدەدرا لەلایەن پیاوە ئاینی‌و خەڵکە عەوامەکەوە. واتە ئەوانەی گەڕاون بەشوێن یۆگایەکی زیندوودا، ئەوانە بوون کەویستوویانە زووترو زیاتر لەگەڵ خودا بژین‌و هەقیقەتی ئەم ژیانەیان بۆ دەربکەوێت تا بۆ دواجار بگەنە ئازادیی رەها.

دەستوور: سەرەتای هاتنی یۆگا بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ ئایا هاتنی یۆگا بۆ کوردستان پێویستی بوو یان مەبەست؟

هاوبیر کامەران: ناتوانین سەرەتای هاتنی یۆگا بۆ کوردستان بەساڵ دیاریبکەین، بەڵام وەك دامەزراوەیەکی ئەکادیمی کەتایبەت بێت بەیۆگاو



> یۆگا نەک هەر رقو تورەیی تاک بەرانبەر کۆمەڵگە دادەمرکێنێتەوە، بەڵکو ئەو ئاشتدەکاتەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا

بەکرداری یۆگای تیا پراکتیزە بکرێت، ساڵی ١٩٩٩ بوو، کە بۆ یەکەمجار کۆمەڵەی هونەری یۆگا دامەزرا، کەئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بەکۆمەڵەی یۆگای گۆسوامی. ئەم کۆمەڵەیە یەکەمین کۆمەڵەی یۆگایە لەعێراقدا، کەپەیوەستە بەیۆگاو پەیوەندیی لەگەڵ زۆرێك لەیۆگییەکانی دەرەوە هەیە. دامەزراندنی کۆمەڵەیەك بۆ یۆگا خۆی لەخۆیدا نیشانەی دوو خاڵە، خاڵی یەکەم بوونی چەند کەسێکی شارەزا لەو بوارەدا کەخۆیان بەشێوەیەکی کرداری یۆگایان کردووە، دووەم بوونی پێویستیی خەڵك بۆ یۆگاو زیادبوونی داواکارییەکان کەناکرێت لەسەر ئاستی فەردی وەڵامبدرێنەوەو پێویستی بەدامەزراوەیەکی ئەکادیمی هەیە. ئەم دامەزراوە ئاکادیمیە، پشت بەئەزموونی زاتیی مامۆستاکان‌و رێنمایی گروپی تایبەتیی یۆگاو ئەو سەرچاوە تیۆریانە دەبەستێت، کە لەلایەك تێکست‌و دەقی سەرەکیی یۆگان وەك یۆگاسوتراو هاتایۆگاپرادیپیکاو بهاگاڤادگیتاو یۆگاڤاشیستاو لەلایەکی تریش ئەو دەقانەی کە تەفسیرو شەرحی ئەوانەی پێشتر دەکەن بەشێوەیەکی فەلسەفی‌و زانستی. دامەزراندنی پرۆژەی گۆڤاری یۆگاو پرۆژەی سایت‌و وەرگێرانی ئەو دەقە سەرەکیانەی یۆگاو کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ فێربوونی یۆگا، لەکارە سەرەکی‌و بەردەوامەکانی ئەم کۆمەڵەیەبوون تائێستا.

دەستوور: ئایا پەیرەوکارانی یۆگا واتە یۆگییەکان تائێستا دووچاری گرفتبوونەتەوە؟

هاوبیر کامەران: دوو جۆر گرفت هەیە ئێمەی یۆگی لەکوردستان بەرەو رووی دەبینەوە، یەکیان گرفتی ناوەکی‌و ئەوی دی گرفتی دەرەکییە. کاتێك ئاشنادەبیت بەکۆمەڵێك راهێنان، کەهەرگیز نەتبیستووەو نەتبینیوە، کاتێك دەکرێیتەوە بەرەو رووی جیهانێکی فراوانتر لەو جیهانە مەعریفی‌و فەلسەفییە باوەی کە تائێستا ئێمەی تیاین، کاتێك هەستەکانت باشتر کاردەکەن‌و هەموو بیرو کردەوەت دەگۆڕێت، بێگومان دووچاری سەرسامی‌و ترسێك دەبیت لەو جیهانە تازەیە. ئەم ترس‌و سەرسامیەی سەرەتا ئەو گرفتە ناوەکیانەن کەیۆگی راستەقینەو موریدی تەواو بەئاسانی خۆی رزگاردەکات لەدەستیان. گرفتە دەرەکییەکەش کۆمەڵگەو بیرکردنەوەی دۆگمایی ئایینی‌و کلتووری‌و بەناو رۆشنبیری چەقبەستووی دەوروبەرە. ئەوەتا چەند مانگێك لەمەوبەر لەلایەن لیژنەی باڵای یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردەوە، فەتوایەك لەسەر یۆگا دەرچووە کەگوایە یۆگا حەرامە، بێئەوەی هیچ لەسەر یۆگا بزانن‌و ئەو بەڵگانەی بۆ بەحەرامدانانی یۆگا نووسیویانە نەك هەر بێبنەمان، بەڵکو وەحی ئەوە دەدات بەمرۆڤ، کە بەڕاستی زانایانی ئایینی ناو لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایان عەوام‌و نەخوێندەوارن‌و زۆر بەئاسانی هەرکات بیانەوێت بەناوی خوداوە قسەدەکەن. ئەمە بەدەر لەوەی ترسێکی سەیر هەیە لەیۆگا، بەوەی کەدینێکی تازە یان سیحر بێت، لەکاتێکدا یۆگا رێگەیەکە بۆ بەئاگاهاتنەوەی مرۆڤ لەخۆی‌و ئەو شتانەی کەدەیکات. یۆگا بۆ پاکبوونەوەی ناخی مرۆڤە.

دەستوور:گرنگیی یۆگا بۆ تاکی کوردو کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی لەچیدایە؟

هاوبیر کامەران: دانیشتووانی شوێنە شاخاوییەکان، سەریان گەرمەو بەئاسانی هەڵدەچن‌و بەردەوام شۆڕشێك لەناویاندایە بەهۆی ئەو تواناو وزە زۆرەیانەوە کەهەیانە. ئێمەی کورد لەبارێکداین کەئەگەر بەوردی مامەڵە لەگەڵ خۆمان‌و بیروکردەوەماندا نەکەین، بەرەو داڕمان دەچین. کراوینەتەوە بەرەو رووی فەلسەفەو کلتووری خۆرئاوا، لەکاتێکدا ناتوانین لەفەلسەفەو کلتووری خۆمان دەربازبین، مۆدێلاتی جلی ئەوروپی‌و ئەمریکی دەپۆشین‌و لەناخیشەوە هەست بەتاوان دەکەین لەوەی کەئەمە کارێکی نەشیاوە، بەڵام شەپۆلی کرانەوەی کۆمەڵگە داگیریکردووین‌و کۆنترۆڵی خۆمان لەدەستداوە، ئەمڕۆ تاکی کورد، بەدەست کۆمەڵگەوەیەو هیچ جۆرە هێزێکی نەماوە، تاکی کورد سەربەخۆیی خۆی دۆڕاندووە بەکۆمەڵگە. یۆگا دێت لێرەوە هێز دەداتەوە تاکی کورد بۆ هەڵبژاردن‌و دیاریکردنی شێوازی ژیانی تایبەتی خۆی. شێوازێك کەخۆی بۆ خۆی دیاریدەکات، بەپێی پێداویستیی خۆی، نەك شێوازێك کەکۆمەڵگە بۆی دیاریدەکات. یۆگا نەك هەر ڕق‌و تووڕەیی تاك بەرانبەر کۆمەڵگە دادەمرکێنێتەوە، بەڵکو ئەو ئاشتدەکاتەوە لەگەڵ کۆمەڵگە. لەڕاستیدا تاکی کوردی ئێستا لەژێر فشاری کۆمەڵگەدایەو بەردەوام هەستی دیلبوونی هەیە، بۆیە دەیەوێت بچێتە هەندەران یان رووبکاتە کلتووری راپ‌و رۆکی ئەمەریکی. یۆگا هەستی ئازادبوون دەداتە مرۆڤ‌و تاکی کورد لەگەڵ قووڵترین بیروڕاکانی خۆی‌و راستترین شێوازی وجودیی خۆی ئاشتدەکاتەوە. بەگشتیش یۆگا مرۆڤ تەندروست‌و ئارام‌و بەهێزدەکات‌و ئەو لەخوداکەی ناخی خۆی نزیکدەکاتەوە.

دەستوور: ئەوەی لە ئێستادا دەبینرێت فەرامۆشکردنی لایەنی رۆحیە، لەئێستای رۆژئاوا و کوردستاندا، پرسیارەکە ئەوەیە کە یۆگا تا چەند گرنگی بە رۆح دەدات؟ پێتوایە یۆگا دەتوانێت ئەو کەلێنە کە پێویستی هەموو مرۆڤێکە پڕبکاتەوە؟

هاوبیر کامەران: دین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە چەند داب و نەریتێکی بێمانا و رۆتین کە هەستی رازی بوون و رەهابون ناداتە پەیرەوکارانی، ئەمەش هۆکاری هاتنی بیروڕای تازەیە بۆ ناو ئەو کۆمەڵگایانەی بەدرێژای مێژوو وەك ئێمە دینیان بچوك کردۆتەوە بۆ چەند مەراسیمێکی ئاینی و چەند داب ونەریتێکی دۆگما کەزیاتر بۆ هێشتنەوەی خەڵکە لەدەوری کەژاوەی دینەکە یان بەرژەوەند پیاوە ئایینیەکان. ئەزموونی ئاینی بتپەرستی و چەند خوایی ڕۆمانەکان و ئاینی مەسیحیەتی ڕۆژئاوای سەردەمی ێنسانس و ئاینی برەهمی سەردەمی بودا ئەو ڕاستەیمان پێ دەڵێت کە هەموو دینێك لەسەردەمێك لەسەردەمەکاندا دووچاری مەنگ بونێك، لەبیرچونەوەیەك، بەرۆتین بونێك دێت کە هۆکارەکەشی هەمان پیاوە ئایینەیەکانی ئەو ئاینەن. کۆمەڵگەی کوردی لەفەراغێکدا دەژی کە چیتر پیاوە ئایینەکان ناتوان پڕی بکەنەوە. کەلێنەکە رۆژبەرۆژ گەورەتر ئەبێت، خەڵکی کەمتر بەئاگاییەوە هاتوچۆی مزگەوتەکان دەکەن، وتاری پیاوانی ئاینی زیاتر بۆتە وتاری کۆمەلا□یەتی و سیاسی و ئابووری. خەریکە وتاری ڕۆحانی لە مزگەوتەکانی ئێمەدا نامێنێت. پاوانی ئاینی ئێمە دەیانەوێت بەشێوەیەکی مۆدیرنانە ئایین پیشانی خەڵك بدەن، نازانن دەبێت مۆدیرنێتە بگەڕێتەوە بۆ ئایین. هۆکاری ئازاری مرۆڤەان نەبوونی تەلەفزیۆن و سەتەلایت و کۆمپیوتەر و بەجیهانی بوون نیە. هۆکاری ئازاری مرۆڤەکان لە هەموو جیهاندا نەبوونی مۆدێلاتی قژ و هونەری هەفتاکانی ئەمریکا و ئەوروپا نیە، بەڵکو ئەو فەراغە رۆحیەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بەهیچ شتێکی دیکە پڕی بکاتەوە. یۆگایەکی ترادشنی ڕاستەقینە رێگەیەکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو فەراغە ڕۆحیە، بەمەرجێك لەکەسێکی رۆحانی وەربگیرێت نەك لە هەر کەسێك کە بە خوێندنەوەی چەند کتێبێت بوبێتە مامۆستای یۆگا. ئەوەی بەشوێن ناوو ناوبانگ و پارەو خۆدەرسختن و بەهێزکردنی ئیگۆدابوو ئەوە مامۆستای یۆگا نیە و تا لێی دووربیت کەمە.

# دیداری زیندانی

ئاوات قورەیشی

هاتی بۆ لام
ئەوەندەی لەپی دەست نان بێنە بۆم
بۆ تابلۆی ناو سلوولەکەم
جاڕی زێڕینی بەردەم باخی سەوزی تیا ببینم
ئەگەر هاتی تاکە پەڕێکم بۆ بێنەوە
بینێمە ژێر سەرم‌و خەونی فڕین ببینمەوە
دەنکێک ترێی ڕەشی قەتران
یادی شەراب بژێنمەوە
کەهاتی
ئەوەندەی مشتێ دەنگی چۆلەکە بکە گیرفانت
بیپرژێنمە ژوورەکەمدا
یەکەم جریوەی بەیانیان بیربێنمەوە

یەک دوو سرتە دەنگی خوڕە بچرپێنە بەگوێچکەمدا
بۆنی ماسیش هەڵیمژم
یادی مەلە لەڕووباری فێنکی هاوین دەستخەمەوە
چاوان پڕکە لەتاو ئینجا وەرە
با ببینم لەچاوانتا
هەتاوم قەت لەبیرناچێ، جارێکیتر ببینمەوە
ئەگەر هاتی دووسێ دەنک لمی گەرم لەیاد نەکەی
با بیخەمە سەر زمانم
تامی دەریا بچێژمەوە
بزەیەک لەلێواری لێوێک بێنە
با ماچی کەم، جارێکیتر گیان گرمەوە
چەن نۆتێکیش سروود بێ، لەبەر خۆوە بیلێمەوە
قەڵەم شەمعیش بیرت نەچێ
چون دەمهەوێ
کچێکی جوان لەگەڵ کۆتر لەسەر دیوار بکێشمەوە

# حەننا مینا



و: نەرمین عوسمان

لەساڵی ١٩٢٤ لەشاری لازقییە لەسوریا لەدایکبووە. هەر بەمنداڵی لەگەڵ خێزانەکەیدا کۆچی بۆ ناوچەی ئەسکەندەرونە کردووەو دوای ئەوە لەگەڵ خێزانەکەیدا چووە بۆ کارکردن لەلادێکانی سوریادا.
ژیانێکی قورسی بەسەربردووە لەبەرەنگاربوونەوەی هەژاریی‌و گەڕان بەدوای ناندا لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکیترو چەندین کاری جیاوازی کردووەو بووەتە خاوەنی چەند ئەزموونێکی تێرو تەسەل.
کاری بارهەڵگری کردووە لەناو بەنداوەکانداو تێکەڵاوی دەریاوانەکانی بەنداوی لازقییەی بووەو ژیانی دەریاو سەفەرکردنی تاقیکردووەتەوە.
لەسەرەتای چلەکاندا کاری دەلاکی کردووەو بەشداری خەباتی دژی فەرەنسییەکان کردووە، هەروەها بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردووەو چەندینجار دەستگیرکراوەو زیندانکراوە، هەر لەو ساڵانەوە دەستی بەنووسین‌و بڵاوکردنەوە کردووەو لەبەرهەمە سەرەتاییەکانی کەبڵاویکردووەتەوە "کچێکی منداڵ بۆ فرۆشتن" کە لەگۆڤاری "الگریق-ڕێگا" لەژمارەی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٥٤دا بڵاوکراوەتەوە.
لەساڵی ١٩٤٧دا لەشاری لازقییەوە چووەتە شاری دیمەشق‌و هەلی کارکردنی لەبواری ڕۆژنامەوانیدا بۆ ڕەخساوە.
یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی "دەستەی نووسەرانی سوریا" لەساڵی ١٩٥١دا، کەدەستەیەك بووە بۆ ئەدەبی پێشکەوتووخواز لەسوریا دامەزراوەو لەئەندامەکانی "سەعید حوارنیە، شەوقی بەغدادی، سەڵاح دهنی، فاتیح المدرس، مەواهب کەیالی، حەسیب کەیالی" و چەندین کەسیتر.
لەساڵی ١٩٥٩وە بارودۆخی ڕامیاری دوچاری دوورکەوتنەوەی کردووە لەسوریاو بۆ ماوەیەك لەلوبنان ژیاوە، پاشان گەشتی کردووە بۆ وڵاتانی چین‌و مەجەڕو دوای ئەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران‌و چەند وڵاتێکیتر بۆ ماوەی دە ساڵ.
پاش کەڕانەوەی بۆ سوریا، لەوەزارەتی ڕۆشنبیری وەکو شارەزا لەبەڕێوەبەرێتی نووسین‌و وەرگێڕان کاریکردووە.
لەپاڵ داهێنانە سەرەکییەکانیدا لەبواری ڕۆماندا، حەننا مینا لەبواری وتار، کورتەچیرۆك‌و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی‌و چەند بەشێك لەئەزموونی تایبەتی خۆی لەبواری ڕۆماندا نووسیویەتی‌و لەهەموو ئەم بوارانەدا ئاڵای ڕیالیزمی هونەریی پێشکەوتوو و کراوەی بەسەر هەموو ئاسۆکاندا بەرزکردووەتەوە.
زۆربەی کارەکانی وەرگێڕدراون بۆ زمانە بیانییەکان‌و زیاتر لەجارێك بەچاپگەیەندراون

سەرچاوە: گۆڤاری العربی

# ئـــــەدەبـــــی زیـــــنـــــدان
# خوێندنەوەیەك بۆ
# شیعری دیداری زیندانی

ن: سدیق حسەین

هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەزموونە تایبەتەکانی تاکەو تاك بەنووسینەوەی ئەزموونی تایبەتی خۆی، ئەدەب دەئافرێنێ. لەم ڕوانگەوە خەم‌و ئازارە تاکەکەسییەکان دێنە پانتای نووسین. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بەبۆچوونی جەیمز تیت شاعیری هاوچەرخی ئەمریکایی بکەین کەدەڵێت: "ئەدەب بەگشتی‌و شیعر بەتایبەتی نووسینەوەی ئەزموون‌و چرکە ساتە تایبەتەکانە، بەڵام کەدێتە نووسین‌و بڵاودەبێتەوە، لەو ئەزموونە تاکەکەسییە دەردەچێ" دەرچوون لەئەزموونی تاکەکەسی هەر ئەو شتەیە کەشاملۆ ناوی دەنێت "دەردی هاوبەش".
ئەم "ئەزموونە تاکەکەسییە" دەکرێ سنوور بڕ بێت‌و دەکرێ لەچوارچێوەیەکی تایبەتیشدا بمێنێتەوە.
لەلایەکی ترەوە ئازارە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان لەهەر وڵاتێکدا، بەرهەمهێنەری جۆرێکی تایبەت لەئەدەبن کەپێی دەوترێ "ئەدەبی دەربەست" لەم جۆرە ئەدەبەدا شاعیرو نووسەر لەگەڵ ئازارەکانی جەماوەردا دەژی‌و ئازارەکانی کۆمەڵگا دێنێتە نووسین. نمونەی ئەم جۆرە ئەدەبە لەهەموو نەتەوەکاندا هەیە، لەم چەشنە ئەدەبەدا شاعیر نایەت سۆفیانە بەدەور دارێکدا بخولێتەوەو لەبەر خۆیەوە شت بڵێت، بەڵکو بەرهەمەکانی ئەو وەرگیراون لەخەم‌و ئازارەکانی کۆمەڵگاوە، زۆر جارانیش دەبن بە بەرهەمگەلێکی هەرمان‌و هەمیشەیی لەناو نەتەوەکاندا.
زیندان ئەزموونێکی تاکەکەسییە، بەڵام ئەو کاتەی بەشێوەیەکی داهێنەرانە ئەم ئەزموونە تاکەکەسییە دێتە نووسین، لەو چوارچێوەیە دەردەچێ‌و دەبێ بەئەزموونێکی گشتیتر. ئەو کاتەی قانع دەڵێت:
"ئاخرینماڵی ژیانم کونجی بەندی خانەیە
ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە"
یان دەڵێت
"قوڕ بەسەرتان وا دەزانن من بەدیلی لاڵ دەبم
چاك بزانن کونجی زیندانم قوتابی خانەیە"
لێرەدا زیندان بۆ قانع ئەزموونێکی تاکەکەسییە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەبێت بەئەزموونێکی گشتی‌و لەچوارچێوەیەکی گشتیدا ڕەنگدەداتەوە. ئەم جۆرە لەئەدەب کەئەدەبێکی بەرگرییەو دەکرێ لەچوارچێوەی ئەدەبی بەرگریشدا خانەبەندییەکی جیاوازی بۆ بکەی‌و بە "ئەدەبی زیندان" ناوی لێ ببڕیت، گێڕانەوەی ئەزموونی کەسێکە لەزینداندا.
بۆ وێنە لەشیعری "ئەگەر هاتی" لەنووسینی بەڕێز "ئاوات قورەیشی"دا ئێمە خۆزگەو ئاواتەکانی تاکێك دەبینین لەزینداندا. ئەو کۆمەڵێك خواستی بچوکی هەیە لەو کەسەی دەچێ بۆ زیندان بۆ لای، کۆمەڵێك خواستی بچوك کەهەڵگری حەزێکی گەورەن. ئەو لەو خواستە چکۆلەدا کەحەزێکی گەورەیە، خۆزگە بەشتگەلێك دەخوازێ کەڕەنگە سەدانجار لەدەرەوەی ژوورەکانی زینداندا بەلایاندا ڕەت بوویێت‌و بەهای پێ نەدابێت، بەڵام کەلێیان دووردەبێت، دەڵێت
هاتی بۆ لام
ئەوەندەی لەپی دەست نان بێنە بۆم
بۆ تابلۆی ناو سلوولەکەم
جاڕی زێڕینی بەردەم باخی سەوزی تیا ببینم
یان ئەوەیە بەپەڕێکەوە خەونی فڕین دەبینێ ،
یان ئەوەیە بەدەنکە ترێیەك شەرابی بیردێتەوە.
شاعیر لەو ژوورە بچوکەی زینداندا زۆر شتی لەدەستداوە کەئێستا تەنها دەیەوێ بیرەوەری ئەو شتانە بێنێتەوە یادی خۆی. شەراب، یەکەم جریوەی بەیانییان، یادی مەلە لەڕووباری فێنکی هاوێن، هەتاو، تامی دەریا، بزەی لێو، نۆتی سروود، کچێکی جوان. هەموو ئەمانەو زۆر شتیتر لەو شتانەن کەشاعیر لەچوارچێوەی زینداندا خۆزگەیان پێ دەخوا. ئەمە بۆ یەك سات ئەزموونی تایبەت‌و تاکەکەسی ئەو دیلەیە کەهاتووەتە نووسین، بەڵام لەمانایەکی گشتیتردا دەکرێ ببێ بەئەزموونی کۆی هەموو ئێمە، بەوانەشمانەوە کەبۆ یەك سات زیندانمان نەدیوە. شاعیر لەو دیوی ژوورەکانی زیندانەوە ئەمانە دەنووسێت، بەڵام لەم دیوی زیندانیشەوە کەسێکیتر دەکرێ لەوە بگات کەئەو لەوێ چۆن دەژی.
ئەو باس لەچوارچێوەی ژوورەکەی دەکاو باسیشی ناکات. پێمان دەڵێت با ڕەنگی خۆرم بیرنەچێت، یانی لەوێ لەگەڵ خۆر نامۆ کراوەتەوە، خۆرێك کەسەرچاوەی ژیانە، پێمان دەڵێت با یەکەم جریوەی بەیانیانم لەبیربێت، یانی ئەو کاتیشی لەدەستچووە، لەو ژوورە تەنگەبەرە تاریکەدا کەخۆر لێی ناداو ڕەنگە تەنها بەگڵۆپەکان ڕووناك بکرێتەوە، ئەو نازانێ کەی شەوەو کەی ڕۆژە.
ئەو لە یەك شت دەترسێ، لەوە دەترسێ خەونی فڕینی لەبیربچێتەوە، فڕین لەئەفسانەکاندا خەونی گەورەی مرۆڤەکان بووە، لەهەمانکاتیشدا دەکرێ بەجۆرێ یاخیبوونی بزانین، یاخیبوون بەژیانی هەبوو، مرۆڤ بەمانەوە لەسەر زەوی ڕازی نییە، بۆیە حەز بەفڕین دەکات، ئەمە جۆرێ وەستانەوە لەمانای شاراوەی فڕیندا نهێنییە.
شاعیر دەترسێ ئەوەشی لەدەستبچێ، بۆیە بەپەڕێك دەیەوێ ئەم هەستی سەربزێوییە لەخۆیدا زیندووبێڵێتەوە.
ئەوەی لێرەدا گرنگە هەر خواستێکی بچوك هێمایە بۆ حەزێکی گەورە. حەزێك کەئەوی لەسەر کەوتووەتە زیندان‌و چوارچێوەی زیندانیش مێشکی نابەستنەوە.






# شاڕێی ونبوو (lost high way) و دەروونناسی لەسینەمادا




ئا: هیوا ساڵح




دەیڤید لینچ دەرهێنەرێکی بێ ڕەحمە. ئەو هەموو دەم هەوڵی ئەوەیە بەردەنگەکانی لەدەریایەك لەلێڵیو پرسیاردا نوقمبکات، پێیخۆشە بینەری فیلمەکانی هەرجۆرێك پێیانخۆشە فیلمەکانی لێکبداتەوەو ئەمە شێوەکاری تایبەتی ئەوە. شاڕێی ونبوو فیلمێکی تەواو سووڕئالە، دەیڤید لینچیش بەتەواو مانا سوورئالەو لەم رووەوە ژمارەیەکی زۆر لەدەرهێنەرەکانی پاش ئەو کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بەرهەمەکانی. لینچ لەوە ناترسێت کە بەشێوەی مەتەڵ کاربکاتو هەموو دەم پرسیاری بێ وەڵام بێڵێتەوە، تەنها وەڵامێك کەدەبێ لەزەینی بزۆزی بینەری فیلمەکانیدا بیچم بگرێت، ئەوەیە کەبینەرەکە دەبێت بەپێی توانایییەکانی، بتوانێت فیلمەکانی ئەو تەفسیربکاتو لێکیانبداتەوە. سەرەتا فیلمەکە پێویستی بەلێکدانەوەیەکی ئاشکراو روون هەیە، ئەگەر پێوەندی نێوان مرۆڤەکان دەربکەون، خۆی لەخۆیدا وەڵامی پرسیارەکان دەردەکەوێ. لینچ زۆربەی کات قووڵایی فەلسەفی فیلمەکانی بەشێوەی تارمایییو مەتەڵ دەردەبڕێو ئەم دەربڕینە تا دێت زیاتردەکات، بەتایبەت ئەم شتە لەشاڕێی ونبوودا بەروونی دەبیندرێ، کەخوازەیە بۆ ڕێگایەك کەدەبێت لەنێوان هێنانەگۆڕی پرسیارو وەڵامی پرسیاردا پێیدا گوزەربکرێت، ئەم شتەش پڕاوپڕە لەپرسیاری بەرواڵەت فەلسەفیو لەراستییدا دەروونشیکاری.

ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی چاو لەم فیلمە بکەینو دەستبدەینە راڤەو لێکدانەوەی، دەبێ سەرەتا کەڵکەڵەکانی دەرهێنەر دیاریبکەین. لینچ بیری لەچی کردووەتەوە کەبووە بەهۆی بەرهەمهاتنی وەها فیلمێك؟ ئەو شتەش هیچ نییە جگە لەخاڵێکی لاواز لەکەسایەتییدا، کەخاوەنەکەی دەیزانێتو هەوڵی ئەوەیە نەیهێڵێت. هەر تاکێك ئەو کاتەی دەکەوێتە وەها دۆخێکی دەروونییەوە، سەرەتا دەرەوەو نزیکترین هۆکاری دەرەوەی خۆی دەداتە بەر رەخنەو بەتاوانباریان دەزانێتو رەخنەگرتن لەخود دوایین هەنگاو و دوایین ڕێکارە کەئەو تاکە دەیگرێتەبەر. لەباری دەروونناسییەوە ئەمە شتێکی سروشتی نییە هەر چەن زۆر باوە. وەك چۆن ئاماژەی پێدرا، لاوازی کەسایەتیو ئاگابوون لەو لاوازییەو شەڕ لەگەڵ خوددا، ئەو شتەیە کەچیرۆکی فیلمەکەی لەسەر داڕێژراوە. لەبەشی سەرەتاییو سکانسە سەرەتاییەکانی فیلمدا، پێوەندی ساردو سڕی فرێدو ڕێنەو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم کەسانە لەماڵێکی گەورەی ساردو سڕو بێ ڕۆحدا دەبینین.

ئەم دووکەسە بەرامبەر بەیەکتر کەمتەرخەمنو لەگرێ کوێرەکردنەوەدا پێکەوە خەوتنی ئەو دووکەسە بەیەکەوە دەبینینو دەردەکەوێ پیاوەکە ناتوانێ وەڵامی نیازی سێکسی ژنەکەی بداتەوە. ئەمە سەرەتای هەڵپەسانی کلاسیکی چیرۆکە. فرێد ژنەکەی خۆشدەوێ، بەڵام لایوایە ژنەکەی خیانەتی لێدەکات، ئەو ئامێری ساکسیفۆن دەژەنێت، هونەرمەندێك.

ئەو کەسەی کە بەتێڕوانینی لینچ ڕێگای زۆری لەبەردەمدایە، بەوەی بتوانێت کێشە دەروونییەکانی خۆی دەرببڕێت کەشەهوەتو سێکس دادەپۆشێتو دەیخاتە ژێر چەتری خۆیەوە. فرێد لەباری سێکسییەوە ناتوانایەو پێیخۆشە هۆکاری ئەم ناتواناییەی دەرەکی بێت، هەرچەن دەشزانێت وەها نییەو دەترسێت خۆی بەهۆکاری بزانێتو رەخنە لەخۆی بگرێت حەزی هونەری دەیتوانی هۆکاری دەرەکی ئەم شتە بێت، بەڵام فرێد ئەمەی ونکردووە. فرێد هەر بەو هۆکارەی باسیکرا، ژنەکەی دەکوژێتو لەتلەتی دەکاتو لێرەوە دەچنە دونیای خەیاڵو وەهمی فرێدەوە. ئەو دونیایەی فرێد پێیخۆشە بەلای ژنەکانەوە سەرنجراکێش بێتو هیچ هۆکارێکی دەروونناسانەی نەبێت بۆ سەرکوتی غەریزە سێکسییەکانی. فرێد پێیخۆشە «پیت» بێتو حەزدەکات ئەو ژنانەی لەباری سێکسییەوە سەرنجڕاکێشن، بکەونە داویەوەو ئەگەر هی کەسێکی وەك «ئێدی» یان «دیك لۆرانت» بن. فرێد خۆی بە «پیت» دەبینێتو پێیخۆشە کەسێکی وەك ئالیس میوانی میوانییە سێکسییەکانی ئەو بێت. نیوەی زیاتری فیلم تەرخانکراوە بەوەها خەونێکی فرێد. زیندانو دادگاو لەکوێرەڕێی تاریكو کۆخێکدا کەدەسووتێت، هەمووی خەیاڵو وەهمی فرێدە. لەدونیای خەیاڵدا، پیاوێکی دەوڵەمەند بەر بەوە دەگرێت کەفرێدو ئالیس بەیەکبگەن نەك لاوازی سێکسیو زۆر لەم وەهمو خەیاڵە رازییە. دیك لۆرانت رووی دەرەکی لاوازی سێکسی فرێدە. خاڵی گرنگو وەرچەرخانی ئەم فیلمە ئەو شوێنەیە کەئالیس بەسرتە بەپیت (یان هەمان فرێد) دەڵێت هیچکات نابێت بەژنی ئەو. ئەمە لەراستیدا دەست پێرانەگەیشتنی فرێدە بەخواستی واقعی یان خەیاڵی کەژنە. دوای ئەم رووداوە هەمدیسان دێینەوە ناو دونیای راستەقینەو واقع. ئەو شوێنەی فرێد دیك لۆرانتی کوشتووەو لەبەر خۆیەوە دەیڵێتەوە، مەبەست ئەو شوێنەیە کەفرید لەئایفۆندا هەواڵی مەرگی دیك لۆرانت رادەگەیەنێتو ئەمە سەرەتای فیلمەکەیە. ئەمە کۆتایی ڕێگای «شاڕێی ونبوو»و فرێد لەپرسیاری سەرەتاییەوە بەوەڵامی کۆتایی دەگات. بێگومان شاڕێی ونبوو و دکتۆر مالهاڵیند لەبەرهەمە دیارەکانی سینەمای سووڕئالی دوو دەیەی ئاخرن. شاڕێی ونبوو لەلایەکەوە دەپەرژێتە سەر پرسە گرنگە ئینسانییەکان. ئەو پرسانەی بەلای هەموو مرۆڤەکانەوە گرنگن، بەڵام مرۆڤ دەترسێت رووبەڕوویانبێتەوە. شاڕێی ونبوو جۆرێ دەروونناسییە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەوە کەئەم فیلمە بەفیلمێکی فەلسەفی دەبینن.

---

# چـــۆن دەنـــــووســـم؟

ریمۆند کارڤر

و: سووسەن ئەبووبەکر


هەر کات بڕیار بێت شتێك بنووسم، هەموو رۆژێك دەنووسم. ئەگەر وەها شتێك رووبدات کەزۆر ئاساییە، بۆ وێنە رۆژێك بەتەواوی سەرقاڵی دەقی چیرۆکەکەم دەبم. هەندێ جاریش بەتەواوی نازانم چەن شەممەیە. "جۆن ئێشیری" شاعیر رۆژەکانم وەك پەردەیەکی گەڕۆك دێنو دەڕۆن. ئەو کاتانەش خەریکی نووسین نەبم، سەرقاڵی وانەوتنەوە بم، وەك ئەوە وایە بەدرێژایی تەمەنم رستەیەکم نەنووسیبێتو خووم بەنووسین نەگرتبێت. لەوەها دۆخێکدا تووشی کۆمەڵێك خووی خراپ دەبم، تا درەنگانە بەئاگا دەبمو ناخەومو زۆر دەخەوم، بەڵام گرنگ نییە، فێربووم خۆڕاگرو بەتاقەت بمو چاوەڕوانی هەلی گونجاو دەبم. زۆر لەمێژە لەگەڵ سەبرکردنو تاقەتهێناندا ئاشنام. ئەگەر باوەڕم بەمانگەکانی ئەستێرەناسی هەبا، لام وابوو لەدایکبووی مانگی "کیسەڵ"م.

ئەوە نییە بەپێی پلانێکی دیاریکراو بنووسم، کوتوپڕ دەستدەکەم بەنووسینو کوتوپڕ وازدێنم لەنووسین. بەڵام ئەو کاتانەی سەرقاڵی نووسین بم، ماوەیەکی زۆر لەشوێنی کارەکەم دادەنیشم، دە، دوازدە، پازدە سەعات بێ وچان، هەموو رۆژێك. ئەگەر وابێت زۆر خۆشحاڵم. هەڵبەت زۆرتری ئەم ماوە سەرقاڵی پێداچوونەوەی دەقەکان دەبم. هیچ شتێك بەلای منەوە لەوە خۆشتر نییە، ئەو کارەی کەنووسیومە ماوەیەکی زۆر لەماڵەوە رایبگرمو جارێکیتر پێیدابچمەوە. دوای ئەوەی لەنووسینی چیرۆکێك بوومەوە، زوو نایینێرم بۆ گۆڤارەکان. هەندێجار بۆ چەند مانگ چیرۆکەکە لای خۆم رادەگرمو هەندێ شتی دەگۆڕم، شتێکی پێ زیاد دەکەم، شتێکی لێ لا دەبەم.

نووسینی رەشنووسی یەکەمی چیرۆك زۆر ناخایەنێت، بەزۆری لەدانیشتنێکدا ئەم کارە تەواو دەبێت، بەڵام ڕێکوپێککردنو پێداچوونەوەی زۆردەبات. هەندێجار روویداوە بیست یان سی رەشنووسی چیرۆکێکم نووسیوە. هیچکاتیش کەمتر لە١٠ رەشنووسم نەنووسیوە. زۆر بەکەڵکە مرۆڤ بتوانێت رەشنوسی یەکەمی چیرۆکەکانی نووسەرە گەورەکان ببینێت. ئێستا خەریکم بیر لەدوایین پێداچوونەوەی چیرۆکەکانی "تۆلستۆی" لەچاپخانە دەکەمەوە. ناوی تۆلستۆی دێنم لەبەر ئەوەی عاشقی پێداچوونەوەو نووسینەوەی چیرۆکەکانی بوو. جا تۆلستۆی عاشقی ئەم کارە بووبێت یان نە، زۆر بەچیرۆکەکانیدا دەچووەوە یان نە، شتێکی جیایە، گرنگ ئەوەیە ئەو هەموو کات سەرقاڵی پێداچوونەوە بەچیرۆکەکانیدا بوو. هەشت جار رۆمانی "شەڕو ئاشتی" نووسیوەتەوەو ئەو کاتەش ناردی بۆ چاپخانە هەر بە شوێن پێداچوونەوە بوو! ئەم شتانە دڵخۆشکەرە بۆ نووسەرانێکی وەك من کەرەشنووسی یەکەمی چیرۆکەکانیان زۆر خراپە.

بەزۆری بەدەست دەنووسم. بەخێرایی لاپەڕەکانی کاغەز رەش دەکەمەوە. زۆرجاریش بەخێرایی شتێك لەسووچی لاپەڕەکان بۆ خۆم دەنووسم بۆ ئەوەی لەبیرمبێت لەپێداچوونەوەدا چی بکەم. ناچارم هەندێ لەدیمەنەکان ناتەواو و هەندێکیشان بەنەنووسراو بێڵمەوە. هەڵبەت هەموو بەشەکانی چیرۆك پێویستی بەتێڕامانو وردبوونەوە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم لێوردبوونەوە لەرەشنووسە یەکەمەکاندا پێویستی بەکاتی زۆرە، بەزۆری ئەم کارە لەرەشنووسەکانی تردا ئەنجامدەدەم. لەراستیدا رەشنووسی یەکەمی چیرۆك، وەك ئەوە وایە چوارچێوەی چیرۆکەکە دیاریبکەم. ئەو کاتەی نووسین بەدەست کۆتاییهات تایپیدەکەم لەشوێنەکەم هەڵدەستمو دەڕۆم.

چیرۆکی تایپکراو بەلامەوە رواڵەتێکی جیاوازو هەڵبەت باشتری هەیە. کاتی تایپکردنیش کۆمەڵێك گۆڕان سازدەکەم. سەرەنجام چیرۆکەکە دوای سێ چوار جار پێداچوونەوە خۆی دەدات بەدەستەوە.


ریمۆند کارڤر

دەستوور
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرۆکی ئەنجومەن: ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆڕش خالید
بەڕێوەبەری هونەریی: لوقمان عومەر



# ڕەمەزان.. بەرنامەو درامای نوێ بەڕێوەیە

دەشتی ئەنوەر لەسلێمانی

لەگەڵ دەستپێکردنی مانگی ڕەمەزاندا کەناڵە کوردییەکان سەقاڵی بەرنامەی تازەو پەخشکردنی درامای نوێن تاوەکو سەرنجی زۆرترین بینەران بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

هەندێك لەکەناڵە کوردییەکان لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست بۆ دراماکانیان بەناچاری پەنا بۆ درامای دۆبلاژکراو دەبەن تاوەکو دڵی بینەر لەو مانگەدا رازی بکەن لەکەناڵەکەیان.

ڕەنج سەنگاوی جێگری بەڕێوەبەری کەناڵی کوردسات بە دەستووری ڕاگەیاند" ئێمە لە کەناڵی کوردسات سەرقاڵی ئامادەکردنی چەند بەرنامەیەکی تەرفیهین کە بۆ مانگی ڕەزامەن ئامادەمان کردووە".

جێگری بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی کوردسات ئەوەشی وت"سەرەڕای ئەو بەرنامانەش درامایەکی دۆبلاژکراومان بەناوی جەنگیزخان بەدەستەوەیە لەگەڵ درامایەکی کوردیدا کەبەرهەم هێنراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ مانگی پیرۆزی ڕەزامەزان پەخشبکرێت یان نا".

ڕەنج سەنگاوی ئەوەشی ئاشکرا کرد کەجگە لەو بەرنامانە بەرنامەی ترشیان لەئامادەکردندایەو لەمانگی ڕەزامەندا بۆ بینەران لێدەدرێت".

بەکر ڕەشید دەرهێنەر ئاشکرای کرد کەبینەری دراماکان لەمانگی ڕەمەزاندا زۆرترن تاوەکو مانگەکانی تر، چونکە خەڵکی حەز دەکات لەو مانگەدا شتی جوان و باش ببینێت.

ئەو دەرهێنەرە لەوبارەیەوە بۆ دەستوور وتی"هەموو خەڵکی بەمانگی ڕەمەزانەوە ڕاهاتووە تەماشای دراما بکات ئەویش بەهۆی نەبوونی کەناڵێك کەبەردەوام دراما پێشکەش بکات، لەغیابی ئەمەدا هەمیشە دەبینین تەنها ئەو مانگە دەکرێتە ئامانج بۆ بینەرو درامای بۆ پەخش دەکرێت".

هەروەها وتی"هەموو شتێك هۆکاری هەیە ڕەنگە ئە هۆکارەش ئەوە بێت کە کەناڵەکان بودجەی ئەوەندە باشیان نەبێت کە درامای کوردی بەردەوام بەرهەمبهێنن".

فاروق عەلی بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی پەیام بۆ دەستوور وتی"لەبەرئەوەی زیاتر کەناڵەکە ئێمە باکگراوندێکی ئیسلامی پێوەیە، بۆیە لەو سنوورە دەرناچین کەوا هەمانە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە ئیسلامەو زیاتر لەو مانگەدا هەموو ڕۆژەکانی بەڕۆژوون".

هەروەها وتی"چەند بەرنامەیەکمان ئامادە کردووە بۆ ئەو مانگە کە جیاواز لەوانەی پێشوو، بەڵام بەهەمان سیاسەتو هەمان بەرنامە هەنگاو دەنێت".

ئەو بەڕێوەبەرە ئەوەشی ئاشکرا کرد"دراماشمان هەیە پەخشی دەکەین کەدۆبلاژکراوەو لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا نمایشدەکرێت، ئەم درامایە لەفارسییەوە وەرگیراوەو درامایەکی کۆمەڵایەتییە".

فاروق عەلی وتی"جگە لەئەمانە بەرنامەی قورئان خوێندنو بەرنامەی مەلای ئێواران کە وتار دەخوێنن و چەند بەرنامەیەکی تریشمان هەیە کەپێشکەشی بینەران دەکرێت".

هەروەها دەڵێت"ئێمە هەوڵمانداوە کەدرامای کوردی پەخشبکەین، بەڵام ئەویش بودجەی پێویستەو ئێمەش ئەو توانایەمان نیە".




## دەلاقە

بەیان عەزیزی

# زەوی بڕێکجار گەنم دەدات، بڕێکجار مەرگ

دەبێ ئاگایان لەقاچەکانیان بێت، لەدەست، لەئەندامەکان، لەژیانیان. مین لەژێر خاکدایە. مین، ئەلغام یان گرنگ نییە ناوی چی بێت، هەریەك کاردەکات. بکەوێتە سەر هەر مرۆڤێك دەتەقێتەوە دوایی دەست، قاچ لەتێك لەجەستە، چاو یان هەر ئەندامێکیتر دەپەڕێتە ئاسمان. ڕەگ خوێنو گۆشتو پێست دەبنەهەزاران پارچەو قەت یەك ناگرنەوە. بۆنی خاوی خوێن تا چەندین مەتر ئەولاتریش داگیردەکاتو پاش ماوەیەکی زۆر لەئاوێنەی بەرامبەردا قوربانییەکان ئەو ئەندامانە ناناسنەوە کە بەشێوەیەکی ترسێنەر قرتاوە، یان ئیتر لەئەندام ناچێت.

مین دەستکردێکە لەلاستیك، یان لەمەتاڵ کە لەخۆگری مادەی تەقینەوەیەو تا ئەوکاتەی بکەرنەبووە، بەردەوام جێی ترسو خۆفە. مینەکان شێوەی جۆراوجۆریان هەیە، کە بەتێپەڕبوونی کات شێوازو ڕەنگیان دەگۆڕدرێ، ژەنگ دێنن یان دەشکێنو لەتدەبن. مین بەگشتی دوو جۆرە: ژێر زەوی‌و لەسەرزەوی کەئەم دانەیان بۆ کوشتنو ئاسیوێکی زیاتر بەکاردەبرێت، بەڵام ئەوەی مەترسی زیاتر پێکدەهێنێت، جێگۆڕکێی مینەکانە، واتە بەهۆی ئاو و هەواو تێپەڕبوونی کات، لەجێی خۆیان هەڵدەکەندرێنو لەکوێستانەکانو جێگای دانانیانەوە بەرەو لایەنو شوێنەکانیتر دەبزوێنو ئیتر دیارنییە لەکوێ دەگیرسێنەوە. ناوچە کوردنشینەکان لەبەر بارودۆخی جوگرافیاییەوە، لەگەڵ ئەم کێشە ترسێنەرەدا ڕووبەڕوون، کەبڕێکجار مینەکان تا ناو شارو گوندیش جوڵە دەکەن. لەکاتی شەڕدا مین بۆ پارێزگاری‌و دەستکردنەوە دژ بەدوژمن دادەندرێ، بەڵام دیارە ئەگەر دوژمن بەسەریا نەڕواتو نەتەقێتەوە، پاشان خەڵکی مەدەنی‌و مرۆڤی بێ تاوانو بەدەر لەشەڕ تووشی مەترسییەکانی دەبن. دوای کۆتایی شەڕی ٨ ساڵەی ئێرانو عێراق، ڕاگەیاندرا کەژمارەی مینی دانراو لەئێراندا ١٢ تا ١٦ ملیۆن دانەیە، بەڵام دۆکۆمێنتە عێراقییەکان ئاشکرایانکرد، پترلەملیۆنێك مین لەئێرانو تەنانەت لەسنوورو ناوچە کوردنشینەکان دانراوە، کەزۆربەیان دروستکراوی ئیتاڵیا، فەرەنسا، ڕوسیاو چینن. لەئێران مین ٤ ملیۆن هێکتارو ٥ پارێزگای کوردستان، کرماشان، ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژئاواو خوزستانی گرتووەتەوە. بەگشتی ڕۆژانە ٥ کەس لەسنووری دوو وڵاتەکە بەمین یان دەمرن یان زۆرێك لەئەندامەکانیان لەناودەچێ. ئێران پاش میسر دووەمین وڵاتی ئالوودە بەمین لەجیهاندایەو لەدوای ئێران، عێراقو ئەفغانستان دەگرێتەوە (ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان ٢٠٠٩).

**بارودۆخی سەر سنوورەکان**

بارودۆخی سەر سنوورەکان هەمووکات بارودۆخێکی ناسكو تایبەت بووە. کاتێ باس لەمین دەکرێ، ئیتر تەنیا قسە لەسەر ئەوەنییە مرۆڤێك دەکوژرێت، بەڵکو ئاسیوە تایبەتییەکانی مین زۆر لایەنیتر دەتەنێتەوە، بۆ وێنە هەست بەنەبوونی ئاسایشی گیانی، هەزینە زۆرو بەردەوامەکانی ئەندامی دەستکرد، شێواویی بارودۆخی ڕۆحی بنەماڵەکان، هێشتنەوەی ژنان لەماڵەوە بەهۆی پارێزگاری لەقوربانی مین، نەگەڕانەوەی قوربانییەکان بۆ نێو کۆمەڵگا، درێژبوونو بڕێکجار بێ وەڵام هێشتنەوەی ڕەوتی وەرگرتنی قوربانی مین لەلایەن ناوەندە پێوەندیدارە دەوڵەتییەکانەوەو هەروەها دەیان ئاسیوی دیکەی کۆمەڵایەتی. ژنان زۆرجار ئەو کەسە بێدەنگ‌و میهرەبانانەن کەبڕێکجار تا کۆتایی تەمەنیان خزمەتی قوربانیی مین دەکەنو برینەکانیان دەرمان دەکەن.

شوێنەکانی سەر سنوور ئەو شوێنانەن کە لەبەرکەمبوون یان نەبوونی شوێنی پیشەیی‌و کارخانە، هێشتا ژیانی زۆربەی خەڵك یان لەڕێی کشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە بەڕێوەدەچێت یان لەڕێگەی نایاسایی قاچاخی کەلوپەل کەهەرسێ شێوەکە پڕ لەمەترسیە. خاڵی دڵتەزێنی ڕووداوەکان ئەمەیە کەئەو کەسانەش کە لەڕێی قاچاخەوە نانی ڕۆژانەیان بەدەستدەهێنن، کۆڵبەرن نەك خاوەنی کەلوپەلەکە (کەئەگەر واش بێت، هیچ جیاوازییەك لەبەینی گیانی مرۆڤەکاندا نییە)، بەڵام ئەوان کۆڵبەرانێکن کەبۆ پارەیەکی کەم ئەوەندە کەم کەمرۆڤ باوەڕ ناکات، بەسەر ئەو زەوییانەدا هەنگاو هەڵدێنن کەمینی ئامادەی تەقینەوە لەژێر چەند بست خاکدا هەناسەدەکێشن.

**ئەندامەکان پارەی زۆریان دەوێت**

پارەی دەرمانی هەرقاچێکو دانانی قاچی دەستکرد ٨٠٠ تا ٤ هەزار دۆلارە، کەپاش چەند مانگ یان ساڵێك دەبێ بگۆڕدرێت، پارەی دانانی هەر دەستێك ٥٠٠ تا ٣ هەزار دۆلارەو چاو، گوێچکە، لەتێك لەجەستەو پەنجەو نینۆكو ڕووخسارو پێستو ڕەگەکان نرخیان نییە. لەو وڵاتانەی کەقوربانی مینیان هەیە، ڕێکخراوەیەکی تایبەت پارەی ئەو ئەندامانەیانو دەرمانکردنی برینەکان دەداتەوە بەخودی کەسەکان یان بنەماڵەکانیان، بەڵام زۆرجار ئەو پرۆسە تاقەت پروکێنە. بەپێی ئامارەکان هەر ئێستا چەند ملیۆن مین لەسەر سنوورە بەربڵاوەکانی ئێرانو عێراق ئامادەو لەژێر خاکدایە. هیچ نەخشەیەکیش بەدەستەوە نییە کەشوێنی دانانی ئەو مادە مەرگهێنەرانەنیشان بدات، کارەسات ئەوەیە کەمین جێگۆڕکێ دەکەنو لەشوێنی خۆیان دێنەدەرو جوڵەدەکەن. دەتوانن بیهێننە بەرچاو کەئەو ژمارە مینە دەتوانێ جەستەی چەند مرۆڤ بکات بەچەند ملیۆن پارچەو لەتو پڕپڕی بکات؟